رووداو
RUDAW
ژمارە (473) دووشەممە 2017/9/18 - 27ی گەلاوێژ 2717 (750) دینار

# لە نەینەوا 300 هەزار کەس دەتوانن دەنگ بدەن

**رووداو- هەولێر**

هەفتەیەکە فەرمانگەی هەڵبژاردن و راپرسیی هەرێمی کوردستان لە سنووری پارێزگای نەینەوا کراوەتەوە و ئۆفیسەکەشی لە سەنتەری قەزای شێخانە. بەرپرسی فەرمانگەکە دەڵێت زیاتر لە 300 هەزار کەس لەو ناوچانە مافی دەنگدانیان لە گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولدا هەیە.

ژمارەیەکی زۆر عەرەب لە ناوچەکانی زوممار، رەبیعە، عیازیە و شنگال لە سنووری رۆژئاوای دیجلە نیشتەجێن و دەڵێن بەشداری لە گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولدا دەکەین.

شێخ مزاحیم ئەلحوتی، گوتەبێژی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچەکانی رۆژئاوای دیجلە بە (رووداو)ی گوت: "نزیکەی 400 گوند و کۆمەڵگای رۆژئاوای دیجلە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتیی هێزی پێشمەرگەدان". ئەو پێشبینی رێژەی بەشداریی عەرەبی ناوچەکە لە گشتپرسیدا دەکات و دەڵێت: "بەپێی پێشبینییەکانی ئێمە 90%ی عەرەبی ئەم ناوچانە بەشداری گشپرسی دەکەن، زۆربەشیان بە بەڵێ دەنگ دەدەن، چونکە هەموویان باش دەزانن چارەنووسی ئێمە لەگەڵ کوردستان روونترە، ئەگەر نەکەوینە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا چارەنووسمان لەدەستی عێراق و شیعەکاندا بەرەو نادیار دەچێ".

«2



عەلی باپیر بۆ (رووداو):
زۆر لەوە زیاتریان پێدەداین کە خەڵکی دیکەی پێ رازی کراوە 3

کاپتن عەبادی..
بەڵێن شیرینی کردار تاڵ 5

سەلاحەدین دەمیرتاش:
بەرەو ریفراندۆمی باشوور 6



# یەکێتی دەستلەکارکێشانەوەی بەرهەم ساڵح پەسەند دەکات

4



ژنان 12
دوو خوشک 18 دۆنم زەوی دەکەنە باخ



راپۆرتە هەواڵ 2
ئۆپەراسیۆنی حەویجە دەکەوێتە دوای گشتپرسی

راپۆرت 4
گشتپرسی بکرێت گۆران دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن

Reklam
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات و الاستفتاء
The Independent High Elections and Referendum Commission
٢٠١٧/٩/٢٥
دەنگت چارەنووستە
صوتك مصيرك
ܩܠܘܟ ܫܝܡܘܟ ܒܠܗ.
www.khec.krd



## کچە پێشمەرگەیەک لە یوئێن گوتارێک پێشکەش دەکات

**روودلو- دهۆک**

ملازم کۆچەر، کە هەشت ساڵە پێشمەرگەیە، لە شەڕی دژی داعشدا رۆڵێکی بەرچاوی بینیوە، لەلایەن یونسکۆ و رێکخراوی جیهانی هیواوە داوای لێکراوە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک گوتارێک پێشکەش بکات. ملازم کۆچەر وەکو پاڵەوانێک و یەکێک لە شەش کەسایەتیی جیهانی، کە کاری بۆ نەهێشتنی توندوتیژی کردووە، بانگهێشت کراوە بۆ ئەوەی لەم مانگەدا لە کۆبوونەوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتارێک پێشکەش بکات.

ملازم کۆچەر دەڵێ "رۆژنامەڤانانی ئەمریکی ئێمەیان لەگەڵ برا پێشمەرگەکان لەنێو سەنگەر و لەنێو ئاوارەکاندا بینیوە. من هیوادەخوازم بچم کەمێک خزمەتی پێشمەرگە بکەم. دەمەوێت خەڵک بزانن پێشمەرگە چەند بەهێزە و ئەفسانەی پێشمەرگە چەند گەورەیە".



راپۆرتە هەواڵ
روودلو
ژمارە ( 473 ) - دووشەممە 2017/9/18

# نەینەوا..

# 300 هەزار کەس لە گشتپرسیدا دەنگ دەدەن

**ناسر عەلی**
**روودلو- هەولێر**

هەفتەیەکە فەرمانگەی هەڵبژاردن و راپرسیی هەرێمی کوردستان لە سنووری پارێزگای نەینەوا کراوەتەوە و ئۆفیسەکەشی لە سەنتەری قەزای شێخانە. بەرپرسی فەرمانگەکەش دەڵێت زیاتر لە 300 هەزار کەس لەو ناوچانە مافی دەنگدانیان لە گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولدا هەیە. 1400 کارمەندیش ئامادەکراون بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەکە.

سەعید جردۆ، بەرپرسی فەرمانگای هەڵبژاردن و راپرسی لە پارێزگای نەینەوا بە (روودلو)ی راگەیاند پاش ئەوەی سەرجەم ناوچەکانی پارێزگای نەینەوا ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدان، بەفەرمی داوای ئەنجامدانی گشتپرسیان کردووە داواکارییەکەیان گەیاندە کۆمیسۆن، ئەوانیش هەفتەی رابردوو فەرمانگەی کۆمیسۆنیان لە سنووری پارێزگای نەینەوا کردەوە، ئێستا ئۆفیسەکەمان لە سەنتەری قەزای شێخانە، زۆربەی ئامادەکارییەکانمان بۆ گشتپرسی لەو سنوورە تەواو کردووە".

سەعید جردۆ ئاماژەی بەوەدا 140 بنکەی دەنگدان لە سنووری پارێزگای نەینەوا دەکەنەوە. هەر هاووڵاتییەک کە دانیشتووی ئەو سنوورە بێ، لە رۆژی دەنگدان بە ناسنامەی باری شارستانی، یان فۆرمی خۆراک دەتوانێ دەنگ بدات. بەڵام رەتیکردەوە عەرەبی تەعریبی ئەو ناوچانە دەنگ بدەن "هیچ عەرەبێکی تەعریب کە کاتی خۆی بەعس هێناویەتی بۆ ئەو ناوچەیە مافی دەنگدانی نییە".

بە گوتەی سەعید زۆربەی ئامادەکارییەکانی کۆمیسۆن لەو ناوچەیە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی تەواو بوون و دەڵێت "ناوی 1400 کەسمان بۆ کۆمیسۆن ناردووە بۆ ئەوەی لە رۆژی دەنگداندا سەرپەرشتی پرۆسەکە بکەن و بڕیارە سبەی سێشەممە کۆمیسۆن وەڵامان بداتەوە".

لەساڵی 2014 داعش هێرشی کردە سەر زۆربەی سنووری پارێزگای نەینەوا، رووبەرێکی زۆری پارێزگاکای بە سەنتەری پارێزگاوە داگیرکرد، بەڵام پێشمەرگە توانی زۆربەی ئەو شوێنانە رزگار بکات کە بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر دادەنرێت و دەکەونە سنووری پارێزگای نەینەوا، هەر یەک لە ناحیەکانی باشیک، زیلکان، ئەلقوش، وانە، زوممار، عیازیە، رەبیعە و سنووری دەشتی دەینەوا و شنگال لەلایەن پێشمەرگە ئازادکراون و بڕیارە گشتپرسیان تێدا بکرێ".

سەبارەت بە ئاوارەکان سەعید جردۆ گوتی "ئەوانەی ئاوارەن ئەوە ئۆفیسی دهۆک سەرپەرشتیان دەکات، بەڵام 300 هەزار ئاوارە کە گەڕاونەتەوە ناوچەکانیان ئەوە ئێمە سەرپەرشتیان دەکەین".

### 8 بنکەی دەنگدان لە شنگال دەکرێنەوە

لە قەزای شنگال و ناوچەکانی رۆژئاوای دیجلە ئامادەکارییەکان بەردەوامن بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی.

مەحما خەلیل، قایمقامی قەزای شنگال بە (روودلو)ی گوت " چەند رۆژێک ئێمە کار لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی لە ناوچەکانی شنگال دەکەین، کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیی لە هەرێمی کوردستان، بڕیاری کردنەوەی هەشت بنگەی دەنگدان لە سنووری قەزای شنگال دایە، حەوت لەوان لە سنووری سنونێ دەبێ، یەکێکیشیان لە سەنتەری قەزای شنگال دەبێ".

کۆمەڵگەی خانەسۆر و بەشێک لە ناوچەکانی شنگال کە دەکاتە نزیکەی 16% خاکی شنگال، لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سەر بە پەکەکە دان، سەبارەت بە دەنگدانی خەڵکی ئەو ناوچانە قایمقامی قەزای شنگال دەڵێت "بنکەی دەنگدان لە شوێنانە ناکەینەوە کە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سەر بە پەکەکەدان، بەڵام پلانمان دانایە بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە، ئەوان دەتوانن لە سنونێ و سەردەشتی چیای شنگال دەنگ بدەن".

عەرەبەکان ئامادەن بۆ گشتپرسی

ئێستا ژمارەیەکی زۆر عەرەب لە ناوچەکانی زوممار، رەبیعە، عیازیە و شنگال لە سنووری رۆژئاوای دیجلە نیشتەجێن و دەڵێن بەشداری لە گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی باشووری کوردستان دەکەین.

شێخ مزاحیم ئەلحوتی، گوتەبێژی هۆزەکانی عەرەب لە ناوچەکانی رۆژئاوای دیجلە بە (روودلو)ی گوت "نزیکەی 400 گوند و کۆمەڵگای رۆژئاوای دیجلە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتیی هێزی پێشمەرگەدان، کە ژمارەی دانیشتووانی عەرەب لەو ناوچانە نزیکەی 25 هەزار کەس دەبن، لەو ناوچانەش چەند ئاهەنگێک بۆ گشتپرس بەڕێوەچوون، جگە لەوە نوێنەری سەرجەم ناوچەکان، رەبیعە، زوممار و عیازیە بە فەرمی داوایان کردووە کە گشتپرسی لە ناوچەکانیان بکرێ".

عەرەبەکانی ئەو ناوچانە زۆربەیان عەرەبی شەمەرن، بەشی زۆریان لەکاتی هێرشی داعش دا، ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانیان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، گەڕانەوە ناوچەکانیان.

شێخ مزاحم پێشبینی رێژەی بەشداری عەرەبی ناوچەکە لە گشتپرسیدا دەکات و دەڵێت "بەپێی پێشبینیەکانی ئێمە، 90%ی عەرەبەکانی ئەو ناوچانە بەشداری گشپرسی دەکەن، زۆربەشیان بە بەڵێ دەنگ دەدەن، چونکە هەموویان باش دەزانن چارەنوسی ئێمە لەگەڵ کوردستان روونترە، ئەگەر ئێمە نەکەوینە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا چارەنووسی ئێمە لە دەستی عێراق و شیعەکان بەرەو نادیاری دەچێ".





وتەبێژی هۆزی عەرەبەکانی رۆژئاوای دیجلە: زۆربەمان بە (بەڵێ) دەنگ دەدەین

> 90 %ی عەرەبەکانی رۆژئاوای دیجلە بەشداریی گشتپرسی دەکەن
>
> گوتەبێژی هۆزە عەرەبییەکان لە رۆژئاوای دیجلە

> گشتپرسی لەسەرجەم ئەو ناوچانەی نەینەوا دەکرێ کە پێشمەرگەی لێیە

> سندوقی دەنگدان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پەکەکە دانانێین
>
> قایمقامی شنگال

# ئۆپەراسیۆنی حەویجە دەکەوێتە دوای گشتپرسی

**مەحموود یاسین کوردی**
**روودلو- هەولێر**

ئاماژەکانی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە لە سەرەتای ئەم مانگەوە دەرکەوتوون، کاتێک فرۆکە جەنگییەکانی عێراق دەستیان بە بڵاوکردنەوەی هۆشداری بۆ دانیشتووانی حەویجە کرد و داوایان کرد لە شوێن و حەشارگەکانی چەکدارانی داعش دووربکەونەوە، بەڵام فەرمانەدەیەکی پێشمەرگە دەڵێت ئۆپەراسیۆنەکە دەکەوێتە دوای ئەنجامدانی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول.

### پێشمەرگە لە شەش میحوەرەوە هێرش دەکات

کەمال کەرکووکی، بەرپرسی میحوەری رۆژئاوای کەرکووکی هێزی پێشمەرگە بە (روودلو)ی راگەیاند: "پلان و نەخشەی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداو هاوپەیمانان ئامادەکراوە. هێزی پێشمەرگە لە شەش میحوەرەوە بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە دەکات، ئێستا نەخشەکە لەلای سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانە، بۆ وەڵامدانەوەی بەغداو هاوپەیمانان، تاوەکوو ئەو ناوچەیە لە داعش پاکبکرێتەوە".

حەویجە دووەم گەورەترین قەزای پارێزگای کەرکووکە، ناحیەکانی زاب، رەشاد و ریاز و عەباسی لەخۆدەگرێ. بەدووریی 55 کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای کەرکوک، پێشتر ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی 400 هەزار کەس بوو، بەڵام ئێستا تەنیا 200 هەزار کەسی تێدایە. داعش لە 12ی حوزەیرانی 2014 دا حەویجەی داگیر کرد.

### سوپا چاوەڕێی پێشمەرگەیە

وەستا رەسول فەرمانەدەی میحوەری باشووری کەرکووک بە (روودلو)ی گوت "شاندێکی باڵای وەزارەتی بەرگریی عێراق سەردانی وەزارەتی پێشمەرگەیان کرد و پلان و نەخشەکەیان داوەتە ئێمە. بڕیارە هەفتەی داهاتوو وەڵامیان بدەینەوە بۆ ئەوەی هاوئاهەنگیی تەواو لە نێوان پێشمەرگەو هێزە عێراقییەکان هەبێت و ئەرک و رۆڵی هێزەکان دابەشبکرێ". گوتیشی "حەویجە هێزی زۆری پێویستە، چونکە قەزایەکی گەورەیە و هیچی لە شەڕی مووسڵ کەمتر نییە، بۆیە پێشبینی دەکەم 23ی مانگ لە قۆڵی شەرگات و قەراجەوە دەست بە ئۆپەراسیۆن بکرێت".

پلانە سەربازییەکە بە جۆرێکە لە قۆڵی کەرکووک، تکریت و مەخموورەوە هێرش دەکرێتە سەر حەویجە، لە میحوەری دوبزەوە بەرەو دامێنی شارەکە، لە مەکتەب خالیدەوە بەرەو ریاز و حەویجە، لە بەرەی بەشیر و داقوقیشەوە بۆ رەشاد و سەنتەری شارەکە هێرش دەکرێت. تا ئێستا چەندینجار پلان و نەخشەی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە دانراوە، بەڵام دواخراوە، هەندێک لە خەڵکی کوردستانیش بەگومانەوە لە هێشتنەوەی حەویجە لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دەڕوانن، بە تایبەتی کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی گشتپرسی باسی ئەو ئۆپەراسیۆنە دەکرێت، چونکە پێشتر حەیدەر عەبادی فەرمانەدەی گشتی هێزە چەکدارەکان بەڵێنی بە نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووک دابوو پێش شەڕی مووسڵ، حەویجە کۆنترۆڵ دەکەنەوە. رۆژی 2017/5/24 لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا نەجمەدین کەریم گوتی: "هێزە عێراقییەکان حەویجەیان بەجێهێشت، بۆیە پێدەچێت بیانەوێت بیکەنە پایتەختی داعش".

کەمال کەرکووکی دەڵێ: "هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس لە حاڵەتی ئامادەباشیدان و رێگە بەهیچ حاڵەتێکی نەخوازراو نادەین، سەنگەرەکانمان بەهێزتر کردووە، بە دڵنیاییەوە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی حەویجە دەکەوێتە دوای ریفراندۆم، بەڵام لەوانەیە 23ی مانگ هەندێ شوێنی نزیک حەویجە کۆنترۆڵ بکرێتەوە".

### حەشد لە میحوەری پێشمەرگە قەدەخەیە

زیاتر لە 30 هەزار خێزانی ئاوارەی حەویجە و دەوروبەری لە حەوت کەمپی کەرکووک داڵدەدراون. پێشبینی ئاوارەبوونی 10 هەزار خێزانی دیکە دەکرێت. پێشمەرگە لە هەندێک سەنگەرەوە کەمتر لە 700 مەتر لە داعشەوە دوورە. لە میحوەری رۆژئاوای کەرکووک 44 کیلۆمەتر سنووری لەگەڵ داعش هەیە.

جگە لە پێشمەرگە کە ژمارە و قەبارەکەی نەزانراوە، زیاتر لە 40 هەزار سەربازی عێراقی، دژە تیرۆر و چەکداری حەشدی شەعبی و حەشدی عەشایر بەشداریی ئۆپەراسیۆنەکە دەکەن.

وەستا رەسوڵ، فەرمانەدەی میحوەری باشووری کەرکووکی پێشمەرگە دەڵێ "لە لای خۆمانەوە ناهێڵین حەشدی شەعبی بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە بکات، بەڵام سوپای عێراق ناوچەیەکی زۆری بە دەستەوەیە، ئەوان لەو میحوەرانەوە بەشداری شەڕەکە دەکەن".

### 1500 چەکداری داعش لە حەویجە ماون

بەپێی زانیارییەکانی دەزگای هەواڵگریی عێراق، نزیکەی 1500 چەکداری داعش لەنێو حەویجە ماون، 400 لەو چەکدارانە خۆکوژن. نزیکەی 50 ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراویشیان ئامادە کردووە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزە عێراقییەکان و پێشمەرگە.

رێبوار تەها، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە نوێنەری پارێزگای کەرکووکە، بە (روودلو)ی راگەیاند "شەممەی رابردوو لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی یەکێتی و هادی عامری، فەرمانەدەی رێکخراوی بەدر باسمان لە ئۆپەراسیۆنی حەویجە کرد و جەختمان لەسەر هاوئاهەنگیی تەواو لە نێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان کردەوە و پێیگوتین ئەو حەشدانەی بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە دەکەن لە گرووپە تائیفییەکان نین، ئەمەش دڵنیاییەکی دا کە رووداوی نەخوازراو روونادات".

> بۆ ئۆپەراسیۆنەکە وەزارەتی بەرگری چاوەڕێی وەڵامی پێشمەرگەیە
>
> وەستا رەسوڵ

# تورکمان ئاڵای کوردستان دەدوورن

**رێباز ئەنوەر**
**روودلو – هەولێر**

بەشێکی زۆری ئەو ئاڵایانەی لە رێوڕەسم و کەرنەڤاڵ و گردبوونەوەکانی پشتگیری بۆ گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان بەکاردەهێنرێن، لەلایەن گەنجێکی تەمەن 14 ساڵانەوە دەدروێن کە تورکمانێکی دانیشتووی شاری هەولێرە.

رۆژی 25ی ئەیلوول هاووڵاتیانی باشووری کوردستان دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بە بەڵێ یان نەخێر وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە: "ئایا دەتەوێ هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟".

عومەر محەممەد، تەمەن 14 ساڵ لە دووکانی بەرگدرووی محەممەد ئیسماعیل خەیات، کار دەکات و رۆژانە دەیان ئاڵای کوردستان دەدروێت. عومەر دەڵێت خۆشحاڵە کە ئەو کارە دەکات.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانی گشتپرسی، خەڵک لە رێگەی کۆبوونەوەی جەماوەری و سازکردنی کەرنەڤاڵ و ئاهەنگەوە، بەجۆش و خرۆشێکی زۆرەوە پشتیوانی خۆیان دەردەبڕن. گشتپرسیی، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە. وێڕای ئەوەی بەشێک لە پارت و لایەنە سیاسییەکانی تورکمان و عەرەب لە کەرکووک بایکۆتی گشتپرسییان راگەیاند، بەڵام خەڵکی شارەکە بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە پشتیوانی لە گشتپرسی دەکەن.

زۆربەی حیزبە تورکمانییەکانی هەولێر بە پێچەوانەی تورکمانەکانی کەرکووک بایکۆتی گشتپرسیان نەکردووە، ئەوان کە بە دووەم نەتەوە دادەنرێن لە هەرێمی کوردستان، ئەندامیان لە کۆمیتەی گشتپرسی هەیە. بەڵام بەرەی تورکمانی کە نوێنەرێکی لە پەرلەمانی کوردستان هەیە دژی گشتپرسییە.

بەهۆی جۆش و خرۆشی خەڵکی کوردستان بۆ گشتپرسی، تادێت بازاڕی چاپکردن و دوورینی ئاڵای کوردستان گەرمتر دەبێ. محەممەد ئیسماعیل خەیات، یەکێکە لەو بەرگدرووە کەمانەی کار دەکەن بۆ دروینی ئاڵای کوردستان. ئەو کە هاووڵاتییەکی تورکمانی هەولێرە، لە دووکانێکی بچووکی نێو بازاڕی قەیسەری کار دەکات.

محەممەد بە (روودلو)ی گوت داواکارییەکان زۆرن و رۆژانە 150 بۆ 200 دانە ئاڵا دەدوورن. ئەو هیوای خواست مافەکانی تورکمان لەژێر ئەم ئاڵایە بدرێن و گوتی "هێشتا تەواوی مافمان پێنەدراوە. دووەم نەتەوەی سەرەکی کوردستانین. چاوەڕوانین تەواوی مافەکانمان پێ بدرێت. دەمانەوێت ناوی کەسایەتییەکانی تورکمان لە شەقام و کۆڵان و پارکەکان ببینین".

پێشتر ئاڵاکان تەنیا لەلایەن بەرگدرووەکانەوە ئامادە دەکران، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، ئیدی چاپخانەکان بەشێوەیەکی خێرا ژمارەیەکی زۆر چاپ دەکەن و ئامادەی دەکەن. وێڕای ئەمەش چاپخانەکان تەنیا روویەکی چاپ دەکەن و لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە لای بەرگدرووەکان کە هەردوو رووەکەی لێکدەدەنەوە.

ئەم بەرگدرووە تورکمانە کە پیشەکەی لە باوکییەوە فێر بووە، دەشڵێت "پێشتر باوکم جلی کوردی لە شێوازی مورادخانی و ستارخانی دەدووری، تورکمانەکانیش ئەمەیان لەبەر دەکرد".

ئەحمەد ئیسماعیل برای بچووکی محەممەد ئیسماعیلە و خاوەنی یەکێکە لەو چاپخانانەی ئاڵای کوردستان چاپ دەکەن، بەهۆی زۆریی داواکارییەوە 24 سەعات کار دەکەن. ئەحمەد بە (روودلو)ی راگەیاند "لەماوەی تەنیا سێ رۆژدا، زیاتر لە 15 هەزار ئاڵای کوردستانمان چاپکردووە. هەروەها 25 هەزار تیشێرتمان چاپکردووە کە ناوی کوردستانی لەسەر نووسراوە".

ئەحمەد شانازی بەوە دەکات کە ئاڵایەکی گەورەی کوردستان بە قەبارەی 20×50 مەتر دووجا بەدەست و پەنجەی تورکمانێک دروستکراوە.





تورکمانێک: هیوادارم مافەکانی تورکمان لەژێر ئەو ئاڵایەدا بدرێن

## عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی بۆ (ڕووداو):

# بەڕاستمان نەزانی ڕەوایەتی بە کۆبوونەوەی پەرلەمان بدەین

عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کە شەوی دووشەممە کاژێر 9:00 لە تەلەفزیۆنی (ڕووداو) بڵاودەبێتەوە، دەڵێت ئەگەر دانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، وەکو دانیشتنەکەی ڕۆژی هەینی ڕابردوو بن، ئەوا بەردەوام دەبن لەسەر هەڵوێستی خۆیان و بەشداری ناکەن. سەبارەت بە بەشداری حیزبەکانی دیکەش، دەڵێ ئەوان شتیان بۆ عەرز کراوە یان بەهۆی فرە بۆچوونیی نێو حیزبەکەیان بەشدارییان کردووە. هەروەها دەڵێت "زۆر لەوە زیاتریان پێدەداین کە خەڵکی دیکەی پێ ڕازی کراوە". ئەو دەڵێت کێو بجوڵێ، لەسەر هەڵوێستەکانی خۆیان ناجوڵێن.

هەڤپەیڤین: هیوا جەمال
ڕووداو- هەولێر



> زۆر لەوە زیاتریان پێدەداین کە خەڵکی دیکەی پێ ڕازی کراوە

> لەسەر ئەو پشتگیرییەی ئیسرائیل بۆ ئێمە قەرزدار دەبینەوە

> پارتی و یەکێتی پێیانگوتین پەرلەمان تەنیا بۆ ریفراندۆم کارا دەکەینەوە

> دەبوو پێش کاراکردنەوەی پەرلەمان ڕێککەوتنی سیاسی بکرێ

**ڕووداو: هۆکاری بەشدارینەکردنی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان لە دانیشتنەکەی پەرلەمان چی بوو؟**

**عەلی باپیر:** هۆکاری سەرەکی ئەوەیە ئەمجارە پەرلەمان بە حیساب کارا کرایەوە، بەڵام بەبێ گەیشتنە ڕێککەوتنێکی سیاسی کە ئێمە لە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی لەگەڵ شاندی پارتی و یەکێتی پێمانگوتن ئێمە بەشداری کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکەین، بەڵام بە مەرجێک پێشتر بگەینە ڕێککەوتنێکی سیاسی کە پەرلەمان چی بکات و چۆن بکات؟

**ڕووداو: بەڵام ئێوە پێشتر دەتانگوت پەرلەمان ئاسایی بکرێتەوە، ئینجا گفتوگۆ بکەین.**

**عەلی باپیر:** ئەو کاتە کە باس لەوە دەکرا پەرلەمان کارا بکرێتەوە، ئەو هەڵەیەی کە پارتی کردوویەتی زووتر ڕاستی بکاتەوە، باسی ریفراندۆم لە ئارادا نەبوو، بەڵام ئێمە لە شاندی هاوبەشی پارتی و یەکێتیمان بیست پەرلەمان تەنیا بۆ ئەوە کارا دەکرێتەوە ڕەوایەتی بدات بەو بڕیارەی کۆمیتەی باڵای ریفراندۆم دەریکردووە، وامان لێ خوێندەوە. ئێمە گوتمان ئەگەر ئێوە بە بڕیاری کۆنکرێتی هاتوون کە هیچ مەجالی قسەی تێدا نییە، ئەو کۆبوونەوەیە زیادە، ئەگەریش هاتوون دیالۆگ بکەین، یان ئێوە ئێمە ئیقناع بکەن بمانهێننە سەر قسەی خۆتان، یان ئێمە ئێوە ئیقناع بکەین کە ئەو وادەیەی دانراوە بۆ ریفراندۆم وادەیەکی نەگونجاوە. نەگونجاوە لەڕووی ناوخۆیی، لەڕووی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، ئەگەر شتێکی واتان هەیە پێی پشتئەستوورن، ئێمەش بەرچاو ڕوون بکەن، بۆ ئەوەی ئێمەش ڕامان وەکو ئێوە بێ.

**ڕووداو: واتە ئێوە تەنیا بۆ دەنگدان بە گشتپرسی نەچوونە پەرلەمان، ئەوە بووە مەرجێک بۆ ئێوە؟**

**عەلی باپیر:** نەخێر. ئێمە دەبووایە پێشتر ڕێککەوتنی سیاسی بکەین لەسەر کۆمەڵێک شت، یەکێک لەوانە پەرلەمان چی بکات. تۆ ئاگاداری ئەوەی لەو کۆبوونەوەیە ڕێگە بە پەرلەمانتاران نەدراوە قسە بکەن، تەنیا گوتوویانە دەی دەنگ بدەن. پەرلەمان کە کۆدەبێتەوە دەبێ قسەی لێ بکرێ. ئیشی پەرلەمان لێکۆڵینەوەیە، تاوتوێکردنە. بڕیارێکی حیزبی دراوە، چەند حیزبێک کۆبوونەتەوە، کۆمیتەیەکیان دروستکردووە. ئەی پەرلەمان نوێنەری خەڵک نییە؟ ئەی ئێمە ریفراندۆم بۆ ئەو خەڵکە ناکەین!

**ڕووداو: ئەو قسەی جەنابت تەقریبەن دژیەکییەکی تێدایە، یەکێکیان ئەوەیە کە دەڵێی پێویستە ڕێککەوتن بکرێ، دووەمیان دەڵێی پێویستە لە پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسانە بکرێ، ئەی پەرلەمان ئیشی چییە، کامەیانتان قبوڵە. لە پەرلەمان گفتوگۆ بکرێ، یان پێشوەخت ڕێککەوتنی حیزبی بکرێ؟**

**عەلی باپیر:** ڕێککەوتنی حیزبی بۆ ئەوەی پەرلەمان چ پەرلەمانێک بێ. پەرلەمانێک بێ جارێکی دیکە بە بڕیارێکی حیزبی دابخرێتەوە، یان پەرلەمانێک بێ خاوەنی ئیرادەی خۆی بێ؟

**ڕووداو: پەرلەمان چۆن خاوەنی ئیرادەی خۆی دەبێ، ئەگەر ئێوە پێشوەخت ڕێککەوتنی حیزبی لەسەر بکەن؟**

**عەلی باپیر:** ڕێککەوتنی پێشوەخت بۆ ئەوە نا لە جیاتی پەرلەمان بڕیار بدەین، ڕێککەوتنی پێشوەخت بۆ ئەوەی کە پەرلەمان چ پەرلەمانێک بێ. حکومەت چ حکومەتێک بێ. حیزب لە کوێی پرۆسەی سیاسی بێ، پەرلەمان لە کوێ بێ، حکومەت لە کوێ بێ، شەخس لە جیاتی پەرلەمان بڕیار بدات یان نا. ئەوە بەلای منەوە ڕەفزە کە ئێمە پەرلەمانێکی دەستەپاچەمان هەبێ، هەر کاتێک عەقڵمان نەیبڕی خانەنشینی بکەین، هەر کاتێک پێویستمان بوو بیهێنینەوە.

**ڕووداو: مادام پەرلەمانتارەکان بە دەنگی خەڵک ڕۆیشتوون، ئێوە بۆچی ئەو مافەیان نادەنێ. ئێوە بۆچی ئەوە لە پەرلەمانەوە ڕەتناکەنەوە، هەتا فراکسیۆنەکەی ئێوە هاتن بۆ پەرلەمان. باشە پەرلەمان مەیدانی شەڕی خەڵک نییە؟**

**عەلی باپیر:** ڕاستە. بەڵام ئێمە وەکو حیزب وەکو سەرکردایەتی بەڕاستمان نەزانی. فراکسیۆنەکەشمان هەمان قەناعەتیان هەبوو، بە ڕاستمان نەزانی ڕەوایەتی بەو کۆبوونەوەیە بدەین کە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کۆدەبێتەوە، نەک بۆ کاری ئاسایی خۆی کە چاودێریی حکومەت و بڕیاردان و یاسادەرکردنە.

**ڕووداو: ئەگەر لە پەرلەمان دەنگ بۆ دواخستنی گشتپرسی درابایە بەشداریتان دەکرد؟**

**عەلی باپیر:** ئێمە گوتمان نابێ پەرلەمان بۆ پرسێک کە بۆی دیاری بکرێ، کۆببێتەوە. نابێت کەس ئەمر و نەهی بەسەر پەرلەماندا بکات. پەرلەمان دەبێ دەستی کراوە بێ.

**ڕووداو: ئێستا کۆبوونەوەیەک کرا و بەشدار نەبوون، لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی پەرلەمان بەشداری دەکەن بەم ستافەی ئێستای؟**

**عەلی باپیر:** تەماشا دەکەین، ئایا کۆبوونەوەکانی دیکەش ئەوها دەبن؟ ئەگەر هەروا بن، هەمان هەڵوێستمان دەبێ.

**ڕووداو: بەو سەرۆکایەتییەی ئێستا ئێوە ئامادەن بەشداری کۆبوونەوەی پەرلەمان بکەن؟**

**عەلی باپیر:** من باسی لایەنێکی کۆبوونەوەکەم کرد. لایەنی یاساییش کێشەی هەبوو. سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێر بەشدار نەبوون. کۆمەڵێک خەلەلی دیکەش هەبوون، ئەگەر هەر بەو خەلەلانەوە پەرلەمان کۆببێتەوە دیارە هەمان هەڵوێستمان دەبێت.

**ڕووداو: ئێستاش قەناعەتتان وایە کە دەبێ گشتپرسی دوابخرێ؟ ئەوە تا چەند پەیوەندی بە دژایەتی ئێرانەوە هەیە؟**

**عەلی باپیر:** زۆر شت دەگوترێ، خەڵکێک ئەگەر ئەهلی ئینساف بێ ئەو شانە بە ئێمە ناڵێت. وەڵڵا ئەوە لەبەر ئێران وا دەکەن. لەبەر سعودیە وا دەکەن، لەبەر فڵان وادەکەن. لە دژی فڵان وا دەکەن. ئێمە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی، کۆمەڵێک پرەنسیپمان هەیە، بەپێی ئەو پرەنسیپانە بەڕێوەدەچین. من لە ساڵی 1984 کتێبی سۆزی نەتەوایەتیم نووسیوە، لەوێدا گوتوومە وەکە چۆن تورکمانستان و عەجەمستان و عەرەبستان و پاکستان و ئەفغانستان هەیە، کوردستانێکیش هەیە، وەکو چۆن ئەوانە حەقیانە خاوەنی دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی بن، ئێمەش ئەو مافەمان هەیە. لە ئێران شاندی پارتی و یەکێتی و سۆسیالیستمان لەگەڵ بووە، کە لە تاران دانیشتووین، لە ئەنقەرە دانیشتووین. دیارە کە ئێمە چۆن قسەمان کردووە، خەڵکیش چۆن قسەی کردووە. ئێمە سەد لەسەد لەگەڵ ئەوەداین کە ئەو گەلەی ئێمە چ ڕۆژهەڵاتەکەی کە بە ئێرانەوە لکێندراوە، چ باکوورەکەی کە بە تورکیاوە لکێنراوە، چ ڕۆژئاوایەکەی کە بە سووریاوە لکێنراوە، چ باشوورەکەی کە بە عێراقەوە لکێنراوە. ئەو کوردستانە بەشبەش کراوە تەواوی حەقی خۆی هەیە کە دەوڵەتی خۆی هەبێ.

**ڕووداو: ئەمە وەکو دروشم، ئەی وەکو واقیع؟**

**عەلی باپیر:** وەکو واقیع. ئێمە لە ساڵی 2013 پرۆژەی دەوڵەتی کوردیمان ڕاگەیاند و دامانە لایەنە سیاسییەکان. بەڵام کەس بەلامانەوە نەهات، ئێمە پێمانوایە ئەو کاتە لە ئێستا زۆر گونجاوتر بوو.

**ڕووداو: دواخستنەکە لەبەرئەوەیە کە پێتانوایە ڕاستەوخۆ سەربەخۆیی ڕاناگەیەنرێ، ئەگەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەنجامدانی گشتپرسی سەربەخۆیی ڕابگەیەنرێ ئێوە لەگەڵین؟**

**عەلی باپیر:** ئێمە لەبەر چەند هۆکارێک پێمانوایە هەلومەرجەکە گونجاو نییە بۆ ریفراندۆم، یەک: ئێمە پێمانوایە دەوڵەت پێویستی بە سەرزەمینێکە، ئەو سەرزەمینەی کوردستان ئێستا چوار پارچەیە. پارچەیەکی لەبەردەستی پارتیدایە. پارچەیەکی لەبەردەستی یەکێتیدایە. پارچەیەکی لەبەر دەستی پەکەکەدایە، پارچەیەکیشی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە. دوو: دەوڵەت دەبێ سوڵتەیەکی سیاسی یەکگرتووی هەبێ، ئێستا ئێمە دوو ئیدارەین. سێ: دەوڵەت دەبێ خەڵکێکی یەکگرتووی هەبێ، ئێستا خەڵک دابەش بووە، تووشی جەمسەرگیرییەکی توند بووە. چوار: دەوڵەت دەبێ مەقبولیەتێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەبێ کە ئێمە ئێستا لە هەموو کات خراپترین لەو ڕووەوە. ئێمە ئێستا دونیا لە دژمان هاتووەتە سەر خەت. هەر باسی ریفراندۆم دەکەین لێمان هاتوونەتە سەر خەت، ریفراندۆمەکەش جارێ دیار نییە کە سەربەخۆیی بەدوادا دێ یان نا. ئایا ئەو خەڵکەی ئێمە هێندە دڵی خۆشە بەو دەسەڵاتە و بەو قەوارە سیاسییە، هێندە بەختەوەری کردووە، هێندە دادگەریی چەسپێندراوە کە متمانەی پێی هەبێ ئەم هەرێمە شێوازەی بۆ بکات بە دەوڵەتێکی تەواو. ئێمە بۆیە دژین، چونکە هیچکام لەو چوار توخمە کە بۆ دەوڵەت پێویستن، هیچیان نین.

**ڕووداو: لە گوتارێکدا لە 2017/7/7 دەڵێی هەڵەیە هەڵوێستی نەرێنیانەی حکومەتی مەرکەزیی یان وڵاتانی دراوسێ یان وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دژ بە ریفراندۆم بکەینە بەڵگەی ئەنجامنەدانی، ئێستا ئەم بیانووانە پێچەوانەی ئەو قسانەت نین؟**

**عەلی باپیر:** پێچەوانە نییە. من لەبەر چاومە نەک ئێستا بزانم، من دەزانم لە ساڵی 1916 لە سایکس بیکۆوە ئەو وڵاتەی ئێمە پارچە پارچە کراوە. ئەوە ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا نەبوون ئێرەیان پارچە پارچە کرد، ئەوە ئەو زلهێزانە بوون کە ئێمە چاوەڕێی دیموکراسی و مافی مرۆڤیان لێدەکەین. بە خەیاڵپڵاوەوە تەماشایان دەکەین. بەڵام من دەڵێم ئەوانیش ئێستا بیانوویان هەیە. دەزانی کە شاندی کوردی چووە بۆ پەرلەمانی ئەورووپا چییان گوتووە؟ گوتوویانە هاتوون لێرە باسی سەربەخۆیی و پشتگیری دەکەن، جارێ بڕۆن پەرلەمانەکەی خۆتان چاک بکەنەوە.

**ڕووداو: ئەوە چاکیان کرد، ئەوە هەموو مەرجەکانیان لابرد، بەڵام ئێوە هەر نەهاتنەوە؟**

**عەلی باپیر:** ئەوە چاکیان کردەوە، وەکو چۆن کەسێک تایەکی قورسی هەبێ، دەرزییەکی پرۆکاینی لێدەدەن بەس بۆ کاتێکی دیاریکراو ئازارەکەی نەمێنێ. ئەوە چاککردنەوەی پەرلەمان نییە. تۆ واز لە تورکیا و ئێران بهێنە. کاکە ئێمە بارودۆخی نێوخۆمان تەواو نییە.

**ڕووداو: بەڵام ئێستا ئەوە ئێوەن لە ڕێڕەوەکە لاتانداوە، بۆچی لەو داواکارییەی لە پارتیتان هەیە نایەنە خوارەوە؟**

**عەلی باپیر:** ئێمە ئەو گلەییەمان لە خەڵکی دیکە هەیە کە لەبەرامبەر هەندێک بەرژەوەندیی شەخسی و حیزبی، ئیقراری شتێک دەکەن کە دەزانن قازانج سەری مایە دەخوات. ئیقراری بڕیارێکی حیزبی دەکەن کە دەزانن بە کەڵک نایەت. ئێمە شتمان بۆ عەرز کراوە، بەڵام ڕەتمانکردووەتەوە. هەڕەشەمان لێکراوە گوێمان پێنەداوە. گوتوومانە پابەندیمان بە پرەنسیپەکانی خۆمان بەلاوە گرنگترە لە پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانمان.

**ڕووداو: ئەوە کێیە کە بەرژەوەندیی شەخسی پێشخستووە. ئەوەی ئێوەش بۆتان تەرح کراوە و ڕەتتانکردووەتەوە چییە؟**

**عەلی باپیر:** هەندێک شت بە گشتی بگوترێ باشە، زۆر ورد نەکرێتەوە. من بە گشتی قسە دەکەم کە هەندێک حیزب بڕیاری بۆ نادرێ، بڕیاری نەداوە، یان ڕەگەڵ بارودۆخێک دەکەوێ کە قەناعەتی پێی نییە. کە دوایی لای من دەڵێت منیش قەناعەتم پێی نییە. ئەی بۆ وا دەکەی، ئاخر لەبەر فڵان شت و فڵان شت. یان لە نێوخۆیدا فرەبۆچوونە. بەڵام هەندێک شت هەر بە گشتی بگوترێ، ئەوە عادەتی پێغەمبەر بووە کەسێک کە هەڵەیەکی دەکرد ناوی نەدەهێنا، دەیگوت بۆ کەسانێک ئاوا دەڵێن و ئاوا دەڵێن. خۆ مەرج نییە هەر یەک کەس بێت، کۆمەڵێک خەڵک دەگرێتەوە، هەندێک کەس بۆ پارێزگاریکردن لەو پارەیەی کە مانگانە وەریدەگرێ هەڵوێستە سیاسییەکەی تەبەنی دەکات.

**ڕووداو: ئەوەی لە قسەی جەنابت دەخوێندرێتەوە، مەبەستت یەکێک لەوانە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە؟**

**عەلی باپیر:** ئەوە تۆ وادەڵێی. من بەگشتی قسە دەکەم.

**ڕووداو: ئەو شتانە چین کە خستوویانەتە بەردەم ئێوە و قبوڵتان نەکردووە؟**

**عەلی باپیر:** لەوەی خەڵکی دیکەی پێ ڕازیکراوە زۆرتریش بۆ ئێمە عەرز کراوە. چەندینجار خەڵک هاتووەتە لای ئێمە کە وەزع چاک بکەین، کۆبوونەوە بکەین، ئێمە پێمان باش نەبووە. پێیانگوتووین ئەگەر کۆبوونەوە بکرێ و وەزع باش بێ، وەزعتان زۆر باش دەبێ و ئەو حاڵەی کە ئێستا تێیدان ئەوە نامێنێ. هەندێک خەڵک کە بە خۆڕایی دەگیرێ و سیناریۆی بۆ دروست دەکرێ ئەوە نامێنێ. ئێمەش گوتمان ئێوە ئارەزووی خۆتانە چۆن مامەڵە دەکەن، بەڵام ئێمە کێو بجوڵێ لەسەر هەڵوێستەکانی خۆمان ناجوڵێین.

**ڕووداو: ئێستا وەزعتان خراپە؟**

**عەلی باپیر:** وەزعی خۆمان زۆر بە باش دەزانین، چونکە لەگەڵ مەبدەئەکانی خۆمان ڕاستین. من زۆرجار گوتوومە لەسەر پارەی حەڵاڵیش حەسوودی بە خەڵک نابەم چجا لەسەر پارەیەک کە بە گەندەڵی و حەرامی کۆدەکرێتەوە.

**ڕووداو: ئێستا ئێوە پێتانخۆشە گشتپرسی دوابخرێ؟**

**عەلی باپیر:** نەک پێمانخۆشە، ئێمە پێمانوایە گشتپرسی یان ناکرێ، یان نیوەچڵ دەبێ و زیانی لە قازانجی زیاتر دەبێ. بۆیە هەرچی زووترە لەو بڕیارە حیزبییە پاشگەز ببینەوە باشترە، واقیعبینانەتر تەماشای دونیا بکەین. لەمەودوا هەر هەنگاوێکمان ویست بینێین جێپێی خۆمان ببینین.

**ڕووداو: بەدیلی تۆ بۆ گشتپرسی چییە؟**

**عەلی باپیر:** بەدیلی من ئەوەیە چاو بە شێوەی حوکمڕانی خۆماندا بخشێنینەوە، ئێمە لە 26 ساڵی ڕابردوودا حوکمڕانییەکی سەقەتی ئەو وڵاتەمان کردووە. بە شێوەیەک بووە یاسامان پێشێل کردووە، کارمان بۆ بە دامەزراوەکردن نەکردووە، دادگەری نەبووە، گەندەڵییەکی زۆر هەیە. حیزب هەمە کارە بووە. ئێمە دەبێ لە نێوخۆدا تەبایی و ئاشتەواییەکی باش بکەین. هەردوو حیزبی حوکمڕان بێنە سەر تەلەفزیۆن و بڵێن خەڵکینە ئێمە داوای لێبوردنتان لێدەکەین لە کاتێکدا ئەو وڵاتە پڕ بوو لە خێر و بێر، بودجەیەکی زەبەلاحمان لە بەغداوە بۆ دەهات، نەوتێکی زۆر دەفرۆشین، باج و گومرگێکی زۆر کۆدەکرێتەوە، بەڵام ئێمە فەشەلمان هێنا و داوای لێبوردنتان لێدەکەین، نەمانتوانی حوکمڕانییەکی باش بکەین.

**ڕووداو: ڕات چییە لەسەر پشتگیریی ئیسرائیل بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ؟**

**عەلی باپیر:** هەر کەسێک پشتگیری ئێمە بکات بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ دەستخۆشی لێدەکەین. بەڵام لەم ئانوساتەدا کە دونیا لە دژی تۆ هاتووەتە سەر خەت، پێموایە ئیسرائیل بۆ ئێمە دەبێتە عەدەدی ناقیس. واتە لەسەری قەرزدار دەبینەوە.

> کێو بجوڵێ لەسەر هەڵوێستەکانی خۆمان ناجوڵێین

> گشتپرسی یان ناکرێ، یان نیوەچڵ دەبێ

> ئەگەر کۆبوونەوەکانی داهاتووی پەرلەمانیش وەکو ئەوەی یەکەم بن بەشداری ناکەین

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (473) - دووشەممە 2017/9/18

## نەجمەدین کەریم لە کارەکانی بەردەوامە



**ڕووداو- کەرکووک**

پارێزگاری کەرکووک دەڵێ بڕیاری دوورخستنەوەم لە پۆستەکەم نا یاساییە و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەهیچ شێوەیەک دەسەڵاتی بەسەر پارێزگای کەرکووکەوە نییە، تەنانەت سەرۆکوەزیرانیش بەهیچ شێوەیەک دەسەڵاتی بەسەر پارێزگای کەرکووکەوە نییە. نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک ڕایگەیاند: "لەمڕۆژانە شتی دیکەش لە کەرکووک دەکرێت بۆ پشتیوانی لە گشتپرسی و ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارەی بەغدا لەسەر گشتپرسی و لەسەر پارێزگاری کەرکووک". هەفتەی ڕابردوو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە دەنگی 174 پەرلەمانتار کە سەرجەمیان عەرەب و تورکمان بوون، بڕیاری دوورخستنەوەی پارێزگاری کەرکووکیان لە پۆستەکەی دا.

## بە هاوپەیمانێتییەک دەچێتە هەڵبژاردنەکان

# یەکێتی دەستلەکارکێشانەوەی بەرهەم ساڵح پەسەند دەکات



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

دواجار د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەو پیاوەی کە نزیکەی سێ ساڵە لە حیزبەکەی کەنارگیر بووە و هەموو جووڵەیەکی سیاسی هەڵپەساردووە، بە تۆمارکردنی قەوارەیەکی سیاسی بۆ هەڵبژاردن ماڵجیایی خۆی لە یەکێتی ڕاگەیاند. ئەندامێکی نێو قەوارە سیاسییەکەش دەڵێ "بەرهەم ساڵح وەک کاک نەوشیروان ناکات و حیزب دروست ناکات". بەڵام ئەو قسانە ئاو ناکەن بە دڵی بەرپرسانی یەکێتیدا، بەم نزیکانە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی دەکرێ بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەبارەی د.بەرهەم ساڵحەوە بدەن.

بەکر سدیق، یەکێک لە ئەندامانی قەوارەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کە بەرهەم ساڵح سەرۆکایەتی دەکات، دەڵێ بەرنامەی سیاسی هاوپەیمانێتییەکە بەقەد باڵای نەهامەتییەکانی خەڵکە "گەندەڵی و سەروەرنەبوونی یاسا و تێکچوونی باڵانسی سیاسی و کێشەکانی دیکە، وایانکرد لیست دروستبکرێ و لەو ڕێگایەوە بەدوای چارەسەردا بگەڕێین، بۆیە کاک بەرهەم دەیەوێ لەم ڕێگایەوە خزمەت بە پرۆسەی سیاسی بکات".

هەشت ساڵ لەمەوبەر، کۆچکردوو نەوشیروان مستەفا، جێگری پێشووی سکرتێری گشتی یەکێتی لیستێکی بۆ هەڵبژاردن ڕاگەیاند. سێ ساڵ پێشتر ئەو دەستبەرداری یەکێتی ببوو. ئێستا دیمەنەکان لەسەر دەستی جێگرێکی دیکەی تاڵەبانی دووبارە دەبنەوە کە ئەویش سێ ساڵە دانیشتووە بەبێ ئەوەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە یەکێتی ڕاگەیاندبێ، بەڵام لە بارودۆخێکدا کە هەلومەرجی نێوخۆی یەکێتی هەمان هەلومەرجی سەروەختی جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا نییە.

بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە لەگەڵ بەرهەم ساڵحدایە و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ ژمارەیەک کادر و بەرپرسی مەڵبەندەکان لەگەڵ بەرهەم ساڵحن "بەڵام دکتۆر بەرهەم زۆر کار لەسەر ئەوە ناکات بەرپرسانی یەکێتی لەگەڵ خۆی بباتە دەرەوە. ئەو نایەوێ وەک بزووتنەوەی گۆڕان، سەرکردەکانی یەکێتی ئەوانەی لەگەڵ کاک بەرهەمن ببنە دەموچاوی دیاری قەوارەکە". هەروەها گوتی: "هاوپەیمانێتییەکە دانابڕێ لە مێژووی یەکێتی و هەرکاتێک یەکێتی نێوماڵی خۆی ڕێکبخاتەوە و کێشەکانی چارەسەر بکات، دەرفەتی ئەوە دەبێ کاری هاوبەش لەگەڵ یەکێتی بکات".

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە کەسێکی نزیک لە بەرهەم ساڵحەوە بە (ڕووداو) دراوە تاوەکو ئێستا هیچ ئەندامێکی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ئەوانەی لە بەرهەم ساڵح نزیک بوون، دەستلەکارکێشانەوەیان نەداوەتە یەکێتی. ئەو سەرچاوەیە دەڵێت "مەرج نییە ئەوەی لەناو یەکێتی لە کاک بەرهەم نزیک بووبێ لەگەڵ قەوارەکەش بێ". گوتیشی "لەناو سەرکردەکانی یەکێتیدا تاوەکو ئێستا یەک کەس ناوی لە نێو ئەوانەدا نییە کە پێشکەشی کۆمسیۆن دەکرێن بۆ لیست، بەڵام ڕەنگە لە ڕۆژانی داهاتوودا لەنێو یەکێتییەوە خەڵک هەبن پەیوەندی پێوە بکەن".

ڕۆژی یەکشەممە 2017/9/17، بەرهەم ساڵح نامەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە یەکێتی پێشکەش بە کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی کرد. بەپێی زانیارییەکان، کۆسرەت ڕەسوڵ نامەکەی وەرگرتووە.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، پێیوایە مادام بەرهەم ساڵح، دەستی لەکارکێشاوەتەوە "یەکێتی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی ناکات بۆ ئەوەی بڕیاری لەبارەوە بدات و داواکەشی پەسەند دەکرێ، چونکە ئەو قەوارەی دروستکردووە و خۆشی ئارەزوومەندانە دەستی لەکارکێشاوەتەوە، نەک وەک کارتی گوشار ئەوەی پێشکەشی یەکێتی کردبێ بۆ ئەوەی وتووێژی لەگەڵ بکرێ".

بەرهەم ساڵح نایەوێ لیستەکەی خۆی بەتەنیا بخاتە نێو کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) دەستیکەوتوون، پێشتر قسەی لەگەڵ چەند لایەنێک کردووە و بەشێکیشیان ئەو حیزبانەن کە لە باشووری کوردستان لە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە نزیکن. (ڕووداو) پەیوەندی بە محەممەد کیانی، سەرۆکی یەکێک لەو حیزبانەوە کرد، بەڵام گوتی "لەو بارەیەوە هیچ قسەیەک ناکەم".

لەدوای نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی، بارودۆخی نێوخۆیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ناجێگیری مایەوە. پێشتر هەریەک لە کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح، لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی دیکەی ئەو حیزبە "ناوەندی بڕیار"یان ڕاگەیاند، بەڵام دوای گەڕانەوەی کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ سەر کارەکەی و ڕێککەوتنی لەگەڵ باڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ململانێکان بە بێدەنگی مانەوە. چەند جارێکیش لەگەڵ بەرهەم ساڵح هەوڵ درا بۆ ئەوەی بێدەنگی بشکێنێ، بەڵام ئەو نەچووە ژێر بار.

سەعدی ئەحمەد پیرە، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی چەند خولەکێک بەر لە هەواڵی دەستلەکارکێشانەوەی بەرهەم ساڵح، قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و ڕایگەیاند: "د.بەرهەم کەسایەتییەکی سیاسیی دیارە و ماوەی دوو ساڵە هیچ چالاکییەکی لەناو یەکێتی نییە، بەڵام ئەگەر بەواژۆی خۆی قەوارە دروستبکات و ڕاییبگەیەنێ و کۆمسیۆن وەڵامی بداتەوە و پەسەندی بکات. دەبێ ئەو لەنێوان یەکێتی و ئەو قەوارەیەی دروستیکردووە یەکیان هەڵبژێرێ، کە قەوارەی ڕاگەیاند، ئەو چیدیکە پەیوەندی بە یەکێتییەوە نامێنێ".

ئاسۆ عەلی، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی یەکێتی، دەڵێ دۆخی یەکێتی ئاڵۆزە "ڕاگەیاندنی ئەو قەوارەیە، بەمانای ڕاگەیاندنی شکستی ناوەندی بڕیار دێ، ئێستا ناوەندێتی بڕیار لەنێو یەکێتی تەواو لاواز بووە، جاران پەسەند نەدەکرا، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو ڕەوشەوە هەر کەس بۆ خۆیەتی".

نەوشیروان مستەفا بە جیابوونەوەی، لە ساڵانی سەرەتاوە یەکێتی ڕووبەڕووی شۆکێکی سیاسی گەورە کردەوە و زۆرتر لە نیوەی دەنگەکانی ئەو حیزبەی برد. ئەی کەواتە بەرهەم ساڵح گرەو لەسەر دەنگی کێ دەکات؟ یەکێتی یان گۆڕان و یەکێتی؟ ئاسۆ عەلی، وای نابینێ ئەو قەوارەیە هەنگاوێکی گەورە بهاوێ "گۆڕان بە هەڵەی سیاسی نەگەیشتە ئەنجام و پێموایە ئەمەش ئەنجامێکی لاوازتری دەبێ".

بڕیارە یەکی تشرینی دووەمی 2017، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دەستیکردووە بە تۆمارکردنی قەوارەکان و ماوەکەشی درێژ کردەوە تاوەکو 28ی ئەیلول. دوێنێ یەکشەممە، دوای پەسەندکردنی هاوپەیمانێتییەکەیان لەلایەن کۆمسیۆنەوە، بەرهەم ساڵح لە تویتێکدا ڕایگەیاند "کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان تۆماری (هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری) پەسەند کرد، بەهیوای بەدیهێنانی حوکمڕانیی باش و دادپەروەر بۆ خزمەتی هاووڵاتییان".

بەکر سدیق، ئەندامی قەوارەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری دەڵێ "کاک بەرهەم وەک کاک نەوشیروان ناکات و دژایەتی یەکێتی و هیچ حیزبێک ناکات، بەڵکو هەوڵ دەدات لەڕێگەی ئەو بەرنامەیەی کە هەیەتی، پرۆسەی سیاسی بکەوێتەوە مەداری ڕاستەقینەی خۆی".

# گشتپرسی بکرێت گۆڕان دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت چاوەڕێی بڕیاری جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەن بۆ ئەوەی گەڕانەوە یان نەگەڕانەوە بۆ کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان. ئەندامێکی دیکەشیان دەڵێت گشتپرسی بکرێ گۆڕان دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن.

دوای دوو ساڵ لە پەکخستنی، ڕۆژی 2017/9/15 پەرلەمانی کوردستان کارا کرایەوە، بەڵام فراکسیۆنی گۆڕان و کۆمەڵ و بەرەی تورکمانی و بزووتنەوەی ئیسلامی و دوو پەرلەمانتاری مەسیحی بەشدارییان نەکرد.

بێستوون فایەق، پەرلەمانتاری سەر بە فراکسیۆنی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەم دۆخە و بەو دەستەی سەرۆکایەتییەی کە دوایین دانیشتنی کرد، ئێمە ناگەڕێینەوە دانیشتنەکان بە تایبەت تا پرسی سەرۆکی پەرلەمان بە لایەکدا نەکەوێت، پرسی مانەوەی سەرۆکی پەرلەمان لە پۆستەکەی و گەڕانەوەی ئێمەش پەیوەندی بە دوا بڕیاری جڤاتی نیشتمانییەوە هەیە".

ئەبوبەکر هەڵەدنی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان لەزاری سەرچاوەیەکی یەکێتییەوە بە (ڕووداو)ی گوت کە "یوسف محەممەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئامادەی واژۆکردنی دانیشتنی کاراکردنەوەی پەرلەمان بووە، بەڵام عومەری سەید عەلی، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لەدوایین ساتەکاندا نەیهێشتووە بەشدار بێت". هەڵەدنی گوتیشی: "ئێمە حەزمان دەکرد بە دەستەی سەرۆکایەتی ئێستا پەرلەمان کارا کرابایەوە، بەڵام ڕێز لە بڕیاری لایەنەکان دەگرین".

## زۆرینەی جڤاتی نیشتمانی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنن

(ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی باڵای گۆڕانەوە زانیویەتی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان لە ماوەی سێ ڕۆژی کۆبوونەوەیان پێش کاراکردنەوەی پەرلەمان، لەگەڵ ئەوە بوون کە د.یوسف محەممەد نەچێتەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنی گۆڕان ببێتە ئۆپۆزیسیۆن و وەزیرەکانیش دەست لەکاربکێشنەوە.

> ئەگەر لایەنەکان نەگەڕێنەوە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵدەبژێرین
>
> سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی

کاروان هاشم، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان لەبارەی بڕیاری بزووتنەوەکەی بە (ڕووداو)ی گوت "بژارەی بوونە ئۆپۆزسیۆن زۆر بەهێزە، بەڵام گۆڕان بە وردی حساب و چاودێریی هاوکێشە و گۆڕانکارییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان دەکات، بەلای ئێمەوە ئەم کابینەیەی حکومەت هیچ بنەمایەکی مانەوەی نەماوە، گۆڕان دژی درێژکردنەوەی تەمەنی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستانە بۆ دوو ساڵ".

> عومەری سەید عەلی ڕێگەی نەداوە یوسف محەممەد بگەڕێتەوە پەرلەمان

هەڵسوڕاوێکی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر ریفراندۆم بکرێت کە بەلای ئێمەوە زۆر زەحمەتە بکرێت، ئەوا دەبینە ئۆپۆزیسیۆن، ئەگەر نەکرێت دۆخێکی نوێ دێتە ئاراوە، بۆیە نامانەوێ بە پەلە بڕیار بدەین، بەڵکو چاودێریی دۆخەکە دەکەین".

## سکرتێری پەرلەمان بەبێ گۆڕان و پارتی ناگەڕێتەوە

کۆمەڵی ئیسلامی کە لە پرسی گشتپرسی و کاراکردنەوەی پەرلەمان هاوهەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان بوو لە بارەی بەشداریکردنی لە دانیشتنەکانی داهاتوو، مەرجی هەیە. مەروان گەڵاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی ئێستا نەگەڕێتەوە دانیشتنەکان وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵ بەشداری دانیشتنەکانی داهاتوو ناکەین، هیوادارین دانیشتنی دیکەش نەکرێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕی کێشەکان فراوانتر نەکرێت، هەڵوێستی ئێمە ڕوون هەر یەک لە کاک یوسف، کاک جەعفەر و شێخ فەخرەدین سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن هەر یەک لەمانە نەبێت، ئێمە بەشداری دانیشتنەکان ناکەین".

> بوونە ئۆپۆزسیۆن بژارەیەکی بەهێزە
>
> ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی

سەبارەت بە گەڕانەوەیان بۆ پەرلەمام. مەروان گەڵاڵی گوتی: "ئەگەر بە ڕێککەوتنی دوو حیزب دانیشتنەکان بەم شێوەیەی ئێستا بکرێت ئێمە بەشداری تێدا ناکەین".

> سکرتێری پەرلەمان بەبێ گۆڕان و پارتی ناگەڕێتەوە
>
> سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ

سکرتێری پەرلەمان کە لای کۆمەڵی ئیسلامییە، بەشداری کۆبوونەوەی کاراکردنەوەی پەرلەمانی نەکرد. بۆ بەڕێوەچوونی دانیشتنی ڕۆژی 15ی ئەیلول بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، بێگەرد تاڵەبانی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی بە ڕێککەوتنی پێشوەختە لە نێوان یەکێتی و پارتی وەکو سکرتێری کاتی ڕاسپێردرا، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ دەڵێت فراکسیۆنی یەکێتی ئەوانیان ئاگادار کردووەتەوە.

دلێر ماوەتی، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە چاوەڕێی گۆڕان و کۆمەڵ دەکەین، بێگەرد تاڵەبانیش تەنیا بۆ یەک دانیشتن وەکو سکرتێر ڕاسپێردراوە، بۆیە ئومێد دەکەین دەستەی سەرۆکایەتی بگەڕێنەوە".

## پارتی: پەرلەمان بۆ یەک دانیشتن کارا نەکراوەتەوە

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پەرلەمان بۆ یەک دانیشتن کارا نەکراوە، بەڵکو دەبێ وەکو دەزگایەکی چاودێری و یاسادانان ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، ئێمە زۆر هەوڵماندا بە تەوافوق و بە ڕەزامەندی سەرجەم لایەنەکان پەرلەمان کارا بکەینەوە، بەڵام لایەنەکانی دیکە نەهاتن".

ئومێد خۆشناو گوتیشی "دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە سەرۆک و سکرتێرەوە دەتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن بەڵام ئەگەر گۆڕان و کۆمەڵ قسەی کۆتایی خۆیان لەسەر نەگەڕانەوە بکەن، ئێمە دەستەیەکی نوێ بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵدەبژێرین".

## دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان

وا بڕیارە ڕۆژی 2017/9/18 چەند لێژنەیەکی پەیوەندیداری پەرلەمان، سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەی پاشەکەوتی مووچە کۆببنەوە. ئەمەش وەکو ئامادەکارییەک بۆ کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان.

دلێر ماوەتی گوتی: "لێژنەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان باسی پرسی مووچە و قووتی خەڵک دەکەن، ئومێد دەکەین فراکسیۆنی گۆڕان و کۆمەڵیش بەشداری بکەن و دانیشتنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی تەواوی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بێت بە سەرۆک و سکرتێرەوە".

بەڵام حاجی کاروان، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بە گرفتێکی یاسایی دەکات لە کۆبوونەوەی داهاتوو دەڵێت "کێشەیەکی یاسایی دروستبووە کە ئاخۆ پەرلەمان بە بڕیار سیستەمی پاشەکەوتی مووچە لاببات یان بە ڕاسپاردە، بڕیار هێزی یاسایی زیاترە، بەڵام پێویستی بە واژۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیە کە هێشتا کێشەی لەسەرە. ئەگەر ڕاسپاردە بێت پێویستی بە واژۆی سەرۆک نییە، بەڵام کاریگەریی وەکو بڕیار نییە و حکومەت پابەند ناکات بە جێبەجێکردنییەوە".

به ئەندازیاری شکستپێهێنانی ڕێککەوتنەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دادەنرێت

# کاپتن عەبادی.. بەڵێن شیرینی کردار تاڵ



مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

حەیدەر جەواد ئەلعەبادی، ئەو پیاوەی لە کوردستانەوە پێش شوێنەکانی دیکەی عێراق، دەستنیشانکردنی وەکو سەرۆکوەزیرانی عێراق پێشوازیی گەرمی لێکرا، بەڵام هەر لە سەردەمی ئەودا خەریکە یەک لەسەر سێی عێراق جیادەبێتەوە و وڵاتەکە لەبەریەک هەڵدەوەشێ.

عەبادی کە خۆی بەرهەمی هاوکێشەیەکی ورد و زۆر هەستیاری سیاسییە، چارەنووسی بە شێوەیەک لە شێوەکان بەو گشتپرسییەوە بەستراوە کە وا بڕیارە 25ی ئەم مانگە لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێ.

## لە کاپتنی تۆپی پێوە بۆ کاپتنی حکومەت

ساڵی 1952 لە بەغدا لە بنەماڵەیەکی ناسراو لەدایکبووە. بەپێی پرۆفایلەکەی کە لە پەیجە فەرمییەکەیدا بڵاوکراوەتەوە، لە تەمەنی 14 و 15 ساڵیدا کاپتنی تیپێکی تۆپی پێ بووە لە گەڕەکی کەڕادەی ڕۆژهەڵات، بەشداریی چەندین پاڵەوانێتی لە بەغدا و دیالە کردووە.

عەبادی هەر لە تەمەنی 15 ساڵیدا بووەتە ئەندامی حیزبی دەعوە، ساڵی 1975 بکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی کارەبا لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی بەغدا بەدەستهێناوە. ساڵی 1977 دەبێتە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی حیزب لە بەریتانیا، ساڵی 1979 دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی گەورەترین حیزبی ئۆپۆزسیۆنی عێراق، حیزبی دەعوە.

عەبادی تەنیا چالاکی نێو خێزانەکەی نەبووە لەنێو حیزبی دەعوەدا، بەڵکو سێ براشی ئەندامی ئەو حیزبە بوون، دوو لە براکانی لەلایەن ئەمنی عێراقەوە دەستگیرکران و دوو ساڵ لە زیندان مانەوە، دواتر لە ساڵی 1980 لەسێدارە دران، برای سێیەمیشی بە 10 ساڵ بەندکردن سزا درا.

## عەبادی ڕاستگۆ نییە

عارف تەیفوور کە دوو خول جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بووە و لە هەردوو خولەکەش حەیدەر عەبادی ئەندامی پەرلەمان بووە، لە هەڤپەیڤینێکی پێشووتری لەگەڵ (ڕووداو) باسی عەبادی دەکات و دەڵێت "هاوارم کرد گوتم عەبادی ڕاستگۆ نییە، هەموو ئامانجی خزمەتی حیزبەکەی خۆی و شەخسی خۆیەتی، من ئەزموونی زۆرم لەگەڵی هەیە، سەرنەکەوتنی هەموو ڕێککەوتنەکانی نێوان هەولێر و بەغدا خەتای عەبادی بوو، کاتێک لە کۆبوونەوەکان دەگەیشتینە ڕێککەوتن، شیعەکان دەیانگوت دەچینەوە ڕای عەبادی وەردەگرین، کەچی ئەو شکستی بە ڕێککەوتنەکان دەهێنا و بیانوویەکی دەدۆزییەوە".

عەبادی لە حکومەتی سەردەمی مەجلیسی حوکمدا بە سەرۆکایەتی پۆڵ بریمەر، حاکمی مەدەنیی عێراق، لە 2003 وەزیری پەیوەندییەکان بوو، بەگوێرەی پرۆفایلەکەشی بێت لە فەیسبووک، لە لەندەن داهێنانێک لە بواری گەیاندنی خێرا لە ساڵی 2001دا بەناوی ئەوەوە تۆمار کراوە بەوپێیەی دکتۆراکەشی هەر لەو بوارەدایە.

> شیعە هەڵوێستیان بەرامبەر مافەکانی کورد ڕوون نییە
>
> عەبادی وەکو مالیکی پەرچەکرداری نییە و ڕاوێژ بە ئەمریکییەکان دەکات
>
> غالب شابەندەر

## بەڵێن شیرینی کردار تاڵ

لە ساڵی 2006ـەوە ناوی عەبادی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران دەهێنرا، لە دوای ئەو ساڵەوە بەردەوام سەرۆکی لیژنەی دارایی و لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان بووە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. سامی ئەتروشی، پەرلەمانتاری پێشووی عێراق کە ماوەی چوار ساڵ لەگەڵ عەبادی کاری کردووە، لەبارەی ئەوەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "عەبادی پیاوێکی دیبلۆماسییە و زۆر ئاگای لە قسەکانیەتی، واتە قسە فڕێ نادات، بەڵام کێشەی زۆری لەگەڵ بودجەی ماددەی 140 و مووچەی پێشمەرگە هەبوو، بە قسە بەڵێنی شیرینی پێدەداین، بەڵام بە نووسین شتێکی دیکە بوو، بودجە پەیوەندی بە لیژنەی داراییەوە هەبوو، بەڵام لە ڕێگای لیژنەی ئابوورییەوە دەستی لە یاسای بودجە وەردەدا و هەموو ساڵێک لەسەر مافی پێشمەرگە و بودجەی ماددەی 140 کێشەی بۆ دروست دەکردین".

عەبادی لەساڵی 2005 بووە پەرلەمانتاری حیزبی دەعوە، جگە لەوە ڕاوێژکاری نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق بوو. دواجار لە 8ی ئەیلولی 2014 ، دوو ڕۆژ پێش کۆتایی ماوەی یاسایی کابینەی حکومەت کە نووری مالیکی سەرۆکی بوو، عەبادی وەکو سەرۆکوەزیران ڕاسپێردرا، لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئەو لە شوێنی مالیکی، داعش بە هێزێکی زەبەلاحەوە نزیکی بەغدا بوونەوە، پاش ئەوەی لە سەردەمی مالیکیدا مووسڵ و ئەنبار و تکریتیان کۆنترۆڵ کرد.

## مانگی هەنگوینیی کورد و عەبادی

دانانی عەبادی بە سەرۆکوەزیرانی عێراق، لەلایەن کوردەوە پێشوازی لێکرا و لە پەرلەمانیش پەرلەمانتارانی کورد متمانەیان بە

> مالیکی دەزانێت مانەوەی کورد لە عێراق دەبێتە هۆی مانەوەی عەبادی لە پۆستەکەی
>
> پەرلەمانتارێکی پارتی لە بەغدا

کابینەکەی دا. عەبادی بە پێچەوانەی مالیکی کە بە بڕینی بودجە لە شوباتی 2014 سزای کوردی دا، کەوتە دانوستاندن لەگەڵ کورد، دانوستاندنەکە لە کۆتایی 2014 ڕێککەوتنێکی لێکەوتەوە و بڕیار درا لەبەرامبەر فرۆشتنی نەوتی کوردستان، بودجە بڕاوەکەی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە، بەڵام ڕێککەوتنەکە تەنیا دوو مانگی خایاند، بەغدا و هەولێر یەکدییان تۆمەتبار کرد بە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە.

بەڵام هێشتا عەبادی پێویستی بە کورد بوو، چونکە شارێکی گەورەی وەکو مووسڵ کە لەلایەن داعشەوە داگیرکرابوو، لە کۆی پێنج دەروازەی ڕزگارکردنی، سێیان بە دەست پێشمەرگەوە بوون.

یەکەمین دیداری مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە پەراوێزی کۆنگرەی ئاسایشی جیهانیی میونشن لە 2014 بوو. عەبادی دوو جاریش سەردانی هەولێر و سلێمانی کردووە، لە بەرامبەردا بارزانی لە 2017/1/29 بە سەرۆکایەتی شاندێک سەردانی بەغدای کرد. هەڵوەشاندنەوەی نووسینگەی تایبەتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لەلایەن عەبادییەوە کە پێشتر مالیکی وەکو جێگرەوەی وەزارەتە سەربازی و ئەمنییەکان دروستی کردبوو، پێشوازی گەرمی لەلایەن بارزانییەوە لێکرا.

کەمتر لە ساڵێک لە دەستبەکاربوونی لە ئابی 2015، عەبادی دەستی بە زنجیرەیەک چاکسازی کرد، بەهۆیەوە هەر یەک لە پارتی، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ، پۆستی جێگری سەرۆکوەزیران و دوو وەزیری دەوڵەتیان لەدەستدا. سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوونکردنەوەیەکدا جگە لەوەی پێشوازی لە هەر چاکسازییەک کرد، لە هەمانکاتدا ڕایگەیاند کە ئەو چاکسازییانە بەبێ ئاگاداری و هاوئاهەنگی بووە لەگەڵ بارزانی. کەچی بەدوای ئەوەدا، ئەمجارە هۆشیار زێباری وەزیری دارایی و چەندین بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی لە پۆستەکانیان دوورخرانەوە و تا ئێستاش شوێنی زۆربەیان بەتاڵە.

عارف تەیفوور دەڵێ: "عەبادی چاکسازیی پێ ناکرێت، من زۆر باش دەیناسم، چونکە دوو

> بەڵێنی شیرین دەدات، بەڵام جێبەجێی ناکات
>
> سامی ئەتروشی

خول لە پەرلەمان بەیەکەوە بووین، پیاوێکی زۆر درۆزنە و خاوەن بەڵێنی خۆی نییە، زۆرتر بەدوای دەستکەوتەوەیە بۆ حیزبەکەی".

## نەوشیروان مستەفا و عەبادی

لە ئەیلولی 2014دا، حەیدەر عەبادی سەردانی شاری سلێمانی کرد و لەگەڵ هەریەک لە گۆڕان و یەکێتی کۆبووەوە، لە یەکەم دیداریشدا وەکو سەرۆکوەزیرانی عێراق، نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری کۆچکردووی بزووتنەوەی گۆڕان ئامۆژگاریی کردووە و پێیگوتووە کە "مانەوەی کورد لە عێراق بەدەست تۆیە، دەتوانی پاڵ بە کوردەوە بنێیت لە عێراق جیاببنەوە، دەشتوانی بیانهێڵیتەوە".

## ئەوەی بۆ حەشدی کرد بۆ پێشمەرگەی نەکرد

تێپەڕبوونی هێزە عێراقییەکان بە نێو سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ و ئاوێتەبوونی خوێنی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە شەڕێکی هاوبەشدا وەکو ڕووداوێکی مێژوویی لەلایەن عەبادییەوە لێکدرایەوە. هەرچی مەسعود بارزانی فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانە، لە سەروبەندی بانگەشەی گشتپرسیدا چەندینجار باسی ئەوەی کرد کە بەغدا یەک فیشەکی بۆ پێشمەرگە نەناردووە، 10 ساڵە مووچە و پێداویستیی پێشمەرگە نانێرێ، بەڵام بە دوو کاژێر یاسای حەشدی شەعبی پەسەند کرد و ملیاران دۆلاری خستە بەردەستی ئەو هێزە.

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: "عەبادی جیاوازییەکەی لەگەڵ مالیکی ئەوەیە هەڕەشە ناکات و زمانی توندوتیژ نییە، مالیکی هێشتا F16ی بۆ نەهاتبوو هەڕەشەی لە کوردستان دەکرد، خۆ دەیتوانی لەگەڵ یاسای حەشدی شەعبی حەقی پێشمەرگەش بدات، بەڵام نەیکرد".

## پێگەی لەنێو حیزبەکەیدا لاوازە

ئەگەرچی عەبادی لەنێو حیزبی دەعوە، بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخستنی لوبنان، بەریتانیا و گوتەبێژی فەرمیی حیزب بووە، بەڵام وەکو شاخەوان عەبدوڵڵا باسی دەکات، پێگەی لەنێو دەعوە لاوازە "عەبادی لەنێو حیزبەکەی خۆی و شیعەکاندا لاوازە، ئەگەر سەیری ژمارەی دەنگەکانیشی بکەی، ئەو ڕاستییەت بۆ دەردەکەوێ، بەڵام لەبەر ئەوەی پشتگیریی ئەمریکای هەبوو، توانی ئەو پۆستە وەربگرێت، ئێستاش گوشاری زۆری مالیکی و شیعەکانی لەسەرە بۆ ئەوەی دژایەتیی کوردستان بکات".

عەبادی بە پێچەوانەی هاوڕێیەکانی، خەباتی چەکداری لە باشوور و چیاکانی کوردستان لە دژی حیزبی بەعس نەبووە، بەردەوام لە بواری تەکنۆلۆژیا کاری کردووە. لە زانکۆی برۆنیل لە کۆلیژی ئیسلامی لە لەندەن لە بواری زانستی قورئان وانەبێژ بووە، لە پسپۆڕییەکەی خۆیشی سەرقاڵی کاری بزنس بووە. عزەت شابەندەر، یەکێک لە سیاسەتمەدارە ناسراوەکانی شیعە کە ماوەیەکی زۆر لە ڕیزەکانی حیزبی دەعوەدا کاری کردووە، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا گوتی: "گەمژەترین مرۆڤ لە نێو ڕێکخستنی حیزب عەبادییە".

## بەربەستی بەردەم گەڕانەوەی مالیکی

لە دوایین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقدا عەبادی سێ جار وشەی "گفتوگۆ"ی بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەکارهێنا، پێشتریش ئاماژەی بەوە کردووە کە بۆ ڕێگرتن لە گشتپرسی تانک نانێرنە سەر کوردستان.

بە بۆچوونی شاخەوان عەبدوڵڵا "عەبادی دەیەوێ کورد لە عێراقدا بمێنێتەوە، چونکە بە هاوکاریی کورد بووە سەرۆکوەزیران، مالیکیش پێیوایە ئەگەر کورد لە عێراق بمێنێتەوە عەبادی جارێکی دیکە دەبێتەوە سەرۆکوەزیران، بۆیە زۆربەی ئەو بڕیارانەی لە پەرلەمانی عێراق لە دژی کورد و بەرپرسانی کورد دەگیرێنەبەر هەمووی جەماعەتی مالیکی لە پشتییەوەن".

غالب شابەندەر، گەورە سیاسەتڤانی شیعە کە تەمەنێکی زۆری لە ڕیزەکانی حیزبی دەعوەدا بەسەربردووە، پێیوایە جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە عێراق، ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزییەکی زۆر دەبات و ڕەخنەش لە دەسەڵاتی شیعە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەگرێت. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "شیعە کە لە دوای 2003 وە دەسەڵاتدارن، ڕوانگەیەکی ڕوونیان بۆ مافەکانی گەلی کورد نییە، کەمتەرخەمن و ڕەخنەی زۆرم لێگرتوون بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنی وڵات، حیزبی دەعوە

> نەوشیروان مستەفا بە عەبادیی گوتبوو جیانەبوونەوەی کورد لە عێراق بەدەستی تۆیە

وەکو حیزبەکەی جاران نەماوە، بووەتە حیزبی دەسەڵات و حیزبی خێزان".

غالب شابەندەر کە هەندێک بە عەلی شەریعەتیی شیعەکانی عێراق ناوی دەبەن، لەبارەی دروستبوونی گرژی لە نێوان هەولێر و بەغدا گوتی: "عەبادی حیسابی هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەکات، بۆیە لە پرسی گشتپرسی کوردستان توند نییە، بەڵکو ئەوەی زۆر توند و دژە، ئێران و تورکیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتین. عەبادی ڕاوێژی زۆر بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەکات، وەکو مالیکی پیاوی پەرچەکردار نییە، دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ هاوکێشەکان بکات، بۆیە شەڕی نێوان هەولێر و بەغدا بە دوور دەزانم".

غالب شابەندەر کە دەیان لێکۆڵینەوە و نووسنی دەربارەی شیعەو حیزبی دەعوە وکاری ئیسلامی هەیە، ئاماژە بەوە دەکات کە هەستی نیشتمانی لە عێراق بەهۆی ململانێی سەفەوی و عوسمانی لاواز بووە، بەڵام کورد هەستی نیشتمانییان هەیە، بۆیە داوای کۆنفیدراڵی لە نێوان کوردستان و عێراق دەکەن و دەڵێ "کاک مەسعود پیاوێکی سیاسی و خاوەن ئەزموونە، دەزانێت ناوچەکە هەموو دژی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقن، بۆیە پرۆژەی کۆنفیدراڵی باشترین چارەسەرە کە عێراقیش بەهێز دەکات و هەرێمی کوردستانیش بەهێز دەکات و پێگەی هەردوولا لە ناوچەکەدا بەهێزتر دەکات".

بڕینی مووچە و قووتی خەڵکی کوردستان لەلایەن مالیکییەوە، بەلای بارزانییەوە لە "ئەنفال" ترسناکتر بوو، بەڵام عەبادی نەیتوانی مووچە و بژێویی خەڵکی کوردستان بگەڕێنێتەوە، بەڵکو لە هەموو گفتوگۆ و دانوستاندنەکاندا حیسابی بەرمیلە نەوتێک لەگەڵ شاندی کوردستان دەکات، ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی تەواوی دەربڕی بۆئەوەی هەموو نەوتەکە ڕادەستی بەغدا بکات لە بەرامبەر دابینکردنی مووچەی ملیۆنێک و 400 هەزار مووچەخۆر، بەڵام بەغدا ئامادەیی دەربڕی تەنیا مووچەی 750 هەزار مووچەخۆر بدات، بەمەش بڕینی قووتی خەڵک لە سەردەمی عەبادیشدا بەردەوام بوو.

## عەبادی ڕۆڵی هەرێمایەتی بۆ عێراق گەڕاندەوە

ئەگەرچی عەبادی هەوڵیدا دوور لە تائیفەگەری مامەڵە لەگەڵ شەڕی داعش و عێراقی دوای مالیکی بکات، بەڵام ڕێگرتن لە چوونی ئاوارەکانی ئەنبار و فەللوجەو ناوچە سوننییەکانی دیکە بۆ شاری بەغدا و گواستنەوەیان بە فڕۆکە بۆ هەولێر و پێشێلکارییەکانی حەشدی شەعبی لە مووسڵ، هەموو ئەمانە ئاماژە بوون بۆ بەردەوامیی سیاسەتی تائیفی لە عێراق، بەڵام عەبادی خۆی بە بەشێک لەو ناکۆکییە تائیفییە نەزانیوە. لە بەرامبەر پێشێلکارییەکان لیژنەی جۆراوجۆری پێکهێناوە، لە لێدوانەکانیشیدا بەردەوام دژی بڵاوبوونەوەی چەک بووە لە دەرەوەی سوپای عێراق و دژی تێکەڵبوونی حەشدی شەعبییە بە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردن، بەڵام ئەمری واقیع ناچاری کرد لە دابینکردنی بودجەی زەبەلاحدا بۆ حەشدی شەعبی، وەکو فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان واژۆی لەسەر بکات. عەبادی لە ناکۆکیی ئێران و سعودیەدا بێلایەن بوو، پاشان بووە نێوبژیوان، هەروەها لە کێشەی نێوان وڵاتانی کەنداو و میسردا لەگەڵ قەتەر بە هەمانشێوە بێلایەنیی خۆی پاراست، بەپێی لێکدانەوەی شرۆڤەکارانی سیاسی، عەبادی بەوە توانی ڕۆڵی هەرێمایەتی تا ئاستێکی باش بۆ عێراق بگێڕێتەوە.

## حەز و ئارەزووەکانی

لە پەیجە فەرمییەکەی حەیدەر عەبادیدا کە (1,247,882) لایک و (1,236,737) فۆڵۆوەری هەیە، حەز و ئارەزووەکانی خۆی بەیان کردووە. ئەو کتێبانەی حەزی لێیانە بریتین لە: بازرگانی ڤینیس لە نووسینی شکسبیر. 1984 لە نووسینی جۆرج ئۆروێل. فەلسەفەی ئێمە لە نووسینی محەممەد باقر سەدر، هەروەها نامەکانی نێوان جەواهیر لال نەهرۆ بۆ گاندی. عەبادی حەز لە بینینی فیلمەکانی (مەتریکس، گادفازەر، پاکبوونەوە لە گوناه، شەوشانک) دەکات. لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانیش (جەلالەددین ئەفغانی).

"خاڵی سەرەکی بۆ سەرکردەیەک ئەوەیە دڵی فراوان بێت" ئەم گوتەیە بە دڵی عەبادییە و حەزە گشتییەکانیشی بریتین لە: ئەدەبیات، چوونە دەرەوە بۆ نێو سروشت، پرۆگرامینگی کۆمپیوتەر و مێژوو.

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە ( 473 ) - دووشەممە 2017/9/18



## حدکا هاتە نێو کەمپینی گشتپرسی

**ڕووداو- هەولێر**

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) کەمپینێکی پشتیوانی لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان لەژێر ناوی "بەرەو دەوڵەتی کوردستان" ڕاگەیاند. بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی فەرمی حدکا، ئەم کەمپەینە بە دروشمی "گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بوژانەوەی کۆماری کوردستانە"، واژۆ بۆ پشتیوانی لە "سەربەخۆیی کوردستان" کۆدەکاتەوە. .حدکا داوای لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆی لە دەرەوەی وڵات و باشووری کوردستان کردووە، لە ئاهەنگ و هاندانەکان بۆ پشتیوانی لە گشتپرسی و سەربەخۆیی باشووری کوردستان بەشداری بەرچاویان هەبێت. حدکا هەروەها داوای کردووە لە ڕۆژی بەڕێوەچوونی گشتپرسیشدا ئاڵای کوردستان بەرزبکەنەوە و جلوبەرگی کوردی لەبەربکەن و لە شوێنە گشتییەکاندا ئامادەبن.



سەڵاحەدین دەمیرتاش

# بەرەو ریفراندۆمی باشوور

## سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد وەک شیری دایک حەڵاڵە

جوگرافیای کوردستان لەگەڵ ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆت و قەسری شیرین لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە کەوتە بەر هەژموونی دابەشکارییەکی کردەیی، باجی ئەم دابەشکاری و داگیرکارییەش لەم سەد ساڵەی دواییەدا بە قورسترین شێوە درا. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دوای پارچەبوونی ئیمپراتۆریی عوسمانی، کورد کە نەیتوانی دەوڵەتی خۆی دروست بکات، دروست هاوشێوەی کۆلۆنییەک تاڵان کرا. بە شیاوی کۆمەڵکوژی، زۆرلێکردن و سووکایەتی دانرا. هەڵبەت بیرهێنانەوەی سەرجەم ئەم ڕاستییە تراژیدیانە پێویست نییە، بەڵام کورد لە دژی ئەو سیاسەتی زوڵم و داگیرکارییە، لەگەڵ هەموو ئەو ئیمکانیەتانەی لەژێر دەستیاندا بوو، بە باجدانی زۆرەوە بەرخودانێکی قارەمانانەیان کرد و وەک گەلێک کە لە خۆڵەمێشی خۆیان هەستاونەتەوە، توانییان پێ بنێنە سەدەی بیست و یەکەوە.

چ لە پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان پێشهاتە جیهانییەکاندا بێت، بەرخودانی کورد لەسەر خاکی خۆیان بۆ ئازادی بووەتە وەرچەرخانێک بۆ ناوچەکە و جیهانیش. ئیدی کورد وەک ئیتنیک تەنیا بۆ کورد نا، بەڵکو بۆ هەموو گەلە چەوساوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە پێشەنگ و هیوا.

لە نەمر مەلا مستەفا بارزانییەوە بۆ شەهید قازی محەممەد، لە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە بۆ بەڕێز جەلال تاڵەبانی تا دەگاتە بەڕێز مەسعود بارزانی، هەموو سەرکردە و پێشەوا کوردەکان خەباتی مەیدانخوازانەیان بۆ بە ئامانجگرتنی دەوڵەتی سەربەخۆ بووە بۆ گەلی کورد. لە کاتێکدا گەلی کورد بەرخودانی درێژمەودای سەربەخۆیی درێژە پێدەدەن، گۆڕانکارییەکانی جیهان بە خێرایی ڕوویاندا. هەڵبەتە نایەن بڵێن با هەموو دونیا لە شوێنی خۆی بوەستێ تا کورد وڵاتی خۆیان دەخەنە ڕیزی گەل و وڵاتانی دیکە و دواتر بەیەکەوە پێشدەکەوین.

کاتێک کە کوردستان دابەشکرا چەمکگەلی وەک: "نەتەوە، دەوڵەت، دیموکراسی، ئازادی، کۆمەڵگە، تاک، ئابووری، دیپلۆماسی، سوپا، شەڕ، ئاشتی، پەروەردە، تەندروستی، ژن، سروشت، سنوور، ئاسایش، دەسەڵاتداریتی، سەربەخۆیی و تاد، دەکرێت بەراورد بە ئەمڕۆ چیتر هەمان مانا نەگەیەنن. درێژبوونەوەی خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان تا بە دوایین سەدە دەگات، ڕێگەی لەبەردەم بەرەورووبوونەوەمان لەگەڵ ڕاستینەیەکی

> هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە بارزانی بە نیەتێکی باشەوە کار بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد دەکات

ئاوا خۆشکرد.

دەستپێک و کۆتایی خەباتی سەربەخۆیی بە درێژایی مێژووی جیهان هاوشێوەی نەبووە، لە دەیان هەزار ساڵەی مێژووی کەڵەکەبووی مرۆڤایەتیدا گۆڕانکاری و پێشهاتی زۆر ڕوویاندا. پێشەوا و نوێنەرانی گەلی کورد بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە، کارکردنیان بۆ ڕەچاوکردنی ئاسۆیەک بۆ داهاتوو باشتر دەبێت. پێویست دەکات سەربەخۆیی و ڕزگاریی درەنگکەوتەی کوردستان بە مۆدێل و مانای سەد ساڵی ڕابردوو نەبێت، بەڵکو دەبێت بە ڕوانگەی پێشکەوتووترین مۆدێل وتێگەیشتنی سەدەی داهاتووەوە بینا بکرێت. هاوشێوەی هەموو گەلانی دونیا گەلی کوردیش شایستەی ئەمەیە، شایانی ئەمەیە و لەمەشدا سەردەکەوێت.

لەم قۆناغە مێژووییەدا ئەوە بە ڕوونی دەبینرێ کە هیچ لایەنێکی کوردستانی دژی بزاڤی کوردستانێکی سەربەخۆ نییە. لە سەرەتاوە ئەو گەنگەشەیەی ئێستا لەنێوان "لایەنگرانی سەربەخۆیی" و "دژبەرانی سەربەخۆیی"دا هەیە، دەبێ ئەوە بسەلمێنرێ کە ناچێتە ڕێوە. نابێ هیچ بزووتنەوەیەکی کوردی ئەم گەنگەشانە مۆنۆپۆڵ بکات و وای نیشان بدات کە جیاوازییەکی ئاوا لە ئارادا هەیە. ئەو گەنگەشە فرەڕەهەندییە ماندووکەرانە سوودی بۆ هیچ لایەک نابێت.

### ڕەخنە و ڕێز

هاوشێوەی هەموو گەلانی دونیا، گەلی کوردیش لەسەر خاکی خۆیان مافی ئەوەیان هەیە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، هەروەها چۆنیش ئەو مافەیان بەکار دەهێنن ئەوە تەنیا ئەو خەڵکەیە بڕیارێکی وەها دەدەن. لە ئەنجامی ئەزموونی سەدان ساڵە، هەوڵدان و کەڵەکەکردن، ڕێککەوتننامەی مافەکانی مرۆڤ بووە نۆرمێک، بۆ ڕێزنەگرتنیش لەو نۆرمە تەنیا و تەنیا پێویست دەکات فاشیست بیت. بە تایبەت کە بنەما و ڕیشەی گەنگەشەی نێوان حیزب و بزووتنەوە کوردییەکان ئەمە نییە. سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد وەک شیری دایک حەڵاڵە. هەموو کەسێکیش پێویستە ڕێز لە هەر بڕیارێک کە گەلی کورد بە ئیرادەی هاوبەش داویەتی، بگرێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوەی پێویستە پشتگوێ نەخرێ و بە هەند وەربیگرن، چەند نیگەرانی و پێشنیارێکن، کە نابێ خەڵکی کورد و حیزبە کوردییەکان فەرامۆشی بکەن. بنەمای ئەم نیگەرانییەش ئەوەیە ئەو بەرخودانەی سەدان ساڵە بەردەوامی هەیە و لە کۆتاییدا شێوەی گرتووە، ئەگەری لەباربردنی دەرفەتی سەربەخۆیی هەیە. چونکە ئەو مۆدێل، چەمک، دەسەڵاتداریتی، پەیوەندی و ڕێککەوتنانەی بە شێوازی سەد ساڵی ڕابردوو هەنگاویان بۆ دەنرێت، ڕەنگە لە ساتێکدا کورد بخاتە بەردەم سەختیی زۆر و بەرەورووی هەڕەشەی زۆریان بکاتەوە، کە دەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم پێشبینی و پێشنیارە دۆستانانە درێژە بە پرۆسەکە دەدرێت.

### دەبێ پەرلەمان لەکاردابێت

ئەو ڕەخنە و پێشنیارانەمان کە بۆ هەرێمی فیدراڵیی کوردستان و خەڵکەکەیمان کردووە، ئامانج لێی بەهێزکردن و پشتیوانیکردنی ڕێککەوتن بووە. ئەگەرنا ئێمە خۆمان ناخەینە شوێنی ئەوان و بڕیار لەباتی ئەوان نادەین و عەقڵیان پێ نادەین. بەڵام هەم لە ڕووی سیاسییەوە، هەم لە ڕووی مێژوویی و ئەخلاقییەوە خستنەڕووی ئەم پێشنیارانە ئەرک و مافی ئێمەیە. ئەگەر هەرێمی فیدراڵی کوردستان پەرلەمانەکەی بخاتەوە گەڕ، هەڵبژاردن نوێ بکاتەوە و بەهێزی بکات، ئەگەر بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هاوشێوەکانی لە پەرلەمانەوە دەربچن، ئەمە هەم دیموکراسی پتەوتر دەکات، هەم شەرعیەتی نێودەوڵەتی زیاتری پێ دەدات، هەر ئەنجامێکیش دەربچێت هەموو گەل خاوەنداری لێ دەکات و دەیپارێزێ.

ئاشکرایە دۆخی داخستنی دوو ساڵەی (دەمیرتاش سێ ساڵی نووسیوە) پەرلەمان، ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن و دۆخی ڕێگەنەدان بە سەرۆکی پەرلەمان و ئەندام پەرلەمانەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ گەڕانەوەیان بۆ پایتەخت، دۆخێکی خوازراو و دڵنیاکەرەوە نییە.

### کۆنگرەی نەتەوەیی یەکیدەخات

بەتایبەت برایانم لە باشووری کوردستان، پەرلەمانی خۆجێیی و دەسەڵاتەکەی بگەڕێننەوە پێش ئەم قۆناغە، ئەمە پێویستییەکی حەتمیە.

> ئەنجامی ئەم بەرخودانە بۆ کورد و گەلانی دیکەش بە خێر کۆتایی دێت

هاوکات لەگەڵ ئەمەدا کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێتە پشتیوانییەکی زۆر گرنگ بۆ ئەوەی هەنگاو هەڵبنێ تاوەکو قۆناغی سەربەخۆیی بەشێوەیەکی دروست، تەناهی و بە شوێنپێی قایمەوە بەڕێوەبچێت و دڵنیایی ئایندە بدات.

لە کاتێکدا کە هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی دەنێت، پێویست دەکات هەر ڕێکارێک کە دەیگرێتەبەر، بە ڕۆحیەت و ڕوانگەیەکی نەتەوەیی یەکگرتووەوە لە ڕێگەی ئەو کۆنگرەیەوە بێت. پێویستە وەها هەنگاوبنێت لەسەرووی هەموویانەوە تەناهی، دیپلۆماسییەت، ئابووری و هەروەها مۆدێلەکانی بەڕێوەبردن، تەندروستی، پەروەردە، کشتوکاڵ، کولتوور و هونەر، دادپەروەری، پێکهاتەی کۆمەڵگای دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی و هەموو پرسەکانی هاوشێوەی ئەمانە لە چوارچێوەی سیاسەتی نەتەوەییدا ڕێکبخرێن و سەرجەم حیزب- بزووتنەوەکان پابەند بەم بزاوتە بکرێن و کار بکەن. پێویستە هەر بڕیارێک کە دەدرێ بە ڕۆحیەتی پاراستنی هاوبەش، بە هێزی هاوبەشی دیپلۆماسی و هێزی ئابووری هاوبەشەوە جێبەجێ بکرێ. بە بۆچوونی ئێمە کارکردن بەمشێوەیە بەخێری هەرێمی کوردستانە. پێویست دەکات سەرجەم ئەو ناسنامە و بڕوا جیاوازە کەڤنارانەی لە کوردستان دەژین وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی لەو کۆنگرەیەدا بە ناسنامەی خۆیانەوە بەشداری بکەن. گەرەکە یەکێتی نەتەوەیی بەو تێگەیشتنەوە کە لەیەک جیانابنەوە، بەرەو سەربەخۆیی بچن.

ئاگادارین کە هەرێمی کوردستان هاوکات لەگەڵ خەڵکی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا چوونەتە نێو قۆناغی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی. ئەگەر تێبینی بکەین، دەبینین سەرجەم کارەکانی ڕیفراندۆم، پەرلەمانی کەتەلۆنیا و زێدەتر لە 600 شارەوانی بەڕێوەی دەبەن. بێگومان هەرێمی کەتەلۆنیا و هەرێمی کوردستان لە ڕووی سۆسیۆلۆژی و سیاسییەوە بەیەک بەراورد ناکرێن، بەڵام بە ڕەچاوکردنی وەک نموونەیەکی سەردەم سوودی هەیە.

### نزیکبوونەوەی بێ پێشداوەری

لەم چوارچێوەیەدا گرنگە ئەوەش بڵێم، پارتی دیموکراتی کوردستان بزووتنەوەیەک، حیزبێکە کە خودان ڕەگوڕیشەیەکی بەهێزە لە باشووری کوردستان. بە ڕێبەرایەتی مەلا مستەفا، خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە بە فیداکاری، قارەمانانە هەمیشە پێگەی شکۆ و ڕێزداری خۆی دەپارێزێت. بەڕێز مەسعود بارزانی کە میراتی ئەوی وەرگرتووە و درێژە بە خەباتی ئەو دەدات، سەرکردەیەکی ڕێزدار و شکۆمەندی کوردە. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەویش بە نیەتێکی باشەوە کار دەکات بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد. بەڵام لەو بڕوایەدام ئەگەر خۆی و حیزبەکەی پشتیوانی و هێز بدەنە کاری هاوبەشی نەتەوەیی، پەرلەمان کارا بکرێتەوە و بخرێتەوە کار بۆ ڕێچکەی سەربەخۆیی، پێموایە پێشنیار و ڕەخنەی دۆستانە و ڕەوا وەربگرن باشتر بێت. ئەم پێشنیارانە نە هێزی خۆی نە ڕێزی کەم دەکاتەوە، بە پێچەوانەوە ڕێز و هێزی لەلای خەڵک زیاتر دەکات. هەروەها نابێتە هۆکاری لەدەستدانی هەلی ڕیفراندۆم، دروست بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ هەڵنانی هەنگاوی بەهێزتر، کاریگەرتر و عەقڵانیتر.

دواجار هەرێمی فیدراڵیی عێراق و ڕۆژئاوا لە مانگ و ساڵانی داهاتوودا لەبەردەم پێشهاتی مێژوویی گرنگدان. بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەبارەی سەد ساڵی داهاتووی ژیانی دیموکراسی، کۆمەڵگەی دیموکراسی، نەتەوە و دیموکراسی و هەروەها مۆدێلی دەسەڵاتە دیموکراتییەکان ڕوانگە و پێشنیار و دەستنیشانکاریی گرنگی هەن، وەلاتانی پێشداوەرییەکان شەنوکەوکردن و تێگەیشتن لێی تەنیا بۆ گەلی کورد نا، بەڵکو بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە و بۆ پێکەوەژیانێکی ئازادانە، یەکسان و ژیان لە ئاشتەواییدا ئاسۆیەکی فراوان دەکاتەوە.

لە کاتێکدا کە کوردستان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی دەنێت، بە درێژایی پرۆسەکە و هەروەها بۆ تێرکردنی ناواخنی ئەو سەربەخۆییە، بۆ بەدیهێنانی ئەو دیموکراسیە بەهێزەی کە خەڵکی کوردستان شایستەیەتی، پێویستە بۆ هەر بۆچوونێک کراوە بین و بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئاکارێکی شکێنەر و بێزارکەر، بەبێ ئەوەی یەکدی مەحکوم بکەین و خەتابار بکەین، گفتوگۆ بکەین.

ئەنجامی ئەم بەرخودانە بۆ کورد و گەلانی دیکەش بە خێر کۆتایی دێت. لە دڵەوە بڕوام بەوە هەیە و هەموو سیاسییەکانی کوردستان، حیزبەکان، بزووتنەوەکان بانگهێشت دەکەم تاوەکو لە چواردەوری کاری هاوبەشی نەتەوەیی کۆببنەوە. پڕ بە دڵ سڵاو و ڕێزی خۆم لە پێش هەمووان بۆ خەڵکەکەمان کە لە باشووری کورستان دەژین و گەلی باکوور، ڕۆژئاڤا، ڕۆژهەڵات و کوردی دیاسپۆرا دەنێرم، لە کانگای دڵەوە درێژە بە پشتیوانی و هاوشانیمان دەدەین لەگەڵ خەڵک و براکانمان.

**سەلاحەدین دەمیرتاش**
**زیندانی ئەدیرنە**

**وەرگێڕانی لە تورکییەوە: فەرهاد چۆمانی**

***ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی ئۆزگورجیولوک دیموکراسی لە 2017/9/16 بڵاوکراوەتەوە.**

# ئێران کارتی سووتاو بۆ دژایەتی سەربەخۆیی بەکاردێنێ



ئێران هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامە ئەمنی و سەربازییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکات (فۆتۆ: ڕووداو)

**ناسر پیرۆتی**
**ڕووداو- هەولێر**

سووربوونی سەرکردایەتیی سیاسی باشووری کوردستان لەسەر بەڕێوەبردنی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی لە 25ی ئەیلول، بەرپرسانی ئێرانی ناچار کرد، زووتر لەو وادەیەی چاوەڕوان دەکرا، کارتەکانیان بۆ پێشگرتن لە سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان بخەنەڕوو، بە تایبەتی کارتی ئابووری، بەڵام شارەزایانی ئابووری دەڵێن ئەگەر ئێران دەست بۆ کارتی ئابووری ببات، خۆی زەرەر دەکات.

عەلی شەمخانی، سکرتێری ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران ڕۆژی یەکشەممە 2019/9/19 ڕایگەیاند: "ئێران تەنیا حکومەتی یەکپارچە و فیدراڵی عێراق بە فەرمی دەناسێ. ئەگەر هەرێمی کوردستان لە عێراق جیابێتەوە، پێداچوونەوە بە سەرجەم ڕێککەوتنەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن.

ڕێککەوتنەکانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەبواری ئابووری و ئەمنین. شەمخانی گوتی "ئەگەر هەرێمی کوردستان لە عێراق جیابێتەوە، سەرجەم دەروازە و ڕێوڕەوە سنوورییەکان دادەخەین". ئەو بابەتە ئەوەندەی وەک کارتی گوشار بۆ ئێران گرنگە،

> داخستنی سنوور لەسەر ئێران قورس دەکەوێ
>
> پسپۆڕێکی ئابووری

ئەوەندەش هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی ئەو وڵاتە. لە 2009- وە کە گەمارۆکانی ڕۆژئاوا لەسەر ئێران زیادبوون، بەشێک لە پێداویستییەکانی ئێران کە بەهۆی گەمارۆکانەوە ڕاستەوخۆ ناتوانێ هاوردەیان بکات، لە ڕێگەی سنوورە فەرمی و نافەرمییەکانی هەرێمی کوردستانەوە دەگەنە ئەو وڵاتە و ئەو ئاڵوگۆڕە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە. هەروەها بابەتی گرنگتر، پەیوەستبوونی بژێویی ژیانی بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە داهاتی سنوورەکان و هەرکات حکومەتی ئێران بۆ ماوەی کاتیش، ئاستەنگی لەبەردەم جموجۆڵی کۆڵبەری و بازرگانی لە دەروازەکان دروستکردبێ، ناڕەزایەتی لە شارە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکەوتووەتەوە.

هۆشیار ڕۆستەمی کە شارەزای ئابوورییە و بەهۆی کارکردنی لە ڕۆژنامە ناسراوەکانی ئێران ئاگاداری پلانە ئابوورییەکانی حکومەتی ئێرانە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێران نە دەتوانێ و نە دەشبێ سنوورەکان دابخات".

ڕۆستەمی هەروەها دەڵێت: "داخستنی سنوورەکان بۆ ئێران تێچووی زۆری هەیە، چونکە بەشی زۆری شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چالاکییە ئابوورییەکانی ئەو سنوورانەوە بەستراوەتەوە".

بەگوتەی ڕۆستەمی، ئەو هەڕەشەیە تەنیا بە مەبەستی دروستکردنی کارتی گوشارە و ئەگەریش سنوورەکان دابخرێن بۆ ماوەیەکی کاتی و کەم دەبێت. دەشڵێت: "ئەگەر ڕێژەی دەنگی بەڵێ لە گشتپرسیدا زۆر بێت، ئێران بەشێوەیەکی جیاواز لە هەڕەشەکانی، هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکات. گوشارەکانی ئێران بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی زیاترە ئەگەر سەربەخۆیی ڕابگەیێندرێ".

یەک لەو کارتانەی دیکە کە ئێران هەڕەشە پێ لە باشووری کوردستان دەکات، هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ئەمنییە بۆ کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵی چەکداریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەرێمی کوردستان لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕێککەوتننامەیەکی لەلایەک لەگەڵ ئێران و لەلایەکی دیکە لەگەڵ بەشێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، ئێران نابێ لە خاکی باشووری کوردستان هێرش بکاتە سەر بارەگا و بەرپرس و پێشمەرگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات. لەبەرامبەریشدا ئەو حیزبانە نابێ لە باشووری کوردستانەوە هێرش بکەنە سەر ئێران. عەلی شەمخانی دەڵێت "لە ئەگەری جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان ئەو ڕێککەوتننامەیە چیدی بەردەوام نابێ و کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی لە هیچ هەنگاوێک ناپارێزێت بۆ نەهێشتنی دڵەڕاوکێ ئەمنییەکانی".

محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە حیزبەکەی نزیکەی 3 ساڵە دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێی چالاکی چەکداری ڕاگەیاندووە، ئەگەری هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگاکانیان لە باشووری کوردستان لەلایەن ئێرانەوە بەدوور نابینێ و دەڵێت: "هیچ شتێک لە کۆماری ئیسلامی بەدوور نابینین".

دەشڵێت ئەگەر لە خاکی باشووری کوردستان هێرشیان بکرێتە سەر، بە واتای "دەستپێکردنی شەڕ"ـە و ئەوەش دەستی ئەوان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و وەڵامدانەوەی هێرشەکانی ئێران دەکاتەوە لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

> ئێران لە باشووری کوردستان هێرشمان بکاتە سەر، دەستمان لە ڕۆژهەڵات واڵا دەکات
>
> بەرپرسێکی حدکا

## هەرێمی کوردستان دەتوانێ عێراق تینوو بکات؟

# ساڵانە 25 ملیار مەتر سێجا ئاو بە هەرێمی کوردستاندا بۆ عێراق دەڕوات

ساڵح قادر
ڕووداو- هەولێر


حەیدەر عەبادی بە بەلەمێکی کۆن لە هۆرەکانی قەزای جەبایش لە پارێزگای زیقار دەسووڕێتەوە

هەفتەی ڕابردوو چەند وێنەیەکی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لەنێو کۆنە بەلەمێکی بچووکدا لە نێو هۆرەکانی قەزای جبایش لە پارێزگای زیقار بڵاوبوونەوە. بەشێکی ئاوی ئەو هۆرە لەو 25 ملیار مەتر سێجا ئاوەوە دابین دەبێت کە ساڵانە لە ڕووبار و زێیەکانی هەرێمی کوردستاندا دەگاتە شارەکانی باشووری عێراق تاوەکو دەڕژێتە کەنداوەوە، بەڵام هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە و لەم کاتەشدا ناتوانێ ئەو ئاوە وەکو کارتێکی گوشار بەرامبەر بەغدا بەکاربهێنێ. شارەزایەکی سەرچاوە ئاوییەکان دەڵێت دروستکردنی بەنداوی بێخمە لە داهاتوودا دەبێتە کارتی بەهێزی کورد بەرامبەر بەغدا.

بەغدا ڕۆژ بەڕۆژ کارتی تازە لە دژی کوردستان بەکاردێنێ، نوێترین کارت کە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو بەکاریهێنا، لادانی نەجمەددین کەریم، پارێزگاری کەرکووک بوو لە پۆستەکەی بە دەنگی 173 ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. هەرچەندە هەرێمی کوردستان بەبێ کارت نییە بەرامبەر بەغدا و خاوەنی بەهێزترین کارتە کە ئەویش ئاوە، بەڵام بەکارهێنانی ئەو کارتە لەم کاتەدا لە ڕووی تەکنیکی و سیاسی و مرۆییشەوە ڕێی تێناچێ.

بەپێی دوایین توێژینەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان 40%ی دانیشتووانی جیهان بەدەست کێشەی کەمئاوییەوە دەناڵێنن. پێشبینی دەکرێت لە 15 ساڵی داهاتوودا، نزیکەی دوو لەسەر سێی دانیشتووانی جیهان بەرەورووی کێشەی کەمئاوی یان نەبوونی ئاوی پێویست بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی ببنەوە. زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو وڵاتانەن کە قەیرانی ئاویان بۆ دروست دەبێ. هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین سەرچاوەی دەوڵەمەندی ئاوە، بەڵام شارەزایان دەڵێن کوردستانیش بەدەر نابێ لەو قەیرانە، چونکە وەکو پێویست کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی ئاوی خۆی نەکردووە.

### کوردستان دەبێتە خاوەنی 100 بەنداو

هەرێمی کوردستان خاوەنی دوو بەنداوی گەورەی ئاوە، یەکەمیان بەنداوی دووکان کە شەش ملیار مەتر سێجا ئاو دەگرێ و لەسەر زێی بچووک دروستکراوە. دووەمیان بەنداوی دەربەندیخانە کە سێ ملیار مەتر سێجا ئاو دەگرێ و لەسەر ڕووباری سیروانە.

ئەکرەم ئەحمەد ڕەسوڵ، بەڕێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێستا هەرێمی کوردستان خاوەنی 14 بەنداوە کە بە سەرجەمیان توانای لەخۆگرتنی 10 ملیار مەتر سێجا ئاویان هەیە".

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ، زیاتر لە 250 شوێن بۆ دروستکردنی بەنداو دیاریکراون و لە 100 لەو شوێنانە دیراسەی دروستکردنی بەنداو کراوە. لە ماوەی ڕابردوودا کاریان لە 22 بەنداودا کردووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارکردن لەو بەنداوانە وەستا. ئێستا تەنیا چوار بەنداو کاریان تێدا دەکرێ، بەڵام زۆر بە سستی. هەروەها دەڵێت: "57 بەنداو ئامادە دەکرێ بۆ لێکۆڵینەوە و 13 بەنداویش لەژێر لێکۆڵینەوەدان".

دوای تەواوبوونی ئەو 100 بەنداوە، وەک ئەکرەم ئەحمەد دەڵێت، توانای گلدانەوەی بەنداوەکانی کوردستان لە 10 ملیار مەتر سێجاوە زیاد دەکات بۆ 15 ملیار مەتر سێجا.

### ساڵانە 25 ملیار مەتر سێجا ئاو بۆ عێراق دەڕوات

لە هەرێمی کوردستان چوار ڕووباری سەرەکی هەن (زێی گەورە، زێی بچووک، سیروان و ئەڵوەن). کە بەپێی هەندێک سەرچاوە داهاتی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 45 ملیار مەتر سێجا و هەرێمی کوردستان وەکو پێویست سوودی لێوەرناگرێ.

نزیکەی 50%ی ئاوەکانی کوردستان لە ناوخۆی کوردستان هەڵدەقوڵێن، بە پێچەوانەی ئاوی عێراقەوە کە تەنیا 8%ی لە ناوخۆی عێراقەوە سەرچاوە دەگرێ. ئاوی عێراق بەشێکی لە کوردستانەوە دێت، 71%یشی لەڕێی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە دێت کە بە تورکیادا دێن. بۆیە ئاسایشی ئاوی عێراق لە دەست تورکیا، سووریا و هەرێمی کوردستاندایە.

بەڕێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لەبارەی ئەو ئاوەی کە لە کوردستانەوە دەڕژێتە نێو عێراق، دەڵێت: "ساڵانە 25 ملیار مەتر سێجا ئاوی ڕووبارەکانی کوردستان دەڕوات بۆ عێراق، 13 ملیار مەتر سێجا لەو ئاوە، ئاوی زێی گەورەیە کە هیچ بەنداوێکی لەسەر دروستنەکراوە".

> ئەگەر بەنداوی ئەلیسۆ بکەوێتە کار، تورکیا 11 ملیار مەتر سێجا ئاوی ڕووباری دیجلە دەگرێتەوە

### کوردستان دەتوانێ عێراق بخنکێنی؟

ئاو و هەوای هەرێمی کوردستان بەسەر دوو ناوچەدا دابەشبووە، یەکەم: ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاست کە بەشەکانی باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، تێکڕای بارانی ساڵانەی دەگاتە 600 — 1300 ملم. دووەم: زۆربەی بەشەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و بە هەرێمی ئاو و هەوای نیمچە وشک ناسراوە و تێکڕای بارانی ساڵانەی لە نێوان (200 – 500) ملمە، ئەم ناوچەیە دەکەوێتە بەشی باشوور و باشووری خۆرئاوای هەرێمی دەریای ناوەڕاستەوە.

جگە لە چوار ڕووبارە سەرەکییەکەی کوردستان، ساڵانە بڕێکی زۆری بەفر و باران لە کوردستان بە تایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکان دەبارێ و لە جۆگەلەی بچووکدا کۆدەبنەوە و دەڕژێنە نێو ڕووبارە سەرەکییەکانەوە.

#### بەڕێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ:



## ئەگەر ئاو لەسەر عێراق بگرینەوە چەندین ناوچەی کوردستانیش بێ ئاو دەبن

## بە نیازی دروستکردنی 100 بەنداوین

لە سنووری دیالە لە جەلەولا و خاڵسەوە تاوەکوو حەمرین، لەوێشەوە تا دەگاتەوە بەغدا، هەموو ئەو ناوچانە بۆ ئاوی خواردنەوە و بەراوکردنی کشتوکاڵ، هەروەها لە کەرکووک و حەویجە، خورماتوو سامەڕا و تکریت تا دەچێتەوە بەغدا و خوارووتریش، هەموو ئەو ناوچانە پشت بە ئاوی کوردستان دەبەستن.

ئەکرەم ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکانی ئاو دەڵێت ساڵانە 30%ی ئاوی بەنداوی دووکان و دەربەندیخان بۆ خوارووی عێراق بەردەدەنەوە، بەڵام ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێ لە کاتی قوڵبوونەوەی قەیرانی سیاسیی نێوان بەغدا و هەولێر پەنا بۆ کارتی ئاو ببات؟

ئەکرەم ئەحمەد دەڵێت "ئێمە ناتوانین ئاو بگرینەوە، چونکە بە گوێرەی دەستووری عێراق، ئاو بابەتێکی سیادییە، بە تایبەتی ئاوە هاوبەشەکانی نێوان تورکیا و عێراق و ئێران بەشی هەموو عێراقە نەک تەنیا خەڵکی کوردستان".

هۆکارێکی دیکەش بۆ دەستەوەستانیی کورد بەرامبەر بەکارهێنانی کارتی ئاو لە دژی بەغدا ئەوەیە کە هەندێک لەو ناوچانەی دەکەونە سەر ڕێڕەوی ئەو ئاوانەی بۆ عێراق دەچن، خاکی کوردستانن. وەک ئەکرەم ئەحمەد دەڵێت "ئاوی خواردنەوەی کەرکووک، خورماتوو، پردێ، دبس لە ڕێگەی بەنداوی دووکانەوە دابین دەکرێ، هەروەها ئاوی دەربەندیخان و کەلار و پێباز و جەلەولا لە بەنداوی دەربەندیخانەوە دەڕوات، بۆیە ئەگەر ئاو لەسەر عێراق بگرینەوە، ئەو ناوچانەش بێ ئاو دەبن".

کوردستان نەک تەنیا لە ڕووی سیاسی و مرۆیی، تەنانەت لە ڕووی تەکنیکیش لەو کاتەدا ئامادە نییە بۆ بەکارهێنانی ئەو کارتە. بەڕێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئاماژە بە هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان دەکات و دەڵێت "بۆ بەنداوی دووکان دەتوانین بۆ ماوەی ساڵێکیش ئاو گل بدەینەوە، بەڵام بەنداوی دەربەندیخان بچووکە و زۆر ساڵ ئەگەر باران زۆر بباری، سەرڕێژ دەکات و ناچارین ئاوەکە بەربدەینەوە".

تەحسین قادر کە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، وەزیری سەرچاوەکانی ئاو بوو، دەڵێت لەڕووی هونەرییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی ستراتیژی لەسەر ئاوەکانی دروست نەکردووە بۆ ئەوەی توانای بەسەر ئاوەکانیدا بشکێ.

تەحسین قادر دەڵێت: "بەکارهێنانی ئاو، وەکو کارتێکی گوشار لەلایەن وڵاتانەوە لە واقیعدا هەیە، بەڵام ڕاناگەیەنرێ، بە پێچەوانەوە ئەوانەی ئاویش وەکو کارتی گوشار بەکاردێنن، لە ڕاگەیاندندا باسی ناکەن. ئێمە وەکو کورد باسی دەکەین، بەڵام بەکاری ناهێنین، چونکە لە ڕووی هونەرییەوە کوردستان ئەوەندە پرۆژەی ستراتیژیی گەورەی نەکردووە لەسەر ئاوە هاوبەشەکان، ئەوەی کە هەیە بەشی ئەوە ناکات کۆنترۆڵی ئاوەکانی خۆمانی پێ بکرێ".

هەرێمی کوردستان تەنیا دوو بەنداوی بەدەستەوەیە کە بتوانێ ئاوی پێ گل بداتەوە، ئەویش دووکان و دەربەندیخانن کە لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی دروستکراون. بەڵام تەحسین قادر دەڵێت: "کاریگەرییەکی دیاریکراویان دەبێ. چونکە زۆرجار خۆمان پێویستمان بە بەردانەوەی ئاوی ئەو دوو بەنداوە هەیە، بە تایبەتی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا سەرچاوەی بەدیلمان هەیە و کارەبا لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەرهەمدێ، دەکرێ ئاوەکە گل بدرێتەوە، بەڵام کاریگەرییەکەی دیسان هەر دیاریکراوە لەسەر ناوچەکانی دیکەی عێراق".

تەحسین قادر کارتی ئاو بە کارتێکی لاوازی هەرێمی کوردستان دەبینێ بەرامبەر بەغدا، چونکە وەک ئەو دەڵێ، جگە لەوەی لە ڕووی هونەرییەوە ئامادەکاری بۆ ئەو کارتە نەکراوە، لە ڕووی مرۆییش بە گران لەسەر هەرێمی کوردستان دەکەوێ. ئەو دەڵێت: "ئەگەر بەکاری بهێنین ڕەنگە لە ڕووی مرۆییەوە هەڵمەتێکی گەورەمان لە دژ بکرێ و بڵێن ئەوە کوردستان تەنیا دوو بەنداوی بچووکی هەیە، ئاو لە ناوچەکانی دیکەی عێراق دەگرێتەوە".

#### وەزیری پێشووی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان:



## تەواوکردنی بەنداوی بێخمە دەبێتە بەهێزترین کارتی دانوستاندنی هەولێر لەگەڵ بەغدا

### بەنداوی بێخمە... کارتە بەهێزەکە

لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕژێمی پاشایەتیی عێراق بڕیاری دروستکردنی بەنداوی بێخمەی دا لەسەر زێی گەورە کە دەکەوێتە سنووری ناحیەی خەلیفانی سەر بە قەزای سۆران. لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان لەلایەن پسپۆڕانی نێوخۆیی و بیانی لەبارەی دروستکردنی ئەو بەنداوە تاوەکو ساڵی 1979 بەردەوام بوون و بڕیاری دانانی بەردی بناغەی بەنداوەکە درا. بەڵام بەهۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە کار لە پرۆژەکەدا ڕاگیرا. کارکردن لە پرۆژەکە لە ساڵی 1987 لەلایەن دوو کۆمپانیای تورکی و یوگۆسلاڤی (ئینکا و ئینێرجی پرۆجێکت) دەستی پێکردەوە، بەڵام لە ساڵی 1990 بەهۆی سزا ئابوورییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ سەر عێراق، پرۆژەکە وەستێندرا.

بەپێی ئەو دیزاینەی بۆ بەنداوەکە کراوە، بەرزییەکەی 230 مەترە و ڕووبەرەکەی 100 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، توانای گلدانەوەی 18 ملیار مەتر سێجا و بەرهەمهێنانی 1500 مێگاوات کارەبای هەیە، هەروەها دەبووە گەورەترین بەنداو لەسەر ئاستی عێراق. تەحسین قادر یەکێک بووە لەو کەسانەی ئەوکاتەی وەزیری سەرچاوەکانی ئاو بووە، هەوڵیداوە مەسەلەی بەنداوی بێخمە بورووژێنێ.

تەحسین قادر دەڵێت: "ئەو کاتەی من لە وەزارەت بووم، وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو لە عێراق هەر بەدەست کوردەوە بوو، بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆمار بوو، کورد لەوێ پێگەیەکی زۆر بەهێزتری هەبوو لەوەی ئێستا، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق زۆر باشتر بوو، ئەوکات عێراق ئامادەیی خۆی نیشاندا 5–7 ملیار دۆلار بهێنێ بۆ تەواوکردنی ئەو بەنداوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر هەندێک بیانووی بچووک لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، بە دیاریکراوی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەو پرۆژەیە ڕەزامەندی لەسەر نەدرا".

بە گوتەی تەحسین قادر، ئەگەر لەو کاتەوە کار لە پرۆژەکە کرابا، ئێستا تەواو دەبوو، ئەوکات هەرێمی کوردستان ئاسایشی ئاوی خۆی مسۆگەر دەکرد، هەروەها دەبووە کارتێکی بەهێزیش بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا.

تەحسین قادر دەڵێت: "ئەو پرۆژەیە زۆر گرنگ بوو بۆ ئاسایشی ئاوی کوردستان، هەروەها ئاسایشی خۆراک، دەشمانتوانی زۆر سوودی لێوەربگرین لە دانوستاندنەکانمان لەگەڵ بەغدا، بەڵام بەداخەوە بەهۆی کورتبینی سەرکردایەتیی ئێمە لەبەرئەوەی ناوچەیەک دادەپۆشێ و خەڵکی ناوچەکە ڕازی نین، ئەو پرۆژەیە تەواو نەکرا".

هەرچەندە بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ بەردەوام باسی دروستکردنی ژمارەیەک بەنداو دەکەن، بەڵام تەحسین قادر دەڵێت ئەو بەنداوانەی دروستکراون، ستراتیژی نین و بەنداوی بچووکن و نابنە کارتی گوشار بە دەست کوردەوە.

تەحسین قادر دەڵێت "ئەو بەنداوانە کاریگەرییەکەیان زۆر زۆر کەمە، چونکە هەموویان بەنداوی بچووکن. کاریگەریان بۆ ئەو ناوچانە هەیە کە تێیدا دروست کراون. بۆ نموونە بەنداوی دووکان شەش ملیار مەتر سێجا ئاو گل دەداتەوە. دەربەندیخان سێ ملیار مەتر سێجا، بەڵام هەموو بەنداوەکانی دیکە ملیارێک مەتر سێجا ئاو گل نادەنەوە".

> حکومەتی عێراق ئامادەبوو تا 7 ملیار دۆلار لە بەنداوی بێخمە خەرج بکات

### ئاوی کوردستان مەترسی لەسەرە؟

شارەزایان دەمێکە هاوار دەکەن دەست بە ئاوەوە بگرن، چونکە شەڕی داهاتوو لە زێڕی ڕەشەوە دەگوازرێتەوە بۆ زێڕی سپی، هەرچەندە زێڕی ڕەش بەدیلی هەیە، بەڵام بەدیلی زێڕی سپی تەنیا ئاوە.

بەپێی داتاکان، تەنیا 3%ی ئەو ئاوەی لە جیهاندا هەیە، ئاوی شیرینە، هەرچەندە کوردستان لەو ڕووەوە گرفتی نییە و ئەو ئاوەی هەیەتی شیرینە، بەڵام شارەزایان هۆشداری دەدەن لەوەی کوردستانیش بەدەر نابێ لە قەیرانی ئاو کە لە داهاتوودا بەرەوڕووی جیهان دەبێتەوە، ئەگەر نەتوانێ پرۆژەی ستراتیژی لەسەر ئاوەکانی دروست بکات.

بەپێی داتاکان هەر تاکێکی کوردستان ئێستا ساڵانە 2000 مەتر سێجا ئاوی بەردەکەوێ، بەڵام دەکرێ ئەو ژمارەیە بۆ 4000 مەتر سێجا لە ساڵێکدا بەرز بکرێتەوە.

> داهاتی ساڵانەی زێی گەورە 13 ملیار مەتر سێجا ئاوە و یەک بەنداوی لەسەر نییە

تەحسین قادر، وەزیری پێشووی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان لەبارەی مەترسی لەسەر ئاوی کوردستان دەڵێت: "ئێمە هەرێمێکی دەوڵەمەندین لەڕووی ئاو، بەڵام چەند فاکتەرێک هەیە کە ئەو دەوڵەمەندییە دەگۆڕێ. یەکەمیان کەشوهەوا کە بە گشتی جیهان ڕووبەڕووی بووەتەوە بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەموو ئاوەکان بەرەو کەمی دەچن".

تەحسین قادر ئاماژە بە فاکتەری دووەم دەدات و دەڵێت "لەبەر ئەوەی بەشێک لە ئاوەکانی ئێمە لە وڵاتانی دراوسێوە دێن، دەتوانم بڵێم 60%ی ئەو ئاوانەی لە کوردستان هەن لە وڵاتانی تورکیا و ئێرانەوە دێن. ئەو وڵاتانە خۆشیان بەرەوڕووی کێشەی کەمئاوی بوونەتەوە. بۆ چارەسەری کێشەی خۆیان، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاوەکانیان بەنداوی زۆر گەورەیان دروستکردووە. ئەوەش وا دەکات کە ئاوەکانی کوردستان کەم بکەن".

ئەو دروستکردنی بەنداوی ئەلیسۆ لەلایەن تورکیاوە لەسەر ڕووباری دیجلە بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت: "ساڵانە 20 ملیار مەتر سێجا ئاوی ڕووباری دیجلە دەڕژێتە هەرێمی کوردستانەوە، ئەگەر بەنداوی ئەلیسۆ بکەوێتە کار، تورکیا 11 ملیار مەتر سێجا ئاوی ڕووباری دیجلە دەگرێتەوە".

> لە ڕووی هونەرییەوە هەرێمی کوردستان ناتوانێ ئاو لەسەر عێراق بگرێتەوە

تەحسین قادر پێیوایە وەکو پێویست کار نەکراوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ئاوەی لە کوردستان هەیە: "ئەوەندەی بایەخمان داوە بە نەوت و گاز و وەبەرهێنان لەبەرئەوەی قازانجی خێرایان تێدابوو، نەهاتین بناغەی دەوڵەت دروست بکەین کە ئاسایشی خۆراک سەرەکیترینیانە و لەڕێی دروستکردنی بەنداو و گلدانەوەی ئاو مسۆگەر دەبێ".

تەحسین قادر بە ژمارە بەفیرۆچوونی ئاو لە کوردستان بەنموونە دێنێتەوە و دەڵێت: "زێی گەورە داهاتی ساڵانەی 13–15 ملیار مەتر سێجایە، یەک بەنداوی لەسەر دروست نەکراوە. زێی بچووک 6–7 ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە، تەنیا بەنداوی دووکانی لەسەرە، ڕووباری سیروان خاوەنی پێنج ملیار مەتر سێجا ئاوە و تەنیا بەنداوی دەربەندیخانی لەسەرە".

> بەنداوەکانی کوردستان توانای گلدانەوەی 10 ملیار مەتر سێجا ئاویان هەیە



## لە ڕواندز کارگەیەکی دروستکردنی شەراب دەکرێتەوە

**ڕووداو- ڕواندز**

هاووڵاتییەک کارگەیەکی دروستکردنی شەرابی لە ڕواندز کردووەتەوە، بەو هۆیەشەوە نرخی ترێ لە ڕواندز بەرزبووەتەوە، بەجۆرێک ئەو جووتیارانەی پارساڵ کیلۆی ترێیان بە 250 دینار بۆ نەدەفرۆشرا، ئێستا بە 750 دینار بۆ کارگەکەی دەبە..مەلا کەمال، خاوەنی کارگەکەیە، چەندین ساڵە لە ڕواندز شەراب دروست دەکات، بەڵام ئەمساڵ نیازیەتی زیاتر لە 10 هەزار لیتر شەراب بخاتە بازاڕەکانەوە، بۆیە پەرەی بە کارگەکەی داوە. مەلا کەمال شەرابەکەی بەراورد دەکات بە شەرابی بیانی و دەڵێ "شەکرەکەی لە پێنج کەمترە و نۆرماڵە، کحولیشی لە 21ـدایە لەکاتێکدا شەرابی بیانی ناگاتە 12، هەقە بەرهەمەکەی من ناوێکی تایبەتی هەبێت".

ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 473 ) - دووشەممە 2017/9/18

## نرخی ئاڵای کوردستان فڕیوە

# گشتپرسی بازاڕی چاپخانەکانی گەرم کردووە



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

جۆشوخرۆشی خەڵک، کۆمپانیا، حیزبەکان، سەنتەر و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە بانگەشەی گشتپرسیدا بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان، کاری چاپخانەکانی بووژاندووەتەوە، بە جۆرێک خاوەنەکانیان دەڵێن کارکردنیان بە ڕێژەی 35% زیادی کردووە. بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر ئاڵای کوردستانیش هەیە، نرخەکەی دوو هێندە زیاد بووە.

ڕۆژی حەوتی حوزەیرانی ئەمساڵ، لە کۆبوونەوەیەکی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ 17 حیزبی کوردستانی، بڕیاریان دا کە ڕۆژی 25ی ئەیلولی ئەمساڵ گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بەڕێوەبچێ. دواتر سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستانی ڕاسپارد کە ئامادەکاری بۆ بەڕێوەچوونی گشتپرسی بکات.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ڕۆژی 5ی ئەیلول تاوەکو 22 ئەیلولی وەک وادەی هەڵمەتی بانگەشە بۆ گشتپرسی دیاری کردووە، لەگەڵ دیاریکردنی ئەم وادەیەش بازاڕی چاپخانەکانی دروستکردنی ڕێکلام لەسەر فلێکس گەرم بووە.

فکری نامیق، بەڕێوەبەری بەشی دارایی لە چاپخانەی هلند بۆ چاپکردنی فلێکس و ستیکەر و برۆشۆر لە شاری هەولێر، دەڵێت "لەوەتەی بانگەشەی گشتپرسی دەستیپێکردووە، فرۆشی چاپخانەکەمان بە ڕێژەی 35% زیادی کردووە".

پێشتر بەشێکی زۆری ئەو کەرەستانەی بۆ ڕێکلامکردن بەکاردەهێنران، لە دەرەوە دەهێنران، بەڵام ئێستا زۆربەیان لە چاپخانەکانی کوردستان دروست دەکرێن.

جگە لە هەڵکردنی ئاڵای لە کوردستان لەسەر باڵەخانە و شوێنە گشتییەکان و سەر شەقامەکان، زۆر کەس لەزگەی ئاڵای کوردستان و پۆستەری سەرکردەکان لە جامی ئۆتۆمبێلەکانیان دەدەن کە لە چاپخانەکانی کوردستان چاپ دەکرێن.

فکری نامیق ، گوتی "بانگەشەکە سەرەتا لەلایەن گەنجانەوە دەستیپێکرد کە زیاتر خواستیان لەسەر لێدانی جۆرە لەزگەیەک بوو لە جامی ئۆتۆمبیلەکانیان کە پێیدەگوترێ مێش، بەڵام بۆ پاراستنی ئاسایشی شار، بە بڕیارێک لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە، فرۆشتنی ئەم جۆرە لەزگەیە قەدەغە کرا، ئێستا زۆرترین ڕێکلامەکان لەسەر فلێکس چاپ دەکەین".

ڕۆژ بە ڕۆژ خواست لەسەر کەرەستەکانی پروپاگەندە زیاتر دەبێ، بۆیە پێشبینی دەکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕۆژی گشتپرسی بازاڕەکە گەرمتر ببێت. چونکە دەڵێت سەرەتا بانگەشەکە تەنیا لە شارەکان گەرم بوو، ئێستا قەزا و ناحیەکانیشی گرتووەتەوە.

سەبارەت بەو کەسانەی زۆرترین پروپاگەندە دەکەن، فکری نامیق گوتی "زۆر خاوەن کۆمپانیاکانن، دوای ئەوانیش سەنتەر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خەڵکی ئاسایی".

جگە لە چاپخانەکان، فرۆشی نووسینگەکانی خۆشنووسیش جوڵەیان تێکەوتووە، ئێستا زیاتر لە جاران کڕیاریان هەیە.

مەهدی محەمەد، خاوەنی نووسینگەی خۆشنووسی مەهدی بۆ کاری ڕیکلام و خۆشنووسی و چاپکردنی فلێکس، دەڵێت "لەدوای ڕاگەیاندنی وادەی بانگەشە بۆ گشتپرسی، جوڵەیەک کەوتووەتە کاری نووسینگەکانی خۆشنووسی بە تایبەت لەسەر فلێکس، فرۆشمان بەراورد بە پێشتر 25% زیادی کردووە".

بەشێک لەچاپخانەکان جگە لە چاپکردنی ڕێکلام لەسەر فلێکس، ڕێکلامی سەر کڵاو و تیشێرت و قوماشیش چاپ دەکەن، بەمەش سەرنجی زیاتری کڕیارەکانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە و فرۆشیان زیاتر بووە.

حوسێن عەلی، خاوەنی چاپخانەی نبراس، بۆ چاپکردنی فلێکس و ستیکەر و برۆشۆر و چاپەمەنی دیکە، دەڵێت "کڕیار هەر دیزاین و شێوازێکی بوێت، لەسەر فلێکس و قوماش و کڵاو و تیشێرت بۆی چاپ دەکەین، تەنیا لەزگەی مێشی سەر ئۆتۆمبیل نەبێت کە ئاسایش چاپکردنی قەدەغە کردووە".

بە گوتەی حوسێن، بانگەشەی گشتپرسی جوڵەیەکی باشی خستووەتە کارەکەیان. حوسێن گوتی "بەراورد بە وادەی پێش گشتپرسی فرۆشمان بە ڕێژەی 50% زیادی کردووە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی گشتپرسی فرۆشمان زیاتر دەبێت".

### ڕۆژانە 7000 ئاڵا دەفرۆشم

ئاڵافرۆشێک

### فرۆشی ئاڵا 100% زیاد بووە

لەو بانگەشەیەدا زۆرتر ئاڵای کوردستان بەکاردەهێنرێ، بۆیە ئێستا زۆرترین خواستی لەسەرە و نرخەکەشی بەرزبووەتەوە.

ئاری شوان ئەحمەد، خاوەنی نووسینگە و چاپخانەی ئاری بۆ دروستکردنی ئاڵا، لە شاری هەولێر دەڵێت "لەوەتەی بانگەشەی گشتپرسی دەستی پێکردووە فرۆشمان بە ڕێژەی 100% زیادی کردووە، ڕۆژانە 5 تاوەکو 7 هەزار ئاڵا بە هەموو قەبارەکانی دەفرۆشم".

بەشێک لە ئاڵاکان، خۆی دروستی دەکات و بەشێکی دیکەشی لە چینەوە هاوردە دەکات. ئەو دەڵێت: "بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر هەڵکردنی ئاڵا هەیە، نرخی ئاڵا بۆ دووبەرامبەری نرخی پێشووی بەرزبووەتەوە، بۆنموونە پێشتر جۆرە ئاڵایەک کە قەبارەکەی 100 بە 70 سانتیمەتر بوو، بە 950 دینارمان دەکڕی و بە 1250 دینار دەمانفرۆشت، ئێستا نرخەکەی بۆ 2500 تاوەکو 3000 دینار بەرز بووەتەوە لە بازاڕیش کەم دەستدەکەوێت".

بەگوتەی ئاری پێچەوانەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی دیکە، لەبانگەشەی گشتپرسیدا زۆرترین خواست لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە، ئاڵای حیزبەکان بەگشتی فرۆشیان کەمبووەتەوە.

ئاری شوان گوتی :"بازرگان و کۆمپانیاکان پێشبینیان نەدەکرد، لەکاتی بانگەشەی گشتپرسی ئەوەندە ئاڵایە بفرۆشرێ، بۆیە زۆریان هاوردە نەکردووە، بەهۆی کەمیی ماوەش هاوردەکردنی سوودی نابێت، بۆیە نرخی زیاد بووە".

## لە کوردستان 300 هەزار داری هەیە

# لە 100 باخە فستقەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ تەنیا 33 یان ماوەتەوە



▲ ساڵانە 2500 تۆن فستق هاوردەی کوردستان دەکرێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

لەو 100 باخە فستقەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان پاڵپشتیی کردن، تەنیا 33 یان ماوەتەوە و ئەوانی دیکە فەوتان. بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵیش خەتاکە دەخاتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی ئەرکی کڕینی نەمامەکان و موتووربەکردنی پێ سپێردرابوو.

فستق ڕووەکێکی تەمەندرێژە، بەرزییەکەی دەگاتە چوار مەتر، فستق نێرە و مێیەی هەیە. حەوت داری مێ، پێویستیان بە دارێکی نێرە، بۆیە پێویستە زۆر بەهەستیارییەوە بچێنرێت. فستق لە تەمەنی 7- 10 ساڵیدا بەرهەمەکەی زیاد دەکات و سوودە ئابوورییەکەی ئەوکات دەردەکەوێ.

توێژینەوەکان دەریانخستووە کەش و خاکی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی فستق، چونکە ئەم درەختە بەرگرییەکی باشی بۆ نەخۆشییەکان و پلەی گەرمی و سەرما هەیە، بەرگەی پلەی گەرمای 45 پلەی سەدی و 15 پلەی ژێر سفری سەدی دەگرێ.

وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ گەشەپێدانی ئەم بەرهەمە ستراتیژییە لە ساڵی 2009 بە پاڵپشتیی 75%ی تێچوو، بڕیاری دروستکردنی 100 باخی 10 دۆنمیی نموونەیی بۆ جووتیاران دا، بەڵام بەهۆی هەندێ گرفت لە پرۆژەکە، لەکۆی ئەو 100 باخە، تەنیا 33 باخ ماونەتەوە.

حوسێن حەمە کەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و پاوان و دارستان لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت "بەر لە دروستکردنی باخەکانی ئێمە، باخی بچووکی فستق هەبوون، ئێمە ویستمان لەڕێی ئەم 100 باخە نموونەییە گەشە بەم بەرهەمە بدەین، بەڵام ئەو کۆمپانیایەی گرێبەستمان لەگەڵی هەبوو، لە هێنانی نەمامەکان و موتووربەکردنیان سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە پرۆژەکە لەئاستی داخوازیی ئێمە جێبەجێ نەکرا".

حوسێن حەمەکەریم پێیوایە ئەگەر حکومەت بۆ گەشەپێدانی ئەم بەرهەمە پاڵپشتیان بێت، دەتوانن لەڕێی داڕشتنی پلانێکی تۆکمەوە بە هاوکاریی پسۆڕان ئەو بەرهەمە تا ئەو ئاستە گەشەپێبدەن کە هەرێمی کوردستان پێویستی بەفستقی هاوردە نەبێ و لە داهاتووشدا بتوانێ هەناردەی بکات.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئامارێکی تەواوی لەبارەی ژمارەی داری فستق لە هەرێمی کوردستان نییە، بەڵام بەگوێرەی داتا سەرەتاییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باخداری لە هەرێمی کوردستان، زیاتر لە 300 هەزار داری فستق هەن، 400 جووتیاریش باخی فستقیان هەیە کە ڕووبەری هەندێکیان دەگاتە 100 دۆنم.

وەزارەتی کشتوکاڵ ڕووبەری 5 دۆنم زەوی لە نەمامگەی باخی بازیان بۆ دروستکردنی نەمامگەیەکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی نەمامی فستق بە شارەزایەک بەخشیوە، ئێستا لەم نەمامگە و نەمامگە

### 5 هەزار نەمامی فستقم فرۆشتووە

خاوەنی نەمامگەیەک

حکومییەکانی دیکەش ساڵانە نزیکەی 30 هەزار نەمام بەنرخی پاڵپشت بە جووتیاران دەفرۆشرێ، هەروەها لە نەمامگە ئەهلییەکانیش نەمامی فستق خواستی زۆری لەسەرە.

سەباح شەریف، خاوەنی نەمامگەیەکی بەرهەمهێنانی نەمامی فستقە لە پارێزگای هەڵەبجە، تاوەکو ئێستا 13 هەزار نەمامی بە جووتیاران فرۆشتووە، زیاتر لە 7 هەزار نەمامیشی بۆ جووتیاران موتووربە کردووە. ئەو دەڵێت: "لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی بەتایبەتی خواستێکی زۆر لەسەر چاندنی فستق هەیە، بۆ وەرزی چاندنی ئەمساڵ 5 هەزار نەمامم ئامادە کردووە".

هەردوو ناوچەی ڕەفسنجان و کرمان لە ئێران بە چاندنی فستق ناوبانگی جیهانییان دەرکردووە، بەڵام سەباح دەڵێت "بەگوێرەی ئەو بەدواداچوونەی بۆ باخی جووتیارانم کردووە، دەرکەوتووە خاک و کەشوهەوای کوردستان بۆ فستق زۆر گونجاوترە لە هەر دوو ناوچەی ڕەفسنجان و کرمانی ئێران".

لەکۆی ئەو 33 باخە نموونەییەی لە پرۆژە 100 باخییەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ ماونەتەوە، 15 باخیان لەپارێزگای دهۆکن و بەشێکیان گەیشتوونەتە قۆناغی بەرهەم، سەرکەوتنی ئەم باخانەش خواستی چاندنی نەمامی فستقی لای جووتیارانی پارێزگای دهۆک زیاد کردووە.

ڕەجەب حەسەن، بەڕێوەبەری باخداریی دهۆک، دەڵێت: "چاندنی فستق لە پارێزگای دهۆک خواستێکی زۆری لەسەرە، بەگوێرەی دوایین ئامار ئێستا زیاتر لە 970 دۆنم باخی فستقمان هەیە کە بەشێکی تازە چێندراون و بەشێکی دیکەشیان لە قۆناغی موتووربەکردندان، هەروەها 25%ی باخەکانیش گەیشتوونەتە قۆناغی بەرهەم".

بە گوتەی ڕەجەب حەسەن، گەورەترین گرفتی فستق لە کوردستان موتووربەکردنیەتی، چونکە پسپۆڕی ئەو بوارە لە کوردستان نییە.

ئێران بە یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی بەرهەمهێنی فستق دادەنرێت، بە جۆرێک داهاتی ساڵانەی لەو بەرهەمە دەگاتە یەک ملیار دۆلار.

هەرچەندە بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، بەرهەمی ساڵی ڕابردووی فستق لە ئێران بە ڕێژەی 15% دابەزی و تێکڕای بەرهەم 170 هەزار تۆن بوو، بەڵام بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی فستق، داهاتەکەی بە ڕێژەی 3% زیادبوو، لە ڕێگەی هەناردەکردنی 130 هەزار تۆن بۆ 70 وڵاتی جیهان، ملیارێک و 240 ملیۆن دۆلار داهاتی دەستکەوت.

نزیکەی 30 ساڵە ئاگری جەنگی فستق لەنێوان ئەمەریکا و ئێران هەڵگیرساوە. ئێرانییەکان شانازی بەوە دەکەن کە لەکواڵیتی و تامی فستق هیچ وڵاتێک ناتوانێ کێبڕکێیان بکات، ئەمەریکاش شانازی بەوەوە دەکات کە هەمیشە لە هەناردەکردندا لە پلەی یەکەمدایە و فستقی کالیفۆرنیا هاوتای نییە.

### فستقخۆر کەمبووەتەوە

لە هەرێمی کوردستان چەندین کارگەی ئامادەکردنی چەرەزات هەن، ساڵانە بە هەزاران تۆن فستق لە ئێران و تورکیا و ئەمەریکاوە هاوردە دەکەن، کارگەی چەرەزاتی بەتام بە گوتەی بەڕێوەبەرەکەی ساڵانە 300 تاوەکو 400 تۆن فستق هاوردە دەکات. محەممەد عەولا، بەڕێوەبەری گشتیی کارگەی چەرەزاتی بەتام دەڵێت: "ساڵانە تەنیا بۆ پێداویستی هەرێمی کوردستان کارگەکان 2000 تاوەکو 2500 تۆن فستق لە ئێران و تورکیا و ئەمەریکاوە دەهێننە هەرێمی کوردستان".

محەممەد عەولا زۆر پەسنی فستقی ئێرانی دەدات و دەڵێت: "فستقی ئێرانی لە فستقی تورکی و ئەمەریکی باشترە، نرخی کیلۆیەکی لەنێوان 7 تاوەکو 12 دۆلارە، فستقی تورکیش نرخی لەنێوان 8.5 تاوەکو 9.5 دۆلاردایە، ئەمریکییەکەش بە نۆ دۆلارە".

سەبارەت بە خواست لەسەر فستق، محەممەد عەولا گوتی: "پێشتر لە هەرێمی کوردستان خواستێکی زۆر لەسەر فستق هەبوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی فرۆشی فستق بە ڕێژەی 50% دابەزیوە".

# نرخی نەوت بەرەو هەڵکشانە


ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک نەوتی بەکارنەهاتووی ئەمبارەکانی کەمکردووەتەوە (فۆتۆ: ڕووداو)

## پێشبینی دەکرێ نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە دوو ساڵی داهاتوودا لە نێوان 56 بۆ 70 دۆلار بێت

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی هەینی ڕابردوو 15ی ئەیلول، نرخی نەوتی برێنت گەیشتە سەرووی 55 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، بەمەش لە بازاڕەکانی جیهاندا ئاستێکی تۆمار کرد کە لە مانگی تەمووزی ئەمساڵەوە وێنەی نەبووە. شارەزایانی بازاڕی وزە پێیانوایە بەرزبوونەوەی ئاستی داوا و دەستبەکاربوونەوەی پاڵاوگەکانی ئەمریکا، هۆکاری سەرەکین بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت.

هەفتەی ڕابردوو، ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت ناسراو بە (ئۆپێک) لە ڕاپۆرتێکدا پێشبینی کرد کە لە ساڵی 2018 دا ئاستی داوا لەسەر نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەرز ببێتەوە. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک لەگەڵ 10 وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک، نەوتی بەکارنەهاتووی ئەمبارەکانی کەم کردووەتەوە.

هەر دوای ڕاپۆرتەکەی ئۆپێکیش، ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA) ڕاپۆرتی مانگانەی خۆی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە: "زیادەباری نەوتی بازاڕەکانی جیهان خەریکە کەم دەبێتەوە"، ئەوەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی داوا لەسەر نەوت و لە پاڵ ئەوەشدا دابەزینی بەرهەمی ڕۆژانەی ئۆپێک هۆکارێکی دیکەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتە.

لە ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەدا هاتووە کە ئاستی گەشەی داوا لەسەر نەوت لە ساڵی 2017 زیاترە لەوەی پێشتر پێشبینی دەکرا و ئێستا لە 1.5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا گەیشتووەتە ڕۆژانە 1.6 ملیۆن بەرمیل، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکرێت کە ئاستی داوای ئەوروپا و ئەمریکا لەسەر نەوتی ئۆپێک ڕوو لە زیادبوونە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (IEA)، ئاستی گەشەی داوا لەسەر نەوت لە چارەکی دووەمی 2017 هەتا 2.3 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە، ئەمەش بەرزترین ئاستی گەشەی داوایە لە نیوەڕاستی ساڵی 2015ەوە.

لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا 12 وڵاتی ئەندامی ئۆپێک و 10 وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک لەسەر درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکەی کانوونی یەکەمی 2016 گەیشتنە ڕێککەوتن. بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە وڵاتانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک ڕۆژانە 1.8 ملیۆن بەرمیل لە ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەیان کەم دەکەنەوە. لە کۆبوونەوەکەی مانگی ئایاردا هەردوو لایەن لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئەو هەنگاوە هەتا ئاداری 2018 درێژ بکرێتەوە.

لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانیش ئاستی نەوتی جیهان دابەزیوە، بە جۆرێک لە مانگی ئابی ئەمساڵ بە ڕێژەی 720 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی نەوتی جیهان کەمبووەتەوە، بەشێک لە هۆکاری ئەمەش بۆ چاککردنەوەی پیشەسازیی نەوت لە هەندێک لە وڵاتانی وەکوو لیبیا، ڕووسیا، کازاخستان، مەکسیک دەگەڕێتەوە. بە گوێرەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، ئەوە یەکەمجارە لە چوار مانگی ڕابردوودا ئاستی بەرهەمهێنان بەو جۆرە دابەزێ.

جگە لەمە، ئاستی پابەندی وڵاتانی ئۆپێک بە ڕێککەوتنە نەوتییەکەش لە مانگی ئابدا بۆ 82% بەرز بووەوە، لە مانگی تەمووزدا وڵاتانی ئۆپێک بە ڕێژەی 75% پابەندی ڕێککەوتنەکەی نێوان ئۆپێک و 10 وڵاتی دەرەوەی ڕێکخراوەکە بوون.

خاڵێکی دیکە کە لە ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بەکارکەوتنەوەی قۆناغ بە قۆناغی پاڵاوگەکانی ئەمریکایە کە بەهۆی باهۆزی هارڤی زیانیان بەرکەوتبوو. ئاژانسە نێودەوڵەتییەکە پێشبینی دەکات لەگەڵ دەستبەکاربوونەوەی هەموو پاڵاوگە نەوتییەکانی ئەمریکا، گوشاری سەر کۆگاکانی نەوتیش کەم دەبێتەوە. کاریگەریی ئەو باهۆزەش بەرە بەرە خەریکە لەسەر پاڵاوگەکانی ئەمریکا کەم دەبێتەوە.

چوارشەممەی ڕابردوو لە کۆی 20 پاڵاوگەی ناوچەکانی باشووری ئەمریکا 13یان لە قۆناغی دەستبەکاربوونەوەدا بوون، پێنج پاڵاوگەی دیکەش ماویانە دەست بەکار بکەنەوە. گەورەترین پاڵاگەی نەوتیی ئەمریکاش کە لە ویلایەتی تێکساسە بە نیوەی توانای جارانی دەستی بەکار کردووەتەوە.

لە کارکەوتنی پاڵاوگەکانی ئەمریکا کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر نرخەکان دادەنێت، لەبەر ئەوەی نەوتی خاوی ناو پاڵاوگەکان بەرز دەکاتەوە. بەدەر لەمەش ژمارەی بلۆکە نەوتییەکانی ئەمریکا بە خێراییەکی کەمتر لە چەند مانگی سەرەتای دەستبەکاربوونی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بەرز دەبێتەوە.

هەرچەندە وڵاتانی ئۆپێک نزیک ساڵێکە 1.2 میۆن بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتیان کەم کردووەتەوە، بەڵام سعودیە پێیوایە هەتا ئێستا هیچ ڕێوشوێنێک بۆ کەمکردنەوەی هەناردە نەگیراوەتەبەر و بگرە هەناردەکردن بەرزیش بووەتەوە، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە لە نەوتی ئەمبارەکانیان قەرەبووی ئەو کەموکورتییە دەکەنەوە کە لە بەرهەمهێناندا تووشیان بووە، ژمارەیەک لە وڵاتانیش ئاستی بەکارهێنانی نێوخۆییان کەمکردووەتەوە.

ریاز دانوستاندنەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئۆپێک دەستپێکردووە تاوەکوو دەستکاری ئاستی هەناردەی وڵاتەکانیان بکەن، لەبەر ئەوەی بە بازاڕ بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ پێنوێنەکانی هەناردە دەکات.

جۆن هۆڵ، ڕاوێژکار لە کۆمپانیای وزەی ئالفا ئێنێرجی پشتیوانی لە تێڕوانینەکەی سعودیە دەکات و پێیوایە "کەمکردنەوەی هەناردەی وڵاتانی ئۆپێک کاریگەری ڕاستەوخۆ و گەورە لەسەر نرخەکانی نەوت دادەنێت".

شارەزایان پێیانوایە سەرەڕای ئەو کێشەیەی بۆ پاڵاوگەکانی ئەمریکا دروستبووە، ساڵی 2017 دەکرێت ساڵێک بێت کە تێیدا نرخەکانی نەوت هەناسەیەکیان بە بەردا بێتەوە. گرووپی بانکەکانی هۆنگ و شانگهای (HSBC) پێشبینی دەکات نرخی نەوتی برێنت لە ساڵانی 2018 بۆ 2019 لە نێوان 56 بۆ 70 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بێت.

> ### هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت
> - زیادبوونی ئاستی داوا لەلایەن ئەوروپا و ئەمریکا
> - بەکەرکەوتنەوەی پاڵاوگەکانی ئەمریکا دوای باهۆزی هارڤی
> - بەرزبوونەوەی ئاستی پابەندی وڵاتانی ئۆپێک بە ڕێکەوتننامەکەیان
> - دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت

## ململانێی سیاسەت و وزە لە ڕووسیا

# ڕۆزنەفت چاوی لە دەسەڵاتە و پوتینیش دەیەوێ پشتی لە زەوی بدات

**ڕووداو- هەولێر**

کاتێک ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، لە ناوەڕاستی ساڵانی دوو هەزارەکان بناغەی دەسەڵاتی خۆی پتەو دەکرد، کەرتی وزەی ڕووسیاشی بەهێز کرد. بۆیە دوو کۆمپانیای زەبەلاحی بواری وزەی دامەزراند کە یەکێکیان ڕۆزنەفت بوو بۆ کارکردن لە بواری نەوتدا و ئەوەی دیکەیان گازپرۆم بوو بۆ گاز. لەو کاتەوە ئەو دوو کۆمپانیایە تاجی زێڕینی ئابووریی ڕووسیان، بە جۆرێک نزیکەی 50%ی بودجەی ڕووسیا و 25%ی تێکڕای بەرهەمی ناپوختەی نێوخۆی ڕووسیا پێکدەهێنن، بەڵام ئەو دوو کۆمپانیایە مێژوویەک لە ململانێی قووڵیشیان لە نێواندا هەیە.

### سەرهەڵدانی ڕۆزنەفت

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی شیکاریی ناوەندی ئەمریکیی (ستراتفۆر)، هەر لە سەرەتاوە کریملین خۆی یەکلاکردەوە و گازپرۆمی وەکوو کۆمپانیای سەرەکیی کەرتی وزەی ڕووسیا پێناسە کرد. ئەو کۆمپانیایە دەسەڵاتێکی بێ ڕکابەری بەسەر تۆڕی بۆرییەکانی گازی سروشتیی ڕووسیادا هەبوو، کاریگەریی ئەرێنیشی لەسەر ئیدارە و ئاراستەکردنی پەیوەندییەکانی مۆسکۆ لەگەڵ کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت و ئەوروپا و تورکیا هەبووە، بەڵام دابەزینی نرخەکانی گازی سروشتی و نوێکردنەوەی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی وزە لە ئەوروپا، ئۆراسیا و ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست، دەسەڵاتی گازپرۆمی کەم کردەوە.

ناوەندی ستراتفۆر پێیوایە ئەو دۆخە نوێیە دەرفەتێکی نوێی بۆ ڕۆزنەفت ڕەخساند. بۆیەش ئەو کۆمپانیایە لە تشرینی یەکەمی 2016 دا سەرەڕای نارەزایەتیی پوتین، کۆمپانیای باشنەفتی ڕووسی کڕییەوە، کە شەشەم گەورەترین کۆمپانیای نەوتی ڕووسیا بوو. ڕۆزنەفت بۆ ڕازیکردنی کریملین ئامادە بوو بەشێکی گەورە لە پشکەکانی کۆمپانیاکەیان بە خەڵکانی دیکە بفرۆشن.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (ستراتفۆر)، پوتین پلانی ئەوەی هەبوو کۆمپانیاکانی دژبەری ڕۆزنەفت هانبدات پشکەکانی ڕۆزنەفت بکڕنەوە، لەوانەش کۆمپانیای لوکئۆیڵی ڕووسی و کازمونای گازی کازاخستان. بەڵام ئیگۆر ساچین، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیاکە، بیری لەوەش کردبووەوە، بۆیە لەگەڵ کۆمپانیای گلێنکۆر و دەسەڵاتی وەبەرهێنانی قەتەری ڕێککەوت، هیچکام لەو دوو کۆمپانیایە کێشەی سیاسییان لەگەڵ ڕۆزنەفت نەبوو.

کەرتی گازی سروشتیی ڕووسیا بەشێوەیەکی نەریتی لەدەستی گازپرۆمدا بووە، بەڵام ئێستا ڕۆزنەفت چاوی لەو کەرتەشە. لە ساڵی 2012 ڕۆزنەفت ساڵانە دوو ملیار مەتر سێجا گازی بەرهەمدەهێنا. ساڵی ڕابردوو بەرهەمی گازی ئەو کۆمپانیایە بۆ 67 ملیار مەتر سێجا بەرزبووەوە. بەپێی پلانی ئێستایان، بەرهەمی گازی کۆمپانیاکە هەتا 2020 دەگاتە 100 ملیار مەتر سێجا. ئەگەرچی ئەمە چارەکێکی بەرهەمی گازی سروشتیی گازپرۆمە، بەڵام ئەو گەشە خێرایە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ڕۆزنەفت چاوی لە پشکێکی گەورەتری گازی سروشتیی ڕووسیایە.

### ڕۆزنەفت و سیاسەت

بەرپرسانی ڕۆزنەفت دەزانن ئەگەر دەسەڵاتی خۆیان لە بواری وزەدا وەرنەگێڕنە سەر دەسەڵاتێکی سیاسی، ئەوە ناتوانن لە درێژخایەندا درێژە بە بەرەوپێشچوونی خۆیان بدەن. لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕۆزنەفت لەگەڵ ژمارەیەک وڵاتدا پەیوەندیی نزیکی دروستکردووە، لەوانەش میسر، لیبیا، هیندستان، ڤەنزوێلا، ئەڵمانیا، سووریا، چین و هەرێمی کوردستان. هەموو ئەو وڵاتانەش بە هۆکاری جیاواز جێگەی بایەخی مۆسکۆن.

ئامانجی سەرەکیی ڕۆزنەفت ئەوەیە کۆتایی بە مۆنۆپۆڵی گازپرۆم بەسەر کەرتی گازی ڕووسیادا بهێنێت. یەکێک لەو ڕێگایانەش کە بیری لێکردووەتەوە ئازادکردنی ڕێگەکانی گواستنەوەی گازە بۆ دەرەوەی ڕووسیا. حکومەتی ڕووسیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەو پرۆسەیە لە 2018 یان 2020ەوە دەستپێدەکات. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ستراتفۆر) ئەگەر ئەو بەرنامەیە سەر بگرێت، ئەوروپییەکان، چین و تورکیاش قازانجێکی زۆر دەکەن، لەبەر ئەوەی ڕکابەری نێوان ڕۆزنەفت و گازپرۆم پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە و ئەوەش کاریگەری لەسەر نرخەکان دەبێت.

### شەڕی ئیگۆر ساچین

ڕاپۆرتەکەی ناوەندە ئەمریکییەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە سەرکەوتنە داراییەکانی ڕۆزنەفت متمانەیەکی زۆری بە ئیگۆر ساچین داوە. بۆیەش ساچین هەوڵدەدات دژبەرەکانی خۆی لە کریملین بکاتە ئامانج. لە تشرینی دووەمی 2016 ئالێکسێی ئولیوکایەڤ، وەزیری ئابووریی ڕووسیا، بە تۆمەتی بەرتیل و گەندەڵی دەستگیرکرا. ئولیوکایەڤ یەکێک بوو لەو نوخبە سیاسییانەی نزیک لە پوتین کە ساڵانێکە دژایەتیی ساچین و ڕۆزنەفت دەکەن.

دژایەتیی ساچین لەگەڵ لایەنگرانی پوتین هەر لە مۆسکۆ نەماوەتەوە و گەیشتووەتە چیچانیش. ڕەمەزان کادیرۆڤ، سەرۆکی چیچان، ڕۆزنەفتی بەوە تۆمەتبار کردووە کە لە بەڵێنەکانی خۆی لەگەڵ چیچان پاشگەز بووەتەوە. ڕۆزنەفت لە بەرامبەردا دەڵێت ئەوان هێشتا لە قۆناغی لێکۆڵینەوە لە کێڵگەکانی چیچانن.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی ستراتفۆر، هەنگاوە خێرا و گەورە ئابووری و سیاسییەکانی ساچین وایکردووە زۆربەی شارەزایان پێیانوابێت ساچین لە پاش پوتین دەسەڵاتی دووەمی ڕووسیایە، بە جۆرێک ساچین بە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ناکۆکی و دووبەرەکیی گەورە لە مۆسکۆ دەزانرێ.

پوتین لە ماوەی نزیک دوو دەیە دەسەڵاتی خۆیدا سەلماندوویەتی بێ دوو دڵی دەتوانێت کەسانی کێشەسازی ناو کریملین لابدات، لە نێوانیشیاندا کەسانێک هەبوون کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لایەنگری پوتین و ئەجێنداکەی بوون. بەڵام (ستراتفۆر) پێیوایە ساچین پارووەیەکی گەورەترە لەوەی پوتین پێی قوت بدرێت، لەبەر ئەوەی تێکشکاندنی ساچین و ڕۆزنەفت تەنیا کەسێک و کۆمپانیایەکی زەبەلاح ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو تۆڕە زەبەلاحەش دەگرێتەوە کە ساچین چەند ساڵێکە دایدەمەزرێنێ، بۆیەش ئەو هەنگاوە هەڕەشەی گەورە لە سەقامگیریی هەموو ڕووسیا دەکات.

چاودێران و دەزگا میدیاییە نێوخۆییەکانی ڕووسیا ئاماژە بۆ کۆمەڵێک هەوڵ دەکەن کە پوتین بۆ فراوانکردنەوەی بنکەی دەسەڵاتی خۆی لە کریملین دەستی پێکردووە. بەپێی ستراتفۆر بەشی زۆری ئەو کەسانە توانای ساچینیان نییە، بەڵام دەتوانن کۆمەڵێک ئەلتەرناتیڤ بخەنە بەردەستی پوتین، سەرەکیترین کەسەکانیش لەو بازنەیەدا کادیرۆڤی سەرۆکی چیچان و دیمیتری میدڤیدیڤ، سەرۆک وەزیرانی ڕووسیایە.

ڕاپۆرتەکەی ستراتفۆر ئەوەش دەخاتەڕوو کە ساچین و ڕۆزنەفت بەشێکن لەو ململانێ بەرفراوان و هەمە لایەنەیەی دەسەڵات کە لە ناو کریملین ڕوودەدات، بەڵام ترسی سەرەکی پوتین ئەوەیە کە لە ڕووسیایەکی ناسەقامگیردا ڕکابەرێکی سیاسی گەورەی لێ زەق ببێتەوە. پرسیارەکەش ئەوەیە ئەو ململانێ سیاسییە قووڵە چ کاریگەرییەک لەسەر کەرتی وزە و ململانێ قووڵەکانی نێوان ڕۆزنەفت و گازپرۆم دادەنێ.



بەرهەمی گازی کۆمپانیای روزنەفت لە 2020 دا دەگاتە 100 ملیار مەتر سێجا، ئەمەش چارەکێکی بەرهەمی گازپرۆمە

Knowledge
UNIVERSITY




**كۆلێژی ئەندازیاری**
بەشی ئەندازیاری نەوت
بەشی ئەندازیاری ژینگە

**كۆلێژی زانستی**
بەشی شیكاری نەخۆشیەكان
بەشی تەكنەلۆژیای زانیاری (ئای تی)

**كۆلێژی یاسا**
بەشی یاسا
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەكان

**كۆلێژی زانستی كارگێڕی و دارایی**
بەشی ژمێریاری
بەشی زانستیدارایی و بانك
بەشی كارگێڕی كار
بەشی بازاڕگەری

**كۆلێژی ئاداب**
بەشی زمانی ئینگلیزی

www.knowlwdge.edu.krd










Aga
THE BOY WHO SURVIVED
WORLD NEVER FORGET
لە 2017/09/21
لە سینەماکانی کوردستان نمایش دەکرێت
Text and Scenario
AMIR HAJI DAWOD
Directed by
BEHNAM BABAZADEH
Adiabin
RÛDAW

ڕووداو ژنان
ژمارە ( 473 ) - دووشەممە 2017/9/18



## کچە قوتابییەک خۆی دەخنکێنێ

**ڕووداو- هەریر**

ڕۆژی 2017/9/16 کچە قوتابییەکی تەمەن 16 ساڵ بەناوی هەورین شەهاب عەبدوڵڵا، دانیشتووی شارۆچکەی حەریری سەر بە قەزای شەقڵاوە خۆی خنکاند. شەهاب عەبدوڵڵا باوکی هەورین بە (ڕووداو)ی گوت "کچەکەم پۆلی نۆی بنەڕەتی بوو، لە خوێندن زۆر باش نەبوو، ئەمساڵ لە خولی یەکەم لە سێ وانە کەوتبوو، تاقیکردنەوەی خولی دووەمی دایەوە. ئەو ڕۆژە براکەی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بۆ وەرگرتەوە، بەڵام دەرنەچوو بوو، ئەویش زۆر خەمی خواردبوو، بۆیە ڕۆژی دواتر لە نێو باخچەی ماڵەکەمان بە لەچکەکەی خۆی، خۆی خنکاند، بۆیە خۆخنکاندنی کچەکەم تەنیا پەیوەندی بە دەرنەچوونی بووە لە وانەکانی".

# تاقانەی شەش برا ئاگری لەخۆی بەردا

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- پشدەر**

ئەندامانی خێزانەکەی بڕیاریاندابوو ڕۆژی عەرەفە (ڕۆژێک پێش جەژنی قوربان) بە ڕۆژوو بن، تریفە گوتبووی کە ئەو خواردنیان بۆ ئامادە دەکات و پارشێویش بانگیان دەکات، بەڵام ئەو کاتەی ئەوان لە خەودا بوون، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.

قسەی (تریفە.ق)ی تەمەن 33 ساڵانیش وەکو زۆربەی ئەو کچانەی دوای خۆسووتاندن بەهۆش دێنەوە، پەشیمانبوونەوە بوو، بەڵام پەشیمانی دادی نەدا و گیانی سپارد و خۆشیی جەژنی لە خێزانەکەی کرد بە شین.

تریفە کە دانیشتووی ناحیەی ژاراوەی سەر بە قەزای پشدەر بوو، تاقانەی شەش برا بوو. بەرەبەیانی 2017/8/31 ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و ڕۆژی 2017/9/4 گیانی سپارد.

کەسوکاری تریفە، وەکو زۆربەی هەرەزۆری ئەو خێزانانەی کە ئافرەتێک لە ماڵەکانیاندا خۆی دەسووتێنێ، دەڵێن کچەکەیان نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی سووتاندووە.

کاروان کە دوو ساڵ لە تریفەی خوشکی بچووکترە، بە (ڕووداو)ی گوت: "تریفە بە منداڵی هیچ کێشەیەکی نەبوو، تەمەنی 14 ساڵان بوو کە لە ناکاو تووشی نەخۆشیی دەروونی بوو، نەخۆشییەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەسەند، بردمانە لای چەندین پزیشک و شێخ و مەلا، بەڵام هیچ سوودی نەبوو".

بە گوتەی کاروان، نەخۆشییەکەی تریفە سەخت بووە، بۆیە باوکی بەردەوام چاودێریی کردووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی جارێک نەوتی بەخۆیدا کردووە و ویستوویەتی خۆی بسووتێنێ، بەڵام زوو فریای کەوتبوون. کاروان دەڵێت: "باوکم بۆ یەک شەویش غافڵ نەدەبوو لێی، ئەگەر سەفەرێکیشی بکردایە، کەسێکی ڕادەسپارد چاودێریی تریفە بکات".

کاروان باسی ئەو کاتە دەکات کە تریفە خۆی سووتاندووە: "شەوی عەرەفە گوتمان بەیانی هەڵدەستینەوە بەڕۆژوو دەبین، تریفە پێیگوتین ئێوە بخەون، من خواردنتان بۆ حازر دەکەم و پارشێویش خەبەرتان دەکەمەوە. بەڵام لە حەوشە نەوتی بەخۆیدا کردبوو، بەبێ دەنگی دەسووتا، باوکم لەگەڵ بۆنی دووکەڵ و ڕووناکیی ئاگری جەستەی بە ئاگا هاتبوو".

هەر ئەو شەوە تریفە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ، لەوێ هەندێک چارەسەری سەرەتایی بۆ دەکرێ و ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی دەکرێ، کاروان دەڵێت "کە لە ڕێگا بردمان بۆ قەڵادزێ بەهۆش خۆی هاتەوە و گوتی پەشیمانم، گەردنم ئازاد بکەن، نازانم بۆچی خۆم سووتاند".

تریفە چەند ڕۆژێک لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی مایەوە، بەڵام کەسوکارەکەی لەسەر بەرپرسیارێتی خۆیان بردیانەوە ماڵەوە. کاروان دەڵێت: "لە نەخۆشخانە تەنیا دەرزییان لێدەدا و ئاویان لەسەر دادەنا، ترسمان هەبوو بە دەرزی و ئاو بیکوژن، بۆیە بردمانە ماڵەوە، لەوێ بە دەرمانی کوردەواری چارەسەرمان دەکرد، بەڵام دوای دوو ڕۆژ مرد". بە گوتەی کاروان، هۆکاری ڕووداوەکە تریفە خۆی بووە، بۆیە تریفە سکاڵای نەبووە.

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی گوت: "بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە سووتاوێکی کچیان هێنا بۆ بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەمان کە ڕێژەی سووتانەکەی 65% بوو، ئێمە لای خۆمان چارەسەری سەرەتاییمان بۆ کرد، لەبەر ئەوەی بەشی سووتاوی لە نەخۆشخانەکەمان نییە، بۆیە بەڕێمان کرد بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، لەسەر بەرپرسیارێتی خۆیان، کەسوکارەکەی بردیانەوە بۆ ماڵەوە، لە کاتێکدا نەخۆشی لەو جۆرە نابێت لە شوێنی خۆی بجوڵێنرێ و لە نەخۆشخانە بێتە دەرەوە، چونکە برینەکانی ژەهراوی دەبن، ئەو نەخۆشە تووشی ژەهراوییبوونی خوێن بوو، بۆیە دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە ماڵەوە، مرد".



تریفە لە ماڵەوە چارەسەری برینەکانی سووتانەکەی دەکرا بەو هۆیەش تووشی ژەهراوییبوونی خوێن بوو

# دوو خوشک 18 دۆنم زەوی دەکەنە باخ

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- خورماڵ**



بەرهەمی باخەکەی شیرین و فاتیمە ڕەواجێکی زۆری پەیدا کردووە (فۆتۆ: ڕووداو)

هەرچەندە باخەکەیان چەند سەد مەترێک لە ماڵەکانی شارۆچکەکەوە دوورە، بەڵام شیرین دەڵێ "سێ مانگ جارێک خورماڵ نابینم، چونکە هەموو ژیانمان داوە بە کارەکەمان، من و خوشکەکەم، جاری وا هەیە تاوەکو ڕۆژ دەبێتەوە ناخەوین بۆ ئەوەی باخەکەمان ئاو بدەین".

لە شارۆچکەی خورماڵ، باخ و باخەوان زۆرن، بەڵام دوو خوشکی باخەوان کە ئێستا بەهۆی پێگەیشتنی بەروبوومەکانیانەوە ناپەرژێنە سەر هیچ شتێک، کەس نییە لەو ناوچەیە نەیانناسێت.

12 ساڵ لەمەوبەر شیرین و فاتیمەی خوشکی بڕیاریاندا ئەو 18 دۆنم زەوییەی کە هەیانە، بیکەنە باخ. ئەوە بڕیارێکی ئێجگار قورسیش بوو، چونکە ئیدی دەبوو دوو کچ شەڕی سەوزکردنی زەوییە ڕووتەڵەکە بکەن لەنێو کۆمەڵگەیەکدا کە باخەوانەکانی پیاون. شیرین دەڵێت: "لەسەرەتاوە بۆ ئێمە خۆش نەبوو، بەڵام دەستمان بە چاندن و ڕواندنی نەمامەکان کرد و خزمەتمان کردن، تاوەکو بەو شێوەیە بووە باخ".

شیرین حەمەخورشید، کێشەی ئەوەیە کە دوو ڕۆژ جارێک سەرەئاوی هەیە بۆ ئاودانی باخەکەی، بەڵام باخەکەیان گەورەیە و ئاویش لەنێوان چەند باخەوانێکی ناوچەکەدا دەبێ بەڕێککەوتن دابەش بکرێ. شیرین دەڵێت "زۆر جار پیاوەکان لەناو خۆیان دەبێتە شەڕ و قڕەیان لەسەر ئاو، بەڵام ئێمە ناچارین شەو تاوەکو بەیانی نەخەوین بۆ ئەوەی فریای ئاودانی باخەکەمان بکەوین".

شیرین، لەوە ماندووتر دەردەکەوێ کە پێشبینی دەکەی، چونکە کاتی وا هەیە لەگەڵ فاتیمەی خوشکی 24 کاژێر زیاتر لە نێو باخەکەیان دەمێننەوە، بەڵام شیرین هەرکاتێک سەر بەرز دەکاتەوە و درەختە بەبەرهاتووەکان دەبینێ، بڕێک ئارام دەبێتەوە "بەرهەمیش ئێستە پارە ناکات، پێش ئەو قەیرانە، ڕۆژی وا هەبوو بایی 100 هەزار دینار بەس خەیارمان دەفرۆشت، ئێستا بایی 20 هەزار دەفرۆشین".

فاتیمە لە شیرینی خوشکی ماندووترە. ئەو دەڵێ حەزی لەهەموو کارێکی باخدارییە، بەڵام زۆر ڕقی لە هەنار ڕنین دەبێتەوە، چونکە هەنارەکەیان زۆرە. بۆیە زۆربەی ساڵ هەنارەکەیان لە گۆترە دەفرۆشن تەنیا بۆ ئەوەی لە ڕنین ڕزگاریان ببێ".

ئەو دوو خوشکە تەمەنیان لەسەرووی 45 ساڵە، هیچیان شوویان نەکردووە، ئەوان خاوەنی دوو بران، بەڵام براکانیان نایەن بەلای باخەکەوە، بۆیە خۆیان ناچاربوون ببنە باخەوان. فاتیمە دەڵێ "لەسەرەتای بەهاردا چەند کرێکارێک دەگرین گوڵەکان پاک بکەنەوە، لە پاییزیشدا هەندێک پیاو بەکرێ دەگرین دارەکان هەڵپاچن، بەڵام هەموو کارەکانی دیکە خۆمان دەیکەین".

هەنار، سێو، هەنجیر، هەرمێ، خۆخ، ترێ، خەیار، تەماتە، بامیە و باینجان و زۆر جۆر سەوزە لە باخەکەی ئەواندا دەستدەکەوێ. چەند سەر مانگایەک و مریشک و قاز و پەلەوەری دیکەش بەخێودەکەن.

جەمال عەلی کە ڕۆژانە بەرهەمی باخی ئەو دوو خوشکە دەباتە عەلوە و لە دووکانی خۆشیدا هەر سەوزە و میوەی ئەوان دەفرۆشێ، زۆر پەسنی بەرهەمەکانیان دەدات "میوەکەیان زۆر جوانە، باشترین جۆری ترێ هی ئەوانە".

جەمال عەلی، هەروەها دەڵێ: "ئێستا ئەم دوو خوشکە بوونەتە قسەوباسی نێو خەڵک، بەهۆی جوانیی باخەکەیان و باشیی بەرهەمەکەیانەوە".

"باخداریی زۆر خۆشە، کاتێک بەروبووم پێدەگات هەر کەس بێتە سەردانت سەبەتە میوەی وەک دیاری پێدەدەی، هەرچیت بوێ هەیە و خۆت بەرهەمت هێناوە"، بەڵام شیرین بەردەوام بەدەست کەمیی ئاوەوە دەناڵێنێ. چونکە دەبێ هەموو هەفتەیەک دووجار لەگەڵ باخەوانە پیاوەکان تووشی دەنگە دەنگ ببێ، هەر بۆیە بەردەوام دەیگوت کەمئاویی خەریکە خۆشەویستیم بۆ باخەکە ناهێڵێ: "ئەگەر ساڵێکی دیکە ئاو ئاوا کەم بێت، دەیفرۆشم چونکە ئەو شەڕە بە من ناکرێ".

شیرین و فاتیمە لەلایەن وەزیری کشتوکاڵەوە وەکوو دوو باخەوانی نموونەیی خەڵاتکراون، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن، باشترین خەڵات کە حکومەت پێشکەشی ئەوانی بکات، ڕێگەگرتنە لە هێنانی ئەو میوە و سەوزەیەی ناهێڵێ بەرهەمی باخەکەیان، نرخی گونجاو بکات.

# کچێکی کورد بەشداری پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی دەکات

**ڕووداو- سوید**

زیان یوسف، مامۆستای زومبا و پیلۆکسینگ، بە نیازە وەکوو یەکەم ئافرەتی کورد بەشداری لە پاڵەوانێتییەکی لەشجوانی لە سوید بکات.

زیان کە خەڵکی دهۆکە و ڕەگەزنامەی سویدیی هەیە، دەڵێت "من یەکەم ئافرەتی کوردم و پێشتر هیچ ئافرەتێک ئەمەی نەکردووە. لەو پاڵەوانێتییەدا 10 وڵات بەشداری دەکەن. بێگومان ئاڵای کوردستان لەگەڵ خۆم دەبەم، بەڵام چونکە ڕێگە نادرێت کوردستان لەو پاڵەوانێتییەدا بەشداری بکات، دەبێ پاسپۆرتە سویدییەکەم بەکاربهێنم بۆ ئەوەی ڕێگەم بدەن بەشدار بم".

وەرزشوانە کوردەکە لە ئێران لەدایکبووە و لە تەمەنی 8 ساڵاندا لەگەڵ خێزانەکەی گەڕاونەتەوە باشووری کوردستان. بەڵام لە بیستەکانی تەمەنیدا بڕیار دەدات بچێتە سوید و بۆ ماوەی 10 ساڵ لەو وڵاتە دەمێنێتەوە.

حەزی بۆ زومبا لە یەکێک لە گەشتەکانیدا بۆ کوردستان دروست بوو، کاتێک هاوڕێکانی پێیانگوتبوو زۆر قەڵەو بووە. لەکاتی گەڕانەوە بۆ سوید بڕیاری دا ژیانی خۆی بگۆڕێ، بۆیەش بەشداری لە کۆرسەکانی زومبادا کرد. دوای چەندین مانگ ڕاهێنانی زومبا کێشی زیان لە 97 کیلۆگرامەوە بۆ 67 کیلۆگرام دابەزی، وەکوو خۆی دەڵێت "زومبام خۆشدەوێ چونکە ژیانمی گۆڕی، هەر ئەمەش وایکرد بڕیار بدەم ببمە مامۆستای زومبا".

زیان، تەمەن 35 ساڵان، لەساڵی 2012 بڕوانامەی ڕاهێنانی زومبای وەرگرت، ساڵێک دواتر گەڕایەوە کوردستان و بڕیاری دا ئەو وەرزشە دانسییە فێری ئافرەتانی هەرێمی کوردستان بکات. بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو. وەکوو خۆی دەڵێت "کاتێک گەڕامەوە کوردستان، کەس نەیدەزانی زومبا چییە، دەیانگوت ئەمە وەکوو دیسکۆیە و ئافرەتی کورد ناتوانێت بەشداری تێدا بکات، چونکە کولتووری ئێمە ئەمە قەبووڵ ناکات".

زیان ستۆدیۆیەکی بچووکی بە ناوی (Esporta Fitness Center) لە هەولێر کردەوە. سەرەتا تەنیا چەند قوتابییەکی هەبوو. ئەو ئێستا بڕوانامەی پیلۆکسینگیشی هەیە کە ئەویش تێکەڵەیەکە لە وەرزش و دانس، لەگەڵ تێپەڕینی کاتیشدا ژمارەی قوتابییەکانی بەرز بوونەوە. ئێستا 35 قوتابی هەیە، بۆیەش هەندێکجار ناچارە نۆرە بۆ قوتابییەکانی دابنێ.

زیان یوسف دەڵێت زۆر لە ئافرەتانی کوردستان ئارایش، برژانگی ساختە و دەرمانی گەورەکردنی ماسولکە بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی جوان دیار بن، بەڵام ئەو هانیان دەدات ڕێگەیەکی دیکە تاقی بکەنەوە.

هەوڵەکانی زیان لە کوردستان بێ کێشەش نەبووە، خەڵکانێکی زۆر بەهۆی چالاکییەکانییەوە ڕەخنەی لێدەگرن، بەڵام دەڵێت "من دەمەوێ ئافرەتانی کوردستان بزانن کە نابێ شەرم لەوە بکەن لەشی خۆیان نمایش بکەن، چونکە بەمە هیچ کارێکی هەڵەیان نەکردووە".

ئەو وێنەکانی ڕاهێنان و فیتنێسی خۆی لەسەر لاپەڕەی تایبەتی فەیسبووک و ئینستاگرامی خۆی نمایش دەکات و دەڵێت "هیچ فۆتۆیەکم لەسەر ئینستاگرامەکەم دانەناوە کە جەستەمی تێدا نمایش کرابێت، بەڵکو هەموو فۆتۆکان بە جلی وەرزشین. بەڵام خەڵکانێکی زۆر دێن و کۆمێنتم بۆ دەنووسن و دەڵێن هیچ جلی لەبەر نییە و لەشولاری خۆی نمایش دەکات". سەرەڕای ئەو ڕەخنانەش، زیان سوورە لەسەر درێژەدان بە چالاکییەکانی خۆی، چونکە دەیەوێت خەونەکانی خۆی بهێنێتەدی".

گوشارەکان تەنیا لەلایەن خەڵکی دەرەوە نەبووە، بەڵکو خێزان و کەسوکاری خۆیشی سەرەتا دژی کارەکەی بوون. بەڵام دەڵێت "بۆم ڕوونکردنەوە کە من هیچ کارێکی هەڵە ناکەم و ئەمە تەنیا بۆ تەندروستیی خۆمە".

ئێستاش خێزانەکەی بۆ پاڵەوانێتیی لەشجوانی لە سوید پاڵپشتیی دەکەن.

زیان ڕۆژی 24ی ئەیلوول دەگەڕێتەوە سوێد، بۆ ئەوەی پێش پاڵەوانێتییەکە ڕاهێنانێکی چڕوپڕ بکات. بڕیاریشە لە سوید ڕاهێنەرێکی تایبەت ئاستی ئامادەیی جەستەیی زیان تاقیبکاتەوە، بۆ ئەوەی بزانن لە کام بەشی پاڵەوانێتییەکەدا مافی بەشداریکردنی هەیە. پاڵەوانێتییەکە لە ڕۆژی 29ی نیسانی ساڵی داهاتوو دەستپێدەکات. زیان کە ئاڵایەکی کوردستانی بەدەستەوەیە، دەڵێت "خەونی من ئەوەیە بەم ئاڵایەوە بەشداری کێبڕکێیەکان بکەم، بۆیەش ئەمە دەکەم".



زیان ئێستا خاوەنی 35 قوتابییە و فێری زومبایان دەکات



## تەرمی شوانێک دەدۆزرێتەوە

**ڕووداو – سلێمانی**

هێزەکانی پۆلیسی سلێمانی تەرمی شوانێکیان لە بەرزاییەکانی قەیوان ماوەت هەڵگرتەوە و ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی کرد.

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی کە لە پەیجەکەیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە "پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 12ی ئەیلولی 2017، تەرمی هاووڵاتییەکی دانیشتووی شاری سلێمانی لە بەرزاییەکانی قەیوان ماوەت دۆزرایەوە". دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی تەرمی هاووڵاتییەکە ڕەوانەی پزیشکی دادوەری لە شاری سلێمانی کرا و پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ ڕوداوەکە کراوەتەوە بە گوتەی پۆلیس "هاووڵاتییەکە ناوی (ر، م،ئا)یە و لە دایکبووی 1969یە، دانیشتووی گەڕەکی برایم ئەحمەدە لە شاری سلێمانی و پیشەی شوان بووە.

# مێرمنداڵێکی 12 ساڵان خۆی دەخنکێنێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو– هەولێر**

بە پێچەوانەی هەندێک مێرمنداڵ کە دەبنە بارگرانی بۆ خێزانەکانیان و تووشی کێشەی جۆراوجۆریان دەکەن، بیلال هاوکارێکی باشی باوکی بوو، ئەو تەنیا چەند خولەکێک لەبەرچاوی باوکی ونبوو، دواتر تەرمەکەی لەو ماڵە دۆزرایەوە کە لەگەڵ باوکی کاریان تێدا دەکرد.

بیلال حەسەن غازی، تەمەن 12 ساڵ و دانیشتووی شارۆچکەی کەلار، قوتابی قۆناغی حەوت بوو، لە وەرزی هاویندا بەردەستیی باوکی دەکرد کە بیناسازە.

بیلال لە بەرەبەیانی ڕۆژی 13ی ئەم مانگە لەگەڵ باوک و مامی بەرێدەکەوێت بۆ کارکردن. حەسەن غازی باوکی بیلال کە ئێستا لەسەر جێگەیە و چەند ئەندامێکی جەستەی و باری دەروونیشی تێکشکاوە، تەنیا باس لەوە دەکات کوڕەکەی لە پێش چاوی چەند خولەکێک ون بوو، دواتر بە خنکاوی بینییەوە.

عاسی غازی کە مامی بیلالە، زۆر پەسنی بیلالی برازای دەدات و دەڵێت "بیلال منداڵێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، نە دایکی و نە باوکی هیچ کێشەیان لەگەڵ کوڕەکەیان نەبوو، بیلال بۆ خۆشی هیچ کێشەیەکی دەروونی نەبوو، لە ژیانیشیدا هیچ کێشەیەکی نەبووە، بۆیە هەموومان سەرمان سوڕماوە و نازانین چی بڵێین".

عاسی لەو باوەڕەدا نییە، بیلال خۆی کوشتبێ و پێیوایە ڕووداوەکە قەزا و قەدەرە "بڕواناکەین ڕووداوەکە خۆکوشتن بێت، بەڵکو قەزا و قەدەر بووە، چونکە کوڕێکی منداڵکارە، هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنێک کە خۆی ناسیبێت تا خەمێکی هەبووبێت، یان دەستی بچێتە گیانی خۆی".

مامی بیلال باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە ڕووداوەکەی تێدا ڕووداوە و دەڵێت "ئەو ڕۆژە دوای بانگی نیوەڕۆ بیلال لە حەوشەی ماڵێک کە کاریان تێدا کردووە، یاری بە حەبلێک کردووە، دواتر لە ژوورێکی پشتەوە، حەبلەکەی لە فەردەیەکی چیمەنتۆ گیر کردووە، پاشان لە گەردنی گیر کردووە، واتە نەیکردووەتە هەموو ملی، تەنیا بە ئەڵقەی پێشی حەبلەکە لە بەشی پێشەوەی ملی گیر کردووە و خنکاوە".

لەو خانووەدا باوکی بیلال و مامێکی و دوو کرێکاری دیکە کاریان کردووە. بیلال چەند خولەکێک دیار نامێنێ، بۆیە باوکی و مامی بەدوایدا دەگەڕێن، بەڵام لە نێو خانووەکەدا بە خنکاوی دەیدۆزنەوە.

عاسی دەڵێت "باوک و براکەم لەوێ خەریکی کاربوون. دوای چەند خولەکێک لە دیارنەمانی بیلال، براکەم (باوکی بیلال) چووە بەدوایدا بگەڕێت، بەڵام بە حەبلەکەوە دەیبینێت، جەستەی ساردبووەتەوە و گیانی لەدەستداوە، براکەم ئەژنۆی شکابوو، هاواری کردووە، خاوەنی ئەو ماڵەی کاریان لێی دەکرد لە دیوی پشتەوەی خانووەکە بووە بەرە و هاواری براکەم دەچێت و خێرا تەرمی بیلال هەڵدەگرێت و بەرەو نەخۆشخانەی دەبات".

بە گوتەی عاسی، باوکی بیلال بەو ڕووداوە زۆر پەشۆکاوە، بۆیە لە کاتی چوونی بۆ نەخۆشخانە تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە. عاسی گوتی "براکەم بە ئۆتۆمبێلی خۆی دوایان دەکەوێت، لەتاوی بیلال خۆی بە دوو ئۆتۆمبێلی دیکەدا دەکێشێت و شان و دەست و چەند ددانێکی دەشکێت، سوپاس بۆ خودا ئێستا تەندروستی بەرەو باشتر دەچێت، بەڵام باری دەروونی زۆر ناجێگیرە".

لە دوای ڕووداوەکە خاوەن ماڵەکە دەستگیرکراوە، بەڵام عاسی ڕەتیکردەوە خاوەن ماڵەکە هیچ تاوانێکی هەبێ. عاسی گوتی "ئێمە سکاڵامان لەسەر هیچ کەسێک نییە، کوڕەکەمان بەدەستی کەس نەڕۆیشتووە و بەزووترین کات دەچین تەنازول بۆ ئازادکردنی ئەو خاوەن ماڵەش دەکەین کە بەپێی پەتی کوڕەکەمانی گەیاندۆتە نەخۆشخانە".



### خۆکوشتن لە گەرمیان زیادی کردووە

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گەرمیان، لە ماوەی هەشت مانگ و نیوی ڕابردوودا 10 حاڵەتی خۆکوشتن لە سنووری گەرمیان تۆمارکراوە، ئەمەش بە بەراورد بە نۆ مانگی یەکی ڕابردوو زۆر زیادی کردووە کە تەنیا چوار حاڵەت بووە.

ڕائیدی مافپەروەر عەلی جەمال قدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان لەبارەی خۆخنکاندنی ئەو گەنجە بە (ڕووداو)ی گووت "پاش ئاگادارکردنەوەمان لەلایەن بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی شەهید هەژار لە قەزای کەلار بە هێنانی تەرمی مێردمنداڵێکی تەمەن 12 ساڵان کە بە پەت خۆی خنکاندبوو لە ماڵی کەسێک، کە لەگەڵ باوکی کاری تێیدا دەکرد، پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ کردووەتەوە و خاوەن ماڵەکەشمان دەستگیر کردووە، هەروەها باوکی منداڵەکەش هەمان ڕۆژ تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە، لێکۆڵینەوەی پۆلیس لە ڕووداوەکە هێشتا بەردەوامە".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## ژنەکەی سەرگەردان کرد

قسەیەک لەناو کورد هەیە دەڵێت: "پیاوی کورد ئەگەر پارەی زۆر بوو، یان ژنێکی دیکە دێنێ، یان کەسێک دەکوژێ". دۆسیەی ئەو ژنەی لەو گۆشەیەدا باسی دەکەین، ڕێک ئەو ئیدیۆمەی لەسەر دەچەسپێ، چونکە هاوژینەکەی لە ڕووی مەعنەوییەوە ئەوی کوشت و دووریش نییە ژنێکی دیکە بهێنێ.

پارێزەرێک تەلەفۆنی بۆ کردین و گوتی ئێوە پەیوەندیتان بە بریکاردارەکەم کردووە، چ کێشەیەکی لەلای ئێوە هەیە، ئێمەش پێمانگوت ژنەکەی سکاڵای هەیە لەسەری، ئێمەش دەمانەوێ بۆ ئاشتەوایی بانگی بکەین. ئەو ئافرەتە داوای لێکردین بانگی هاوژینەکەی بکەین، بە گوتەی خۆی چەند مانگێکە پشتی تێکردووە، زۆر بە نارێکی خەرجیان دەکێشێ، هەر شتێکی هەبێ قسەی لەگەڵ ناکات لە ڕێگەی منداڵەکانییەوە نەبێ. بە ئاشکرا دەڵێت با جیاببینەوە، ئەو ڕازییە خەرجییان بکێشێ، بەڵام دەیەوێ منداڵەکان لەلای خۆی بن. بەڵام ژنەکە دەیگوت بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ لێی جیاببێتەوە، چونکە کاتی خۆی بە خۆشەویستی شووی پێکردووە، سەرەتای ژیانیان زۆر ناخۆش بووە، بەڵام دواتر گوزەرانیان باش بووە، ئێستا پیاوەکە کارێکی باشی هەیە و مانگانە داهاتێکی باشی دەستدەکەوێ.

کاتێک بانگی پیاوەکە کرا و قسەی لەگەڵ کرا، پیاوەکە هیچ پاساوێکی بەهێزی نەبوو بۆ جیابوونەوە لە هاوژینەکەی، هەر باسی شتی بچووک بچووکی دەکرد، بە هیچ جۆرێک نەیدەسەلماند کە ئەگەر کێشەیەکیان هەبێ بە دیالۆگ چارەسەری بکەن، بەڵکو ژنەکەی بێمەنت کرد و داوای لێکرد با بچێ لە دادگا داوای جیابوونەوە بکات. بەڵام ژنەکە بیانووی دیکەی هەبوو بۆ جیانەبوونەوە، ئەو دەیگوت ماڵی باوکم لە شارێکی دیکەیە، منداڵەکانم لە قوتابخانەی ئەهلی دەخوێنن، من ناتوانم کرێی خوێندن بدەم. پیاوەکە لەسەر ئەوەش ڕازی بوو، گوتی خەرجی تۆ و خوێندنی منداڵەکانیشت دەدەم.

هەرچەندە بۆ ئافرەتەکە ڕوون کرایەوە کە تەڵاق بەدەست پیاوە، تۆ ڕازی ببی یان نا دەتوانێ تەڵاقت بدات، تۆ تەنیا دەتوانی داوای ماف و حەقە مارەیی خۆت بکەی و داوای نەفەقەی منداڵەکانت بکەی، بەڵام ئەو هەر دەیگوت جیانابمەوە. بۆیە پیاوەکە یەکسەر دانیشتنەکەی جێهێشت، چونکە ئەو خۆی یەکلایی کردبووەوە کە لە ژنەکەی جیادەبێتەوە.

دوای دوو ڕۆژ ژنەکە پەیوەندی پێوەکردین و گوتی هاوژینەکەم بە یەکجاری ماڵی جێهێشتووە، مادام ئەو بە من ڕازی نییە با بڕوات، بەڵام با خەرجی من و کرێی خوێندنی منداڵەکان بدات. پەیوەندیمان بە پیاوەکەوە کرد، ئەویش گوتی باشە ئێستا تەلەفۆن بۆ کوڕەکەم دەکەم، بەڵام زۆری نەبرد پارێزەرەکەی تەلەفۆنی کرد و گوتی ئەوە بریکاردارەکەم دەڵێت یەک فلسیشی نادەمێ، با بچێ بۆ خۆی لە دادگا سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام ژنەکە دەپاڕایەوە و دەیگوت: "ئەی هاوار دادگای چی، من بە چی بچم بۆ دادگا، خۆ من پارەم نییە تەنانەت پارێزەرێکیش بگرم"، بەڵام دواتر لەلایەن ڕێکخراوێکەوە پارێزەرێکی خۆبەخشی بۆ دابین کرا. کاتێک پیاوەکە زانی ژنەکەی سکاڵای تۆمار کردووە و پارێزەری هەیە، ڕازی بوو مافەکانی ژنەکەی بدات.

بەپێی یاسای باری کەسی، مافی جیابوونەوە بە ژن و مێرد دراوە لە حاڵەتێکدا ئەگەر لەگەڵ یەکدی نەگونجان.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

فێڵیان لە کۆمپانیا و لە شۆفێران کردووە

# لە هەولێر باندێکی فێڵکردن لە خەڵک دەستگیر دەکرێن

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو– هەولێر**

لە هەولێر باندێکی فێڵ و تەڵەکەبازی کە لە شەش کەس پێکهاتوون، سێیان دەستگیر کران.

ئەو باندە نووسینگەیەکی وەهمیی دراو و پێشانگایەکیان بەناوی فرۆشتنی کاشی لە شەقامی شۆڕشی هەولێر دانابوو، بەناوی کرێ سێ ئۆتۆمبێلیان وەرگرتووە و دواتر فرۆشتوویانە.

(ئا.م) تۆمەتباری سەرەکیی دۆسیەکە کە باوکی چوار منداڵە، بە (ڕووداو)ی گوت: "سەرەتا کاری مۆبایلم دەکرد، لە دوبەی دەمهێنا و دەمفرۆشت، بەڵام بەهۆی چەند کەسێکەوە ملیۆنێک دۆلارم فەوتا، دواتر چەند کەسێکم ناسی، ئەوان کاری فائیزیان دەکرد، مامەڵەم لەگەڵ کردن، بۆ ئەوەی بتوانم ئیشی خۆمی پێبکەم، ئۆتۆمبێل و دەمانچە و شتی دیکەم لێوەردەگرتن بۆ ماوەیەک کە بۆیان دیاریدەکردم، دواتر دەبوایە پارەی زیاتریان بدەمێ، بۆ نموونە دەمانچەیەکیان بە دوو هەزار دۆلار دەدامێ، بەڵام دەبوو دوای مانگێک 3500 دۆلاریان بۆ بگەڕێنمەوە".

(ئا) بڕیار دەدات واز لەو کارە بهێنێ، دەچێ پێشانگایەکی فرۆشتنی کاشی دادەنێ، ئەو دەڵێت "بەڵام پارەکەم بەشی نەکرد، لەبەرئەوە دووبارە کەوتینەوە ناو کەسانی فائیزخۆر، بۆیە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە بڕیارماندا بەناوی کارکردن و پێدانی کرێی مانگانە ئۆتۆمبێل لە خەڵک وەربگرین، ئۆتۆمبێلێکی جۆری ترێلە و دوو پیکابمان وەرگرت، هەروەها 200 دەرگا لە کەسێک لە کەلار و زیاتر لە 75 سپلیتیشمان لە کەسێک لە هەولێر وەرگرت".

(ئا.م) پێشتریش دوو جار لەسەر قەرز و فێڵکردن دەستگیرکراوە، لەبارەی چۆنیەتی متمانەپێکردنی ئەو کەسانەی کاڵاکانیان لێوەردەگرتن، دەڵێت "نووسینگەیەکی وەهمیمان لەناو بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر دانابوو، کەسێکیشمان بەناوی (ە) لەوێ کردبووە وەکیل، هەروەها (مام. ئە) یش کە پیاوێکی بەتەمەن بوو، دەمانکردە بەڕێوەبەری پێشانگای کاشییەکە، بۆ ئەوەی خاوەنی کاڵاکان متمانەمان پێبکەن، دوای ئەوەی متمانەیان دەکرد و کاڵاکانیان پێدەداین، وەرماندەگرت و دەمانفرۆشتەوە".

(ئا.م) دەشڵێت "ئێمە شەش کەس بووین، هەڵەمان کردووە و ماڵی خەڵکمان خواردووە، قەرزاری خەڵکین. هەموو قەرزەکان کە 70 هەزار دۆلارە کەوتووەتە سەر من و دەبێت بیدەمەوە، بۆیە دوا قسەم بۆ هەموو ئەو کەسانەی ئەو کارانە دەکەن ئەوەیە تەمەنی فێڵکردن و ساختەکاری کورتە، با هیچ کەسێک پەنای بۆ نەبات".

(ئە.ق) تەمەن 63 ساڵ، خێزاندارە و 8 منداڵی هەیە، ئەو بەتەمەنترین کەسی ناو باندەکەیە، دەڵێت "ساڵی پار لەڕێگەی هاوڕێیەکمەوە (ئا) و کەسێکی دیکەم بەناوی (ک) ناسی، دواتر بەناوی ئیشکردنەوە داوای پارەیان لێکردم، منیش 8 ملیۆن دینار لەگەڵ 900 دۆلارم پێدان، بەمەرجی ئەوەی قازانجم بدەنێ، بەڵام ئەوان پارەکەیان نەدامەوە، لەبری ئەوە گوتیان لای ئێمە کار بکە و پارەکەت دەدەینەوە".

(ئە)یش یەکەمجاری نییە دەستگیر دەکرێت. پێشتریش لەسەر ساختەکاری دەستگیرکراوە، لەبارەی ساختەکارییەکەش دەڵێت "لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە بە ناسنامە و ڕەگەزنامەی ساختە و بەناوی دیکەوە ئۆتۆمبێلمان لە کۆمپانیای ئۆتۆمبێل وەردەگرت و دەمانفرۆشتەوە".

مام (ئە) وەک خۆی باسی دەکات، بەهۆی ئەوەی پارەی دابوو بەم کەسانە، ناچار بووە لەگەڵیان بێت، ئەو دەڵێت: "لە کۆمپانیا چاپچی بووم و کاری خاوێنکردنەوە و گواستنەوەی کاشییەکانم دەکرد، نەمدەزانی ئیشی ئەوانە فێڵکردنە لە خەڵک، من ئاگاداری ئەوە نەبووم، بۆ نموونە جارێک خاوەن ئۆتۆمبێلێکی جۆری ترێلە هاتە پێشانگاکە و گوتی ترێلەکەتان بەکرێ دەدەمێ، لەبەرامبەردا مانگانە سێ هەزار دۆلارم دەوێت، (ئا) ڕازی بوو، بە منی گوت تۆ واژۆ لەسەر گرێبەستەکە بکە، دواتر خاوەنی نووسینگەیەکی دۆلارفرۆشی هەبوو، ئەویان کرد بە کەفیل، بەبێ ئەوەی من یەک دینار وەربگرم". بەڵام (ئا) ئەو قسانەی مام (ئە) ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "هەمووومان بەشداربووین و بەیەکەوە کارمان دەکرد، تەنانەت بە ڕەزامەندی خۆی، مام (ئە)مان لە چەند کارێکدا وەک بەڕێوەبەری پێشانگاکە دەناساند".

مام (ئە) 3 کوڕ و 5 کچی هەیە، وەک خۆی باسی دەکات منداڵەکانی نەیاندەویست لەگەڵ کەسی خراپ دەست تێکەڵ بکات "منداڵەکانم نەیاندەزانی ئەو کارانە دەکەم، بەردەوام دەیانگوت تۆ لە ماڵەوە دابنیشە و لەگەڵ کەسانی خراپ مامەڵە مەکە، چیت دەوێت بۆت جێبەجێ دەکەین".

لەبارەی ئەم باندەوە ڕائیدی پۆلیس ڕێبوار عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی ئاشتی بە (ڕووداو)ی گوت: "ماوەیەک لەمەوبەر چەند کەسێک سکاڵایان تۆمار کرد لە دژی چەند کەسێک کە فێڵیان لێکردوون، ئێمەش پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ کردنەوە. لە ماوەیەکی کەمدا تۆمەتباری سەرەکی و دوو تۆمەتباری دیکەمان دەستگیرکرد کە فێڵیان لە چەند کەسێک کردوو، لەوانەش وەرگرتنی بارهەڵگرێک لە هاووڵاتییەک بەناوی کارپێکردن، بەڵام بارهەڵگرەکەیان فرۆشتبوو، هەروەها زیاتر لە 200 دەرگایان لە هاووڵاتییەکی دانیشتووی کەلار کڕیوە، هەر دەرگایەک بە 200 دۆلار فرۆشتبوویان بە کەسێک لە هەولێر، ئەویش فرۆشتبووی بە کەسێک لە قەزای سۆران، بەڵام ئێمە گەڕاندمانەوە بۆ خاوەنەکەی. جگە لەوە فێڵیان لە دوو کەسی دیکەش کردبوو، بەناوی کارپێکردن ئۆتۆمبێلەکانیان لێوەرگرتبوون،، بەڵام ئۆتۆمبێلەکانیان فرۆشتبوون. هەروەها 76 سپلیتیان لە هەولێر بە فێڵ لە کۆمپانیایەک وەرگرتبوو".

بە گوتەی ڕائید ڕێبوار، دوو لەو تۆمەتبارانە ئێستا دەستبەسەرن و یەکێکیشیان بە کەفالەت ئازادکراوە.





فۆتۆ: ڕووداو

## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان کوردستان و کۆسۆڤۆ

# "گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا ناتەبا نییە"

ڕووداو- هەولێر

بڕیارە هەفتەی داهاتوو گشتپرسیی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بەڕێوەبچێت، حکومەتی عێراق دژی گشتپرسییەکەیە و بە "یاریکردن بە ئاگر" و "نادەستووری"ی دەزانێ، بەڵام پرسیارێکی سەرەکی ئەوەیە ئایا کوردستان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی مافی گشتپرسی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەیە؟ نارەزایەتییەکانی حکومەتی ناوەندی چ بایەخ و سەنگێکیان هەیە؟ دوو شارەزای سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە گەڕانەوە بۆ نموونە مێژووییەکان هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەدەن.

### ڕادگەیاندنی سەربەخۆیی... کەیسی کۆسۆڤۆ وەکوو نموونە

پۆڵ ویلیامز، مامۆستای پەیوەندی و یاسا نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ئەمریکی و مارگۆ جەی دەی، ڕاوێژکاری گرووپی یاسا و سیاسەتی نێودەوڵەتی و شارەزای عێراق و سووریا و یەمەن، لە وتارێکدا لە ماڵپەڕی (هافینگتن پۆست) ئاماژە بۆ بڕیارێکی دادگای نێودەوڵەتیی داد دەکەن کە چۆن لە کەیسی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆدا بڕیاری داوە.

ساڵی 2008، ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کۆسۆڤۆ تاکلایەنە و بێ گەڕانەوە بۆ سربیا سەربەخۆییان ڕاگەیاند. حکومەتی سربیا دژی ئەو بڕیارە وەستایەوە و بە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی لەقەڵەمی دا. هەمان ساڵ و

> دادگای نێودەوڵەتیی داد: هیچ قەدەغەیەک لەسەر ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی سەربەخۆیی نییە

لەسەر داوای سربیا، کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پرسی مەشروعیەتی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆی ڕادەستی دادگای نێودەوڵەتیی داد کرد و دادگا نێودەوڵەتییەکەش دوو ساڵ دواتر لە ڕاپۆرتێکدا بۆچوونی خۆی لەوبارەیەوە خستەڕوو.

وەکوو لە ڕاپۆرتی دادگا نێودەوڵەتییەکەدا هاتووە "ئەنجوومەنی گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەشێت داوا لە دادگای نێودەوڵەتیی داد بکەن بۆچوونی ڕاوێژکاریی خۆی سەبارەت بە هەر پرسێکی یاسایی بخاتەڕوو"، بە تایبەتیش لەو کاتانەی ڕوانگەیەکی ڕوونیان سەبارەت بە لایەنە یاساییە نێودەوڵەتییەکەی کێشەکە نییە.

پرسیاری ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دادگای نێودەوڵەتیی داد (کە بە ICJش ناسراوە) ئەوەیە "ئایا ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆیی لەلایەن دامەزراوەی خۆبەڕێوەبەریی کاتیی کۆسۆڤۆ لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا یەک دەگرێتەوە یان نا؟".

وەکوو لە بەشێک لە وەڵامەکەی (ICJ)دا هاتووە، پرسیارەکە ئەوە نییە ئاخۆ ئاکامە یاساییەکانی ئەو ڕاگەیەندنە چی دەبێ، یان ئایا کۆسۆڤۆ بووە بە دەوڵەت یان نا، وەکوو چۆن ئاماژەش نییە بۆ ئەوەی ئاکامی یاسایی ئەو ڕاگەیاندنە بۆ ئەو وڵاتانە چی دەبێت کە دانیان بە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆدا ناوە.

دادگای نێودەوڵەتیی داد لە بەشی یەکەمی وەڵامەکەیدا ڕەخنە لە داڕشتنی پرسیارەکە و بەتایبەتی بەکارهێنانی دەستەواژەی "دامەزراوەی خۆبەڕێوەبەری کاتیی کۆسۆڤۆ" دەگرێت، لەبەر ئەوەی ڕاگەیەندراوەکە لەلایەن ئەو دامەزراوەیەوە نەبووە، بەڵکو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کۆسۆڤۆ ڕاگەیەندراوەکەی بڵاوکردەوە و ئەو ئەنجوومەنەش لەلایەن خەڵکی کۆسۆڤۆوە هەڵبژێردرابوو.

دادگا نێودەوڵەتییەکە پێیوایە حکومەتی سربیا دەستی هەبووە لەوەی لایەنی بەرپرسیاری ڕاگەیەندراوەکە بگۆڕێت، چونکە دەسەڵاتە کاتییەکەی کۆسۆڤۆ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانرابوو، بۆیەش ئەگەر ئەو دەسەڵاتە کاتییە ئەو کارەی کردبێت، ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێتەوە.

#### زەمینەی ڕاگەیەندراوەکە و بڕیارەکەی (ICJ)

لە نێوان ساڵانی 2005 هەتا سەرەتای 2007 زنجیرەیەک دانوستاندنی ڕاستەوخۆ لە نێوان حکومەتی سربیا و ئیدارەی کاتیی کۆسۆڤۆ سەبارەت بە پەیوەندییە ئیدارییەکانی هەردوو لایەن و لامەرکەزیکردنەوەی سیستەمی سیاسیی سربیا بەڕێوەچوون. وەکوو لە ڕاپۆرتی نێردەی تایبەتی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ کۆسۆڤۆ هاتووە "پاش زیاتر لە یەک ساڵ گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و دانوستاندنی دوو لایەنە و ڕاوێژی شارەزایان، بۆمان ڕوون بووەتەوە کە لایەنەکان ناتوانن سەبارەت بە پێگەی داهاتووی کۆسۆڤۆ (لەناو ئیدارەی سربیا)دا بە هیچ ئاکامێک بگەن".

نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە درێژەپێدانی دانوستاندنەکان بێ هیوا ببوو، بۆیەش پێشنیاز دەکات کە "کاتی ئەوە هاتووە پێگەی داهاتووی کۆسۆڤۆ یەکلایی بکەینەوە". بە لەبەرچاوگرتنی مێژوو و واقیعی ئەوکاتی کۆسۆڤۆش تاکە ڕێگە بۆ ئەمە "سەربەخۆیی کۆسۆڤۆیە" کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێ چاودێریی بکات. لە دوای ئەو ڕاپۆرتە، ئەمریکا، ڕووسیا و یەکێتیی ئەورووپاش گەیشتنە ئەو بڕوایەی لایەنەکان ناتوانن لەسەر پێگەی سیاسی و ئیداریی کۆسۆڤۆ ڕێکبکەون.

ڕۆژی 17ی تشرینی دووەمی 2007 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی شارەوانیی کۆسۆڤۆ بەڕێوەچوون و کۆبوونەوەی دەستبەکاربوونی ئەنجوومەنەکەش لە ڕۆژانی 4 و 9ی کانوونی دووەمی 2008 بەڕێوەچوو. وەکوو لە ڕاپۆرتەکەی دادگای نێودەوڵەتیی داددا هاتووە "لە زەمینەیەکی لەم جۆرەدا بڕیاری ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە 17ی شوباتی 2008 ڕاگەیەندرا".

ڕاپۆرتەکەی دادگای نێودەوڵەتیی داد ڕەتیشی دەکاتەوە ئەنجوومەنەکە وەکوو قەوارەیەکی یاسایی سەر بە سربیا ئەمەیان کردبێت، بەڵکو تەنیا وەکوو نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵک هەنگاوەکەیان ناوە، بۆیەش کۆسۆڤۆ ناتوانێت بە پێشێلکردنی یاسا و قۆستنەوەی دەسەڵاتێک کە نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی سربیا پێیداون، ئەو هەنگاوەی نابێت.

ڕاگەیەندراوەکە ڕادەستی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان نەکرابوو، لە بڵاوکراوەی فەرمیی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی کۆسۆڤۆشدا چاپ نەکرابوو. حکومەتی سربیا لە یاداشتێکدا بۆ ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لەوە کردەوە کە ڕاگەیەندراوەکەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ "زۆرەملێ"یە و "نە لە سربیا و نە لە نەزمی یاسای نێودەوڵەتی"دا هیچ کاریگەرییەک دروست ناکات.

### کوردستان و کۆسۆڤۆ

دادگای نێودەوڵەتیی داد لە وەڵامی پرسیارەکەی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەنووسێت "یاسای گشتیی نێودەوڵەتی هیچ قەدەغەیەکی لەسەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دانەناوە". وەکوو ویلیامز و جەی دی ئاماژەی بۆ دەکەن، دادگا نێودەوڵەتییەکە بە تایبەتی لەسەر

> هەنگاوی یەکەمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی گشتپرسیی سەربەخۆیی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا ناتەبا نییە

کەیسی کۆسۆڤۆ دەوەستێت و جەخت دەکاتەوە کە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لە سربیا یاسای نێودەوڵەتی پێشێل ناکات.

دادگای نێودەوڵەتی بۆ بەرگری لەو بۆچوونەی خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ حاڵەتەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە سەدەکانی 18، 19 و سەرەتای سەدەی بیستەم کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەوڵەتە پەیوەندیدارەکە بە توندی دژی ڕاگەیاندنی دەوڵەت بووە. ڕاپۆرتەکەی (ICJ) جەخت لەوەش دەکاتەوە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا "یاسای نێودەوڵەتیی سەبارەت بە مافی بڕیاردانی چارەنووس بە جۆرێکی لێهات، مافی سەربەخۆیی بەو گەلانەش دا کە خاوەنی ناوچەیەکی خودموختار نین، وەکوو چۆن ئەو مافە بەو گەلانەش درا کە لە هەمبەر چەوسانەوە، داگیرکاری و بەکارهێنانی ناڕەوان".

وەکوو لە وتارەکەی (هافینگتن پۆست)دا هاتووە، لە نێوان ساڵانی 1905 – 1991دا 52 ئەکتەری نادەوڵەتی گشتپرسیی سەربەخۆییان کردووە. لەساڵی 1991یشەوە 53 گشتپرسی کراون. بڕیاریشە هەتا کۆتایی 2019 چوار گشتپرسی لەسەر ئاستی جیهان بەڕێوەبچن کە بریتین لە گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان، گشتپرسی سەربەخۆیی کاتالۆنیا، گشتپرسی سەربەخۆیی کالیدۆنیای نوێ و گشتپرسی سەربەخۆیی بۆگەینڤیل، کە هەردووکیان دەکەونە باشووری زەریای هێمن.

وەکوو وتارەکەی هافینگتن پۆست ئاماژەی بۆ دەکات، لە کۆی ئەو 53 گشتپرسییەی لە ساڵی 1991ەوە کراون، 26 یان بێ ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندی بوون. ژمارەیەکیش لەو هەرێمانەی بێ ڕەزامەندی دەوڵەت گشتپرسییان کردووە، دواجار خۆیان بوون به دەوڵەتی سەربەخۆ. هەردوو پسپۆڕەکە ئاماژە بۆ کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو دەکەن کە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندنی یەکێتی سۆڤیەت گشتپرسیی سەربەخۆییان ڕێکخست و لە قۆناغی بەراییشدا مۆسکۆ دژی هەرچەشنە هەنگاوێکی لەو جۆرە بوو، بەڵام هەموو ئەو کۆمارانە ئێستا بوون بە دەوڵەتی سەربەخۆ.

بە هەمانشێوەش چوار دەوڵەت لە یۆگوسلاڤیای پێشوو گشتپرسیی سەربەخۆییان ئەنجامدا، سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتدارانی یۆگوسلاڤیا ئەوپەڕی دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ئەو هەنگاوە دەربڕی کە هەموویان ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆن. سەبارەت بە سەربەخۆییەکەی کۆسۆڤۆش، هەتا ئێستا 111 وڵات دانیان بە سەربەخۆیی ئەو وڵاتەدا ناوە.

لە ڕاپۆرتی دادگا نێودەوڵەتییەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکرێت کە "ژمارەیەکی زۆر دەوڵەت بەهۆی مومارەسەکردنی ئەو مافەوە لەدایکبوون". جەخت لەوەش دەکاتەوە کە هەڵسوکەوتی هەندێک دەوڵەت لەو حاڵەتەدا بۆ دژایەتی سەربەخۆیی ئاماژە نییە بۆ ئەوەی "یاسایەکی نوێی تایبەت بە قەدەغەی سەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هاتبێتە ئاراوە"، لەبەر ئەوەی کێشەی نێوخۆیی نێوان لایەنەکان و یاسای نێودەوڵەتی لە خۆیدا دوو پرسی جیاوازن.

ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە قەدەغەی ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆیی (واتە بێ هاوئاهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی) بەشێکی دانەبڕاوە لە "بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی خاک". دادگای نێودەوڵەتیی داد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو بنەمایە بەشێکی گرنگە لە نەزمی یاسایی نێودەوڵەتی و لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا هەیە، بە تایبەتیش لە مادەی دووەم، پەرەگرافی چوارەم کە دەڵێت "پێویستە هەموو ئەندامان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیاندا خۆیان دوور بگرن لەوەی هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاک یان سەربەخۆیی هەر دەوڵەتێک بکەن.

نووسەرانی وتارەکەی هافینگتن پۆست پێیانوایە ئەم خاڵە لە هەموو خاڵەکانی دیکە گرنگترە، بەڵام بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی خاک پرسێکە کە پەیوەندیی بە "پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتەوە هەیە" واتە ئەوە دوو وڵاتی جیاوازن کە دەبێ ڕێز لە یەکپارچەیی خاکی یەکدی بگرن، بۆیەش هەوڵەکانی ئەکتەرێکی ناحکومی یان نیمچە-حکومی ناگرێتەوە کە دەیەوێت سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ.

کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کە دژی گشتپرسیی سەربەخۆییە، کێشەی نێوان دوو دەوڵەتی سەربەخۆ نییە کە یەکێکیان هەڕەشە لە سەروەری و یەکپارچەیی ئەوەی دیکەیان بکات، بەڵکو کێشەی نێوان ئەکتەرێکی نادەوڵەتی (هەرێمی کوردستان) و ئەکتەرێکی دەوڵەتییە.

خاڵێک کە لە گوتارەکەی دوو نووسەرەکەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ئەوەیە کە ڕاپۆرتەکەی دادگای نێودەوڵەتیی داد بۆ حاڵەتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییە نەک گشتپرسی یان سەربەخۆییەک کە لە ڕێگەی گشتپرسییەوە بەدەست هاتبێت، بۆیەش ئەو دۆخەی ڕاپۆرتەکەی ئەو دادگایە هەوڵی ڕوونکردنەوەی دەدات، زۆر قورسترە لەو دۆخەی کە کوردستان سەربەخۆیی تێدا ڕادەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی "لە کوردستان پێش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی گشتپرسییەک دەکرێت"، بەم حاڵەشەوە هەر دوو کەیسەکە لە چوارچێوەی هەمان بنەمادا لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، لە کاتێکدا سەربەخۆییەکەی کۆسۆڤۆ بەبێ گشتپرسی ڕاگەیەندرا.

یەکێک لەو ڕەخنانەی ئاراستەی جیابوونەوەی کۆسۆڤۆ لە سربیا دەکرێت، ئەوەیە کە باشتر بوو پێش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی گشتپرسییەک بکرێت بۆ ئەوەی ویستی خەڵک هەڵبسەنگێنرێ.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوەش دەکات لە هەندێک نموونەدا بڕیارنامەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش ژمارەیەک ڕاگەیاندنی سەربەخۆییان ئیدانە کردووە، لەوانەش سەربەخۆییەکەی قوبرسی باکوور و کۆماری سرپسکا. بەبۆچوونی دەی جەی و ویلیامز گشتپرسی و سەربەخۆییەکەی کوردستان ناچێتە خانەی ئەو حاڵەتانەی کە بڕیارنامەی قەدەغەکردنیان بۆ دەرچووە.

بەڵام ڕاپۆرتەکەی (ICJ) جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە هەموو حاڵەتەکانی ئیدانەدا نایاساییبوونی ڕاگەیەندراوی سەربەخۆیی پەیوەندی بەوەوە نییە کە تاکلایەنە و بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی ڕاگەیەندراون، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "بەشێوەیەکی نایاسایی هێز تێیاندا بەکارهاتووە و زۆر بە زەقی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل کراوە". بۆیەش دادگا نێودەوڵەتییەکە سوورە لەسەر ئەوەی "هیچ قەدەغەیەکی گشتی لەسەر ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆیی نییە".

هەردوو یاساناسەکە لە کۆتایی وتارەکەیاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە "ئەگەر ئاکامی گشتپرسییەکەی کوردستان لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی بێت، هەنگاوی داهاتوو دانوستاندن لەگەڵ بەغدا دەبێت". ئەگەر پاش ئەو دانوستاندنەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، کوردستان سوور بێت لەسەر ئەوەی هەوڵی سەربەخۆیی بدات، ئەوە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە "ئاخۆ کوردستان پێوەرەکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ بەدەوڵەتبوون پەیڕەو کردووە یان نا، ئایا ئەو پێوەرانە ڕەچاو کراون کە لە پرۆسەی دانپێدانان بە دەوڵەتێک لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە".

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دوو لێکۆڵەرەکە جەخت لەوە دەکەنەوە کە "لە کاتێکدا کوردستان بەو پرۆسەیەدا تێدەپەڕێت، پێویستە ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە هەنگاوی یەکەمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی گشتپرسیی سەربەخۆیی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا ناتەبا نییە، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینە باو و باڵادەستەیە (کە پێیوایە گشتپرسییەکەی کوردستان پێشێلی یاسای نێودەوڵەتی دەکات)".

لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەی دادگای نێودەوڵەتی داد سەبارەت بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆش هاتووە "مادام ڕاگەیاندنەکە لەلایەن دامەزراوەکانی خۆبەڕێوەبەریی کاتیی کۆسۆڤۆ و لە چوارچێوەی فەرمانە یاساییەکانی دامەزراوەی کاتییەوە دەرنەکراون، بۆیە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ هیچ یاسایەکی کارپێکراوی نێودەوڵەتیی پێشێل ناکات".

### پشتگیری ئەمریکا بۆ کورد زیاتر دەبێت

گۆڤاری (تایم)ی ئەمریکی ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەو هەڵبژاردن و گشتپرسیانەی لە ماوەی داهاتوودا دەکرێن، بڵاوکردووەتەوە.

لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەی گۆڤارە ئەمریکییەکەدا هاتووە "کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێک دەدەن بۆ خۆیان. دەستووری 2005ی عێراق هەنگاوێک بوو بەرەو ئەو ئامانجە، بەپێی دەستووری عێراق کورد هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی دامەزراند کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئیدارە دەکرێت".

بەڵام لە ساڵی 2014ەوە هەوڵە سیاسییەکان بۆ دامەزراندنی وڵاتی کوردستان کاڵ بوونەوە. وەک تایم ئاماژەی پێدەدات "بەهۆی شەڕی داعشەوە بوو". تایم دەڵێت: "هێزە سەربازییە کوردییەکان لە بەرەی شەڕی دژی داعش ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو، بەبێ بەشداریی ئەوان شاری مووسڵ نەدەگیرایەوە. لایەنگرانی سەربەخۆیی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەشداریی کورد لە مەیدانەکانی شەڕدا بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کورد بوون بە خاوەنی نیشتمانی خۆیان. ئەمریکا (هاوشان لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا) کێشەیان لەگەڵ گشتپرسییەکەدا هەیە، بەڵام کێشە سەرەکییەکەیان پەیوەندی بە کاتی گشتپرسییەکەوە هەیە. شەڕی داعش هێشتا تەواو نەبووە و جیابوونەوەی کورد لە عێراق پێگەی عەبادی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتووی عێراقدا لاواز دەکات، بەڵام لە درێژخایەندا پشتگیری ئەمریکا بۆ کورد زیاتر دەبێت، ئەمەش ڕەنگە وابکات دەوڵەتی کوردستان دواجار لەدایک ببێت. ئەمەش پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا، سووریا و ئێران ئاڵۆزتر دەکات، لەبەر ئەوەی هەموویان دژی دەوڵەتی کوردستانن".



# چۆن دەتوانی خۆت لە نەشتەرگەریی مایەسیری بپارێزی؟

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

کارزان سێ ساڵی تەواوە بەدەست مایەسیرییەوە دەناڵێنێ، ئەو ئێستاش ئەو ساتەی لەبیرە کە ترسێکی گەورە لەگەڵ نەخۆشییەکەدا بووە میوانی "کە بینیم پیساییەکەم خوێنی پێوەیە، زۆر شڵەژام، ترسام تووشی شێرپەنجە بووبم، بۆیە بە پەلە خۆم گەیاندە تاقیگەیەکی شیکردنەوەی نەخۆشییەکان".

هەرچەند هەر ئەو ڕۆژە دڵنیاکرایەوە کە نەخۆشیی ترسناکی نییە و تووشی مایەسیری بووە، بەڵام لەو ڕۆژەوە کارزان لەگەڵ ئازار و خوێنی مایەسیری لەلایەک و شەرم و ترسی ئاشکرابوونەکەی لەلایەکی دیکە دەژی.

ساڵێکی تەواو نیشانەکان بەردەوام بوون و کارزان ئامادە نەبوو سەردانی پزیشک بکات، دواتر کە حاڵەتەکە پەرەی سەند و تەواو بێزاری کرد، بە ناچاری سەردانی پزیشکی کرد "سەرەتا هەندێک دەرمانی پێدام، دوای سێ مانگ گوتی دەبێ نەشتەرگەری بکەی، بەڵام ئیدی نەچوومەوە".

مایەسیری بریتییە لە هەڵئاوسانی بۆرییەکانی خوێن لە کۆتایی ریخۆڵە ئەستوورە و ڕێکەدا، ئەم بەشە بە بەشێکی دەوڵەمەند بە بۆڕیی خوێن دەناسرێت، ئەو بۆڕییانەش پاڵپشتی ماسولکەکان دەکەن، ئەوەش بە مەبەستی داخستن و کردنەوەی کۆم.

مایەسیری لەلایەنی پزیشکییەوە لەو ساتەوە دەستپێدەکات کە خوێنهێنەرەکان، خوێن تێیاندا پەنگدەخواتەوە و بەشێوەیەکی ئاسایی تەوژمی خوێن بەناویاندا تێپەڕ نابێت.

د.فایەق گوڵپی، پسپۆڕی نەشتەرگەریی گشتی و کۆئەندامی هەرس دەڵێت: "مایەسیری چوار قۆناغی هەیە، لە قۆناغی یەکەمدا کەسەکە تەنیا خوێن دادەنێ لەڕێگەی کۆمەوە. لە قۆناغی دووەمدا هەندێک لە مایەسیرییەکە لەکاتی پیساییکردن دێتە خوارەوە، بەڵام خۆی دەگەڕێتەوە، لە قۆناغی سێیەمدا مایەسیرییەکە دێتە خوارەوە و دەبێ کەسەکە خۆی بە دەست بیباتەوە ناوەوە، لە قۆناغی چوارەمدا بەدەستیش ناچێتەوە ناوەوە و هەر لە دەرەوە شۆڕ دەبێتەوە".

بەگوتەی د.فایەق کە پشتی بە توێژینەوەکان بەستووە: "لە وڵاتانی پێشکەوتوو نیوەی خەڵکی تووشی مایەسیری دەبن، بەڵام چونکە هەر لە سەرەتاوە ڕاوێژ بە پزیشک دەکەن، تووشی گرفت نابن، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خەڵکی تەنیا کاتێک سەردانی پزیشک دەکەن کە مایەسیرییەکەیان گەیشتووەتە قۆناغی سێ و چوار و لەو بارەشدا دەبێ نەشتەرگەری بکەن".

کەم جوڵان، خواردنی شیرین و چەور و گۆشت بە ڕاددەیەکی زۆر، پشتکردنە سەوزە و میوە و دانەوێڵەکان، بوونەتە هۆی ئەوەی مایەسیری لە جاران بەربڵاوتر بێ.

پزیشکە پسپۆڕەکەی کۆئەندامی هەرس دەڵێ بۆ دووربوون لە مایەسیری دەبێ خۆراکێکی هاوسەنگ و پڕ ڕیشاڵی خۆراکیتان هەبێ و زۆریش بجووڵێن.

ئەوانەی زوو بەدەم نەخۆشییەکەیانەوە دەچن، دوورتر دەبن لە نەشتەری پزیشک و ئاسانتر چارەسەر دەکرێن.

د. هەرمان سابیر نانەکەلی، پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەریی گشتی لە هەولێر دەڵێت "لە قۆناغی یەک و دوودا داوایان لێدەکەین شێوازی ژیان بگۆڕن و لە قەبزی دووربن، بەڵام لە قۆناغی سێ و چواردا ناچارین نەشتەرگەرییان بۆ بکەین".

هەموو قۆناغەکانی چارەسەری مایەسیری، دەبێ هاوکات بێ لەگەڵ چارەسەری قەبزی. چونکە قەبزی هەم هۆکارێکی تووشبوونە بە مایەسیری، هەم ئەوانەش کە چارسەر دەکرێن، ئەگەر قەبزییەکەیان بەردەوام بێ، ئەوە جارێکی دیکە تووش دەبنەوە.

قەبزی گرفتی ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکە، دەکرێ کورتخایەن یان درێژخایەن بێت. بەگوێرەی ئامارەکان 27%ی ئەمریکییەکان بەدەست قەبزییەوە دەناڵێنن و تووشبووان زیاتر خانمان و پیاوانی تەمەن 65 ساڵ و سەرووترن. لەگەڵ ئەوەی کەم بەکارهێنانی ڕیشاڵە خۆراکییەکان ڕێگا خۆشدەکات بۆ قەبزبوون، حاڵەتی قەبزی دەکرێ چەندین هۆکاری هەبێت، وەکو: تەمبەڵیی ڕژێنی دەرەقی، شەکرە، کاریگەریی نەخوازراوی دەرمانی پزیشکی. لە حاڵەتی دەگمەنیشدا لەوانەیە نیشانەی شێرپەنجەی کۆڵۆن بێت. بۆیە گرنگە ئەگەر تووشی قەبزی بوویت و بە زیادکردنی ڕیشاڵە خۆراکییەکان و شلەمەنییەکان لە خۆراکدا و وەرزشی ڕۆژانە باش نەبووی، سەردانی پزیشک بکەی.

## خوێنی پیسایی مایەسیرییە یان شێرپەنجە؟

هەریەکە لە شێرپەنجەی ریخۆڵە، هەوکردنی درێژخایەنی کۆڵۆن، مایەسیری، قڵیشانی کۆم و دوومەڵی کۆم، هەندێکجار خوێن لە پیسایی دروستدەکەن.

پزیشکەکان دەڵێن پێویستە هەرکەسێک هەستی بە ئازار و خوێن کرد لەکاتی پیساییکردن، سەردانی پزیشک بکات بۆ یەکلاکردنەوەی هۆکارەکەی.

د.فایەق گوڵپی دەڵێ "خوێنی مایەسیری تەواو لەگەڵ پیساییەکە تێکەڵ نییە، خوێنێکی گەشە و لە کۆتایی پیساییکردنەکە دادەبەزێ، بەڵام خوێنی شێرپەنجە لەگەڵ پیساییەکە تێکەڵە و بڕەکەی زۆرترە و گەش نییە".

> خەڵکی تەنیا کاتێک سەردانی پزیشک دەکەن کە مایەسیرییەکەیان گەیشتووەتە قۆناغی سێ و چوار و ئیدی دەبێ نەشتەرگەری بکەن
>
> پسپۆڕێک




## ڕێنمایی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مایەسیرێ

پێگەی دۆیچەڤیللەی ئەڵمانی لە زاری پسپۆڕانەوە دەڵێ ئەگەر تووشی مایەسیری بوویت، ئەم ڕێنماییانە سوودت پێدەگەیێنن، ئەگەر تووشیش نەبووی ئەوە هەندێکیان ئەگەری تووشبوونت کەمدەکەنەوە:

**1- جووڵە و چالاکی:**
چونکە کەم جووڵان دەبێتە هۆی تەمبەڵیی ریخۆڵەکان و دروستبوونی قەبزی و قەڵەوی.

**2- ڕیشاڵە خۆراکییەکان بخۆ:**
سەوزە، میوە، پاقلەمەنییەکان و دانەوێڵەکان دەبنە هۆی چالاککردنی پرۆسەی هەرس و دووربوون لە قەبزی و مایەسیری.

**3- لە کحوول دووربە:**
خواردنەوە کحولییەکان دەبنە هۆی هەڵاوسانی بۆرییەکانی خوێن لە ڕێکە و کۆم، ئەوەش خودی مایەسیرییە.

**4- ئاو زۆر بخۆرەوە:**
ئاو یارمەتی هەرس دەدات و کردنەدەرەوەی پیسایی لە ریخۆڵەوە خێرا دەکات، ئەوەش قەبزی و سەرەنجام مایەسیری کەمدەکاتەوە.

**5- زێدەڕۆیی مەکە لە خواردنی بەهارات:**
بەهارات سوودی تەندروستی زۆرن، بەڵام لەوانەی مایەسیرییان هەیە، سووتانەوەیەکی زۆر لە کۆم و لە شوێنی مایەسیرییەکە دروستدەکات.

**6- کلینیکسی تەڕ بەکارمەهێنە:**
بەکارهێنانی کلینیکسی تەڕ دەبێتە هۆی کزانەوە و خرۆشان لە کۆم و لە شوێنی مایەسیرییەکە.

**7- هەموو قەبزییەک بە دەرمان چارەسەر مەکە:** حاڵەتەکانی قەبزیی سادە دەکرێت بە خواردنی میوە وشککراوەکان، ڕەگی کەتان و خواردنەوەی ئاو و جووڵە چارەسەربکرێن.

**8- بەروبوومی ئاژەڵ کەم بکەرەوە:**
بەروبوومە ئاژەڵییەکان بە چەوری دەوڵەمەندن کە زۆر لە کۆئەندامی هەرسدا دەمێنێتەوە و چالاکی ریخۆڵەکان کەمدەکاتەوە و قەبزیی دروست دەکات.

**9- ماوە ماوە پزیشک ببینە:**
ئەگەر یەکەمجارە تووشی مایەسیری ببی، یان پیساییەکەت خوێنی زۆرتری پێوەیە، یاخود خوران و ئازارت زیادی کردووە، سەردانی پزیشک بکە.

# هەشت ڕێنمایی بۆ پاراستنی گورچیلە

ڕووداو- DW

گورچیلەکان زۆر فرمانیان لەسەرە جێبەجێی بکەن، لەوانەش فڕێدانی پاشەڕۆکان و ڕزگارکردنی لەش لە شلەی زیادە، هەروەها هاوسەنگیی خوێ و پۆتاسیۆم لە لەشدا ڕادەگرن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گوشاری خوێنەوە هەیە، هۆرمۆنێک دروستدەکەن هانی دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێن دەدات. هەردوو گورچیلە لە شێوەی فاسۆلیادان، قەبارەی هەر یەکەیان هێندەی مشتێکە، دەکەونە بەشی خوارەوەی قەفەزەی سنگ، بە لای ڕاست و چەپدا.

هەر ڕۆژێک گورچیلەکان پڕ بە حەوزێکی خۆشووشتن، خوێن دەپاڵێون، دوای ئەوەی لەش پێویستی خۆی لێوەردەگرێت، گورچیلەکان پاشماوە و ئاوی زیادە دەکەنە میزەوە و بۆ دەرەوەی لەش فڕێدەدرێت کە ڕۆژانە دەگاتە نزیکەی دوو لیتر.

بۆ ئەوەی فرمانەکانی گورچیلەت بە باشی بەردەوام بن، ئەم ڕێنماییانە جێبەجێ بکە:

1- وەرزش بکە:
وەرزش و چالاکیی جەستەیی گوشاری خوێن ڕێکدەخەن و دژی تووشبوون بە شەکرەن. دەبێ بڵێین بەرزەپەستانی خوێن و شەکرە، لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی تووشبوون بە شەکرەن.

2- ئەگەر شەکرەت هەیە، کۆنترۆڵی بکە:
گورچیلە لە چەندین لوولەی بچووکی خوێن پێکهاتووە کە وەکوو پاڵاوگە وان و کارێک دەکەن ماددە پێویستەکان بۆ نێو لەش بگەڕێنەوە و زیانبەخشەکانیش فڕێ بدرێنە دەرەوە. شەکرە ئەم پاڵاوگانە تێکدەدات و وادەکات هیچکام لەو دوو کارە سەرەکییەیان وەک پێویست نەکەن.

3- ئەگەر گوشاری خوێنت بەرزە، کۆنترۆڵی بکە:
بەرزەپەستانی خوێن دووەم هۆکاری سەرەکیی پەککەوتنی گورچیلەیە، بۆیە دەبێ زۆر جەخت لەوە بکەیتەوە کە گوشاری خوێنت لە مەودای ئاساییدا بمێنێتەوە و زیاد نەکات.

4- خواردنی تەندروست و فرەجۆر:
ژەمەکانت با سروشتیی و فرەجۆر و هەمەڕەنگ بن و زێدەخۆری مەکە. نموونەی خۆراکە تەندروستەکان بریتین لە سەوزە، دانەوێڵە و ڕیشاڵە خۆراکییەکان. ئەم نەریتە دژی قەڵەوییە، دیارە قەڵەوی لە دوژمنە دیارەکانی گورچیلەیە.

5- ئاو زۆر بخۆرەوە:
بۆ پاککردنەوەی جەستە لە ژەهرە جۆراوجۆرەکان، جەستە پێویستی بە بڕێکی زۆر لە ئاوە. کەسێکی ئاسایی دەبێ ڕۆژانە دوو لیتر ئاو بخواتەوە، ئەگەر وەرزش بکا لەو بڕە زیاتری پێویستە.

6- جگەرە مەکێشە:
جگەرە ئەو لوولە خوێنە وردانە تێکدەدات کە کاریان پاڵاوتنی خوێنە. بەوەش نە دەتوانن خوێن وەک پێویست بپاڵێون، نە ژەهرە زیانبەخشەکانیش لە میزەوە فڕێبدەنە دەرەوە.

7- ئازارشکێن زۆر مەخۆ:
خواردنی دەرمانە ئازارشکێنەکان بەشێوەی درێژخایەن، گورچیلەکان سست و تەمبەڵ دەکات. ئەگەر گورچیلەکان خۆیان لە خۆیاندا سست بن، ئەوە دەیانباتە قۆناغی پەککەوتن.

8- ئەگەر گوشاری خوێنت جێگیر نییە، شەکرەت کۆنترۆڵ نییە، یان تەمەنت سەرووی 60 ساڵە، ئەوە باشترە ساڵانە لەلای پزیشکی پسپۆڕ، پشکنین بۆ گورچیلەکانت بکەی.



# هەر 30 خولەک جارێک جووڵەیەک بکە

ڕووداو- Anadolu

توێژینەوەیەکی نوێی ئەمریکی دەڵێ ئەگەر لەکاتی دانیشتندا هەر 30 خولەک جارێک دەست بە جموجوڵێکی کورت بکەی، لە بەشێکی زۆر لەو نەخۆشییانە ڕزگارت دەبێ کە بەهۆی زۆر دانیشتنەوە تووشت دێن.

توێژەرەکان لە نێوەندی پزیشکیی زانکۆی کۆڵۆمبیای ئەمریکا ئەنجامی توێژینەوەکەیان لە جۆرناڵی زانستی"annals of internal medicine" بڵاوکردووەتەوە.

بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان، توێژەرەکان بۆ ماوەی چوار ساڵ بەدواداچوونیان بۆ باری تەندروستیی 8000 کەس کردووە کە تەمەنیان لەسەرووی 45 ساڵان بووە.

بۆ چاودێریی چالاکیشیان ئامێرێکی ئەلیکترۆنیی پێوانی جووڵەیان لە قاچی بەشداران دەبەست کە تۆماری دەکرد کەسەکە چەند دانیشتووە و چەندیش جوڵاوە.

بە تێکڕا بەشدارەکان لە شەو و ڕۆژێکدا 16 کاژێر بەخەبەر بوون و لەو ماوەیە 12.3 کاژێریان بە دانیشتنەوە بەسەر بردووە.

توێژینەوەکە دەریخست ئەگەر ڕۆژانە ماوەی دانیشتن بۆ ماوەی تەنیا 21 خولەک کەمبکرێتەوە، ئەوە ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لە پاراستنی تەندروستیی ئەو کەسە.

لەماوەی توێژینەوەکەدا 340 کەس لە بەشداران مردن. دەریشکەوت زۆر دانیشتن ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە مردنیان، بە تایبەت مردن بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵ و شێرپەنجە و قەڵەوی.

ئەوەی جێی سەرنجی توێژەرەکان بوو، ئەو کەسانەی نۆرە دانیشتنەکانیان لە 30 خولەک کەمتر بوو، ڕێژەی مردنیان بەرچاو کەمیکرد.

بە شێوەیەکی توێژەرەکان دەڵێن هەندێک ڕێوشوێنی سادە هەن بۆ کەمکردنەوەی ماوەی زۆری دانیشتن، بۆ نموونە بە ڕۆیشتنەوە تەلەفۆن بکە و قادرمە بەکاربهێنە نەک ئاسانسۆر.

پێشووتریش توێژینەوەیەکی زانستی کە لە 54 وڵات کرابوو، دەریخستبوو دانیشتن بۆ ماوەی زۆر، ڕێگا خۆشدەکات بۆ تووشبوون بە قەڵەوی و نەخۆشییەکانی دڵ کە دەبنە هۆی زوو مردن.



# کوڕەکەی بنلادن سەرکردەی داهاتووی قاعیدەیە

**رووداو- هەولێر**

حەمزە بنلادن تەنیا بۆ ئەوە ئامادە نەکراوە کە سەرکردایەتی رێکخراوەکەی باوکی بگرێتە ئەستۆ، بەڵکو خەونێکی گەورەتریشی لەسەردایە کە یەکخستنی بزووتنەوە سەلەفییە جیهادییەکانی جیهانە.

دوو مانگ دوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر، لە باشووری جەلال ئاباد لە ئەفغانستان، ئوسامە بنلادن، سەرکردەی پێشووی ئەلقاعیدە، سێ کوڕەکەی خۆی کۆکردەوە و سێ تەسبیحی پێدان و داوای لێکردن ئاگایان لە بڕوا ئاینییەکەیان بێت. دواتریش بەرەو ئەشکەوتی رەش (تۆرا بۆرا) ماڵئاوایی لێکردن. لەو کاتەوە سێ کوڕەکەی بنلادنیش تووشی سێ چارەنووسی جیاواز بوون: بەکر پاش ماوەیەک لە قاعیدە دوورکەوتەوە. خالید لە کاتی هێرشەکەی ئەمریکادا بۆ سەر حەشارگەی بنلادن لە پاکستان کوژرا، حەمزەش بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەبەرچاوان دیار نەما، تاوەکوو لە 2015 جارێکی دیکە دەرکەوتەوە، ئەمجارەیان وەکوو کاندیدی سەرەکی بۆ جێگرتنەوەی ئەیمەن زەواهیری.

## لەدایکبوونێکی سەخت

بنلادن خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ خەیرییە سابیری دایکی حەمزە هەبووە. خەیرییە سەر بە بنەماڵەی بەناوبانگی ئەلهیندی سعودییە. پێش ئەوەی زەماوەند لەگەڵ بنلادن بکات، دەروونشیکاری منداڵ بووە و لە کلینیکێک کاری دەکرد. نەجوا غانم، هاوژینی یەکەمی بنلادن، هۆکاری یەکدی ناسینیان بووە. ئەوکات نەجوا بۆ چارەسەری نەخۆشی دەروونیی سەعدی کوڕی، سەردانی کلینیکەکەی خەیرییەی دەکرد.

ئەوکات خەیرییە تەمەنی 30 ساڵ و بنلادن تەمەنی 32 ساڵ بوو. لە سێ ساڵی یەکەمی ژیانی هاوبەشیاندا بنلادن بەردەوام لە نێوان سعودیە و ئەفغانستاندا لە هاتوچۆدا بوو، خەیرییەش چەند جارێک منداڵی لەبارچوو. رێک لەو کاتەدا بنلادن بۆ چوارەمجار هاوسەرگیری کرد، ئەمجارەشیان لەگەڵ ئافرەتێکی خوێندەواری سعودی بە ناوی سوهام سەبار. ساڵی 1989، هەم خەیرییە و هەم سوهام کوڕیان بوو. کوڕەکەی سوهام بە خالید ناونرا. حەمزەش وەکوو یەکەمین و دوایین منداڵی ئوم حەمزە مایەوە.

تەمەنی حەمزە دوو ساڵ بوو، کاتێک بنلادن ناچار بوو بنکەی چالاکییەکانی قاعیدە لە سعودیەوە بۆ سوودان بگوازێتەوە. لەوێ ئوم حەمزە ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا. بە گوێرەی راپۆرتێکی ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ئەمریکی (CTC) ، لای زۆربەی فەرماندەکانی قاعیدە ئوم حەمزە رۆڵی راوێژکاری بنلادنی دەبینی.

کاتێک حەمزە تەمەنی تەنیا حەوت ساڵان بوو، عومەر حەسەن ئەلبەشیر، سەرۆکی سوودان، لەژێر گوشاری نێودەوڵەتیدا قاعیدەی لە وڵاتەکەی دەرکرد. بزووتنەوەی تاڵیبان ئامادەیی دەربڕی بۆئەوەی قاعیدە بحەوێنێتەوە، بۆ ئەوەش هەندێ ناوچەی ئاوەدان و پڕداهاتیان خستە ژێردەستی بنلادن، بەڵام ئەو ناوچەی شاخاوی و سەختی جەلال ئاباد و کێڵگەکانی تەرناکی لە ویلایەتی قەندەهار هەڵبژارد کە ژیان تێیاندا سەخت بوو. هەموو کەس بە بڕیارەکەی بنلادن دڵخۆش نەبوو، بۆ نموونە نەجوا لێی جیابووەوە، بەڵام ئوم حەمزە و ئوم خالید مانەوە.

## ساڵانی تاران

رۆژێک بەر لە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر، بنلادن فەرمانی بە خێزانەکەی دا قەندەهار جێبهێڵن و بەرەو جەلال ئاباد بڕۆن، لە دوای هێرشەکانیش فەرمانی پێکردن ئاودیوی خاکی پاکستان ببن، بەڵام هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر هەڵوێستی پاکستانیشی بەرامبەر قاعیدە و تاڵیبان گۆڕیبوو. بۆیە سەرکردایەتی قاعیدە بڕیاریان دا خێزانەکانیان رەوانەی ئێران بکەن.

قۆناغی یەکەمی ژیانی حەمزە و دایکی لە ئێران نهێنی بوو، بەڵام وەکوو دواتر دەردەکەوێت، ئیتلاعاتی ئێران هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری جموجۆڵەکانی قاعیدە بووە لە ئێران. بۆیە دوای ماوەیەک کوڕ و هاوژینەکەی بنلادن لەلایەن ئیتلاعاتەوە دەستبەسەرکران و لە بنکەیەکی سەربازی راگیران.

قۆناغی پەروەردەی ئاینیی حەمزە هەر لەو کاتەدا بووە. خەیرییە خۆی ژمارەیەک وانەی ئاینی بە کوڕەکەی دابوو، داوای لە فەرماندەکانی دیکەی قاعیدەش لە هەمان بنکەی سەربازی کردبوو کە قورئان و حەدیس فێری کوڕەکەی بکەن. هەر لەو قۆناغەدا حەمزە لەگەڵ کچی ئەبو محەممەد ئەلمیسری هاوسەرگیری دەکات و دەبێت بە خاوەنی کوڕێک بە ناوی ئوسامە و کچێک بە ناوی خەیرییە.

حەمزە نۆ ساڵ دوور لە باوکی ژیا، لەو ماوەیەشدا ئێران بەهۆی ژمارەیەکی زۆر بارمتەی قاعیدەوە دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر ئەو رێکخراوەدا هەبوو. بەڵام لە 2010 قاعیدە کۆمەڵێک دیپلۆماتی ئێرانی دەگرێت. لە ئابی 2010، حەمزە لەگەڵ دایکی و هاوژینەکەی و منداڵەکانی ئازادکران و رێگەی ویلایەتی وەزیرستانیان لە باکووری رۆژئاوای پاکستان گرتەبەر.

هەرچەندە خالید بەشێوەیەکی بەرچاو لە بنلادن نزیک بووە و لەگەڵی ژیاوە، بەڵام بنلادن هەر زوو زانیبووی کوڕەکەی سوهام بە کەڵکی سەرکردایەتی نایەت. بۆیە لە 2010 بڕیاری دا خالید بچێتە پیشاوەر لە پاکستان و حەمزە بێتەوە وەزیرستان و پاش ماوەیەکی زۆر چاوی بە کوڕەکەی خەیرییە بکەوێ.

خەیرییە لە نامەیەکدا بۆ حەمزەی نووسیبوو "باوکت زۆر کاری پێتە". بەڵام بنلادن لە 2008 لە هێرشێکی ئاسمانیی ئەمریکادا، سەعدی کوڕی لە وەزیرستان لەدەست دا. بە گوێرەی (CTC) بنلادن فەرمانی بە چەکدارانی قاعیدە دابوو "رێگە نەدەن حەمزە لە ماڵ دەربچێت، مەگەر ئەوەی کارێکی یەکجار پێویستی هەبێت".

لە نیسانی 2011 دا پلانێک بۆ گەشتەکەی حەمزە بۆ لای باوکی رێکخرا، بەشێک لەو پلانە بە ئۆتۆمبێل و بەشێکی بە فڕۆکە بوو. وەکوو لە راپۆرتە هەواڵگرییەکانی ئەمریکادا هاتووە، حەمزە چاوەڕێی کاتی گونجاوی دەکرد بۆ ئەوەی پلانەکە جێبەجێ بکەن، بەڵام هێرشەکەی سەر حەشارگەکەی باوکی و لە ئاکامدا کوژرانی بنلادن، پلانەکەی هەڵوەشاندەوە.

## میراتگری باوک

بنلادن و خالیدی کوڕی لەو هێرشەدا کوژران، حەمزەش بە رێکەوت زیندوو مایەوە. ئوم حەمزە و ئوم خالید و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی خێزانی بنلادن لە 2012 دیپۆرتی سعودیە کران، چارەنووسی حەمزە هەتا ئابی 2015 دیار نەبوو، کاتێک ئەیمەن زەواهیری لە تۆمارێکی دەنگیدا ستایشی ئوسامەی باوکی حەمزەی کرد، لە بەشی دووەمی هەمان تۆماردا حەمزە ستایشی هێرشبەرانی قاعیدەی لە یەمەن، عێراق و سووریا کرد.

خاڵی سەرنجراکێش لە گرتە دەنگییەکەی حەمزە بنلادندا ئەوە بوو کە دژی بیرۆکەی چەکداری بیانییە، بۆیە داوا لە لایەنگرانی قاعیدە لە دەرەوەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا دەکات روو لە بەرەکانی جەنگ نەکەن، بەڵکو داوایان لێدەکات "لە وڵاتانی جوولەکە و خاچپەرستان" چالاکی بکەن. کوڕەکەی بنلادن بایەخێکی زۆر بە دۆسیەی فەڵەستین دەدات، بۆیەش پێیوایە ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی جوو دەبێت ئامانجی یەکەمی هێرشەکانی قاعیدە بن.

لە تۆمارە دەنگییەکانی پێشتردا حەمزە بە "برای موجاهید" ناودەبردرا، بەڵام لە تۆمارە دەنگییەکەی ئایاری 2017دا بە "شێخ" ناوی دەهێنرێ، ئەوەش بە گوێرەی راپۆرتەکەی (CTC) ئاماژەیە بۆئەوەی کە "پلەکەی بۆ دەستەی سەرکردایەتی قاعیدە بەرزکراوەتەوە".

لە قۆناغێکدا کە داعش روو لە شکستە و هێزەکانی سەر بە قاعیدە لە وڵاتە جیاجیاکان جۆرێک لە سەربەخۆیی بڕیاردانیان بەدەستهێناوە، بازنەی سەرکردایەتی ناوەندیی قاعیدە بەدوای کەسایەتییەکدا دەگەڕێت کە توانای بەڕێوەبردنی رێکخراوەکەی هەبێت. لە چەند ساڵی رابردوودا دەرکەوتووە زەواهیری ناتوانێت ئەو کەسە بێت. ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پێیوایە زەواهیری کەسایەتییەکی کاریزماتیک نییە و بە حوکمی میسرییبوونەکەی ناتوانێت سەرنجی سەلەفییەکانی وڵاتانی کەنداو بۆ لای خۆی رابکێشێ.

حەمزە هەم لە دایک و هەم لە باوکەوە سەر بە بنەماڵەیەکی ناسراوی سعودیەیە، هاوژینەکەی کچی یەکێک لە ئەندامانی باڵای سەرکردایەتی قاعیدەیە، جگە لەمەش حەمزە هیچکات لە پەیامەکانی خۆیدا بە ئاشکرا هێرشی نەکردووەتە سەر داعش و سەرکردایەتی ئەو رێکخراوە. وەکوو عەلی سوفان، بەڕێوەبەری ناوەندی سوفان بۆ لێکۆڵینەوە لە گرووپە جیهادییەکان ئاماژەی بۆ دەکات، حەمزە دەزانێت "چەکداران و سەرکردایەتی داعش رێزیان بۆ باوکی هەیە". بۆیەش حەمزە لە داهاتوودا دەتوانێت فاکتەری یەکگرتنەوەی قاعیدە و داعش بێت. سوفان پێیوایە "سیاسەتمەدارانی رۆژئاوا و وڵاتانی جیهانی ئیسلامی دەبێ بە نیگەرانییەوە، چاودێری دەرکەوتنی ئەستێرەی بەختی حەمزە لە قاعیدەدا بکەن".



حەمزە بنلادن دژی بیرۆکەی راکێشانی چەکدارانی بیانییە بۆ نێو قاعیدە

# ئایا سووریا دەبێتە مەیدانی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵا؟

**رووداو- هەولێر**

نزیکەی 12 ساڵ بەسەر شەڕی یەک مانگەی نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵای لوبنانیدا تێدەپەڕێت. هەرچەندە پێناچێت هیچکام لەو دوو لایەنە شەڕێکی دیکەی لەو جۆرەیان بوێت، بەڵام شارەزایان پێیانوایە روودانی شەڕێکی سەخت لە نێوان ئیسرائیل و رێکخراوە شیعە لوبنانییەکەدا، ئەگەرێکی بەهێزە و دەکرێت سووریا مەیدانی نوێی ئەو شەڕە بێ.

شەڕی یەک مانگەی 2006 ژمارەیەکی زۆر کوژراوی مەدەنی لێکەوتەوە و زیانێکی گەورەشی بە ژێرخانی ئابووریی لوبنان گەیاند، بەڵام ئیسرائیلیش هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەم لەسەر ئاستی سەربازی تووشی شکستی قورس بوو. دانیەل کورتسەر، توێژەر لە سکوڵی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ودرۆ ویڵسن، پێیوایە هەردوو لایەن لە 10 ساڵی رابردوودا خۆیان بۆ سیناریۆی شەڕێکی دیکە ئامادە کردووە.

بەبڕوای کورتسەر، ئیسرائیل لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا تەکنۆلۆژیای نوێی بەرگریی بەدەستهێناوە و سەنگەرەکانی لەسەرسنوورەکانی لوبنان بەهێزتر کردووە، جگە لەمەش هێزی بەرگریی ئیسرائیل مەشقی پێویستیان پێکراوە بۆ ئەوەی لە ناو خاکی لوبناندا ئۆپەراسیۆن بکەن.

لەلایەکی دیکەوە حزبوڵڵا بووە بە خاوەنی سیستەمی دژەمووشەکی کە لە رێگەیەوە کاریگەریی هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل کەمتر دەبێتەوە، چەکدارانی ئەو رێکخراوەش ئەزموونێکی باشیان لە شەڕی شەش ساڵەی سووریا بەدەستهێناوە. بەگوێرەی راپۆرتەکەی کورتسەر، ئێران هەزاران مووشەکی دووربڕ و نزیکبڕی بە حیزبوڵڵا داوە، بە جۆرێک حیزبوڵڵا دەتوانێت رۆژانە 1500 رۆکێت ئاراستەی ئیسرائیل بکات. لەلایەکی دیکەشەوە ئیسرائیل دوو سیستەمی دژە مووشەکی نوێی داناوە.

## چارەنووسی شەڕی سووریا و نیگەرانییەکانی تەلەڤیڤ

لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا هێڵە گشتییەکانی چارەنووسی شەڕی نێوخۆی سووریا دەرکەوتوون. بەشداریی راستەوخۆی رووسیا لەو شەڕەدا بووە هۆی ئەوەی حکومەتی سووریا بتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکانی ناوەڕاستی سووریادا بسەپێنێ. دەیڤید شێنکر، بەڕێوەبەری پێشووی ئۆفیسی کاروباری سووریا لە پێنتاگۆن، پێیوایە هەرچی شەڕی سووریا لە یەکلابوونەوە نزیکتر بێتەوە، کێشەی ئیسرائیلیش گەورەتر دەبێت، لەبەر ئەوەی "ئێران و هاوپەیمانەکانی فۆکەسیان دەکەوێتە سەر ئیسرائیل".

بە بۆچوونی شێنکەر، پرسیاری سەرەکی بەرپرسانی ئەمنی و سەربازیی ئیسرائیل ئەوە نییە لە کاتی تەواوبوونی شەڕی سووریا و دەرکەوتنی هەڕەشەی حیزبوڵڵا چۆن لەو رێکخراوە بدەن، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ دەبێ ئێستا لەو رێکخراوە بدەن، لە کاتێکدا هەموو فۆکەس و وزەی حیزبوڵڵا و ئێران لەسەر پاراستنی دەسەڵاتی ئەسەدە؟

شینکەر لە راپۆرتێکی هاوبەشدا لەگەڵ رەندە سەلیم، توێژەر لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، جەخت لەوە دەکەنەوە کە "حیزبوڵڵای ئێستا لەوەی شەڕی 2006 بەهێزترە"، نەک هەر لەبەر ئەوەی شەڕی سووریا و هاوکاریکردن لەگەڵ رووسیا ئەزموونێکی گەورەی شەڕی بەرەیی و هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزی ئاسمانی پێداون، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە بەهۆی لێکنزیکبوونەوەی حکومەتی عێراق و سووریا، حیزبوڵڵا بەکردەوە دەبێتە خاوەنی کۆریدەرێکی شیعی کە هەتا تاران درێژ دەبێتەوە و دەکرێت بۆ لۆجستیک و هێرشی ئاسمانی لە دژی هێزەکانی ئیسرائیل بەکاربهێنرێ.

جگە لەوانەش، حیزبوڵڵا بەهۆی بەشداریی کارای لە شەڕی سووریا توانیویەتی رێگەیەک بەرەو بەرزاییەکانی جۆلان بکاتەوە و وەکوو بەرەیەکی نوێ بۆ شەڕی دژی ئیسرائیل بەکاریبهێنێ. کورتسەر پێشبینی دەکات هەر هەنگاوێکی حیزبوڵڵا لە ناوچەکانی نزیک بەرزاییەکانی جۆلان کاردانەوەی توندی سەربازیی ئیسرائیلی بەدواوە بێت.

ئامادەکارانی راپۆرتەکە بە دووری دەزانن لەو دۆخەی ئێستادا حیزبوڵڵا دەستپێشخەری شەڕەکە بێت، لە کاتێکدا هێشتا شەڕی سووریا بەردەوامە و بەهۆی بوونی داعش لە رۆژهەڵاتی سووریا و رۆژئاوای عێراق دروستکردنی کۆریدۆرە شیعییەکە تەواو نەبووە.

هێزی بەرگریی ئیسرائیل 175 هەزار ستافی چالاک و 445 هەزار هێزی یەدەگی هەیە. سوپای ئیسرائیل خاوەنی پێشکەوتووترین چەک و سیستەمی بەرگرییە لە جیهاندا. لە ساڵی 2014 وە سیستەمی بەرگریی ئیسرائیل رێگەی لە 1400 رۆکێت گرتووە. وەکوو تۆنی بەدران، لە ناوەندی بەرگریی لە دیموکراسی ئاماژەی بۆ دەکات، بەرپرسانی ئیسرائیل بیر لەوە دەکەنەوە کە لە کاتێکدا دوژمنەکەیان سەرقاڵی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی سووریایە، ئەوان دەتوانن باڵادەستی سەربازیی خۆیان لەدژی حیزبوڵڵا بەکاربهێنن.

لە چەند مانگی رابردوودا حیزبوڵڵا زمانێکی گرژتر بەرامبەر ئیسرائیل بەکاردەهێنێ و تەنانەت هەڕەشەی ئەوە دەکات کە لەناو خاکی ئیسرائیلدا ئۆپەراسیۆن بکەن. بەرپرسانی سەربازیی ئیسرائیل لە بەرامبەردا هۆشداری شەڕێکی وێرانکەریان بە حیزبوڵڵا داوە.

یەڵام شێنکەر دەڵێت هەم حیزبوڵڵا و هەم تەلەڤیڤ دەزانن شەڕەکەی 2006 بۆ هەردوولایان شکست بووە، ئیسرائیلییەکان دەزانن شەڕی 2006 پێگەی جەماوەریی حیزبوڵڵای لە نێوخۆی لوبنان و هاوسۆزیی عەرەبی بۆ ئەو رێکخراوە زیاتر کرد، حیزبوڵڵاش دەزانێت شەڕەکە زیانێکی مرۆیی و دارایی و سەربازیی گەورەی لێداوە، بۆیەش چاوەڕێ دەکرێت "لە کورتخایەندا هەوڵەکانی بەهێزکردنی هێڵەکانی بەرگری لە هەردوولا بەردەوام بێت، لە کاتێکدا ئەگەری شەڕێکی قورس لە ئانوساتدایە، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی شەڕی نێوخۆی سووریاش هەڕەشەکانی ئەو شەڕە گەورەتر دەبن".



دوای شەڕی سووریا فۆکەسی ئێران و هاوپەیمانەکانی دەکەوێتە سەر ئیسرائیل



# مێرکڵ چاوی لە خولی چوارەمی سەرۆکایەتییە

**ڕووداو - هەولێر**

لە کاتی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیادا لە 1990، خەمی سەرەکیی هۆرست کاسنەر، باوکی ئانگێلا دۆرۆسیا میرکڵ کاسنەر، ئەوە بوو چۆن سیستەمی سەرمایەداری و مەسیحییەت لەگەڵ یەکدی بگونجێنێ، ئەو نەیدەزانی 15 ساڵ دواتر دەبێ ئەو پرسیارە ئاراستەی کچەکەی خۆی بکات.

نیگەرانییەکانی کاسنەر بۆ تێڕوانینە ئایدیۆلۆژییەکانی دەگەڕایەوە. ئەو لە 1954 و سێ مانگ دوای لەدایکبوونی راوێژکاری ئێستای ئەڵمانیا، خێزانەکەی لە هامبورگەوە بۆ کۆماری دیموکراتی ئەڵمانیا (ئەڵمانیای رۆژهەڵات) گواستەوە و لە شاری تێمپلین جێگیربوون، کە 90 کیلۆمەتر لە باکووری رۆژهەڵاتی بەرلینەوە دوور بوو.

بەرپرسانی کەنیسەی لۆسەر لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات بە "کاسنەری سوور" ناویان دەبرد، هۆکاری ئەم ناوبانگەش بەشێکی بۆ ماڵ گواستنەوەکەی بۆ ئەڵمانیای رۆژهەڵات دەگەڕایەوە و بەشێکیشی پەیوەندی بە بڕوای کاسنەر بە بەرنامە ئابوورییەکانی سۆسیالیزمەوە هەبوو. کاسنەر پێیوابوو بنەما کۆمۆنیستییەکان بناغەیەکی ئینجیلییان هەیە و کۆمۆنیزم دەیەوێت لەسەر زەوی جێبەجێیان بکات، لەوانەش "یەکماڵی لەگەڵ دراوسێیەکانمان".

باوکی مێرکڵ بەنیاز بوو مەسیحییەتی پرۆتستانتی لە رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا زیندوو بکاتەوە و دەسەڵاتی دەوڵەت و کەنیسە لەو ناوچەیە جیابکاتەوە، بەڵام ئەوکات ململانێیەکی سەخت لە نێوان حکومەتی ئەڵمانیای رۆژهەڵات و کەنیسەکاندا هەبوو، ساڵی 1970 قەشە و کەسایەتییە ئاینییەکان ملیان دا، لەبەر ئەوەی دەیانزانی ئامانج دامەزراندنی سۆسیالیزمە و هەموو بەرنامەکانی دیکە دەبێت لەو چوارچێوەیەدا رێکبخرێنەوە. کەسانی نزیک لە کاسنەر باس لەوە دەکەن کە باوکی مێرکڵ بە باوەشێکی ئاوەڵاوە ئەو ئامانجەی قبووڵ کردبوو.

مێرکڵ لە چەندین دیمانەدا باس لەوە دەکات کە ئەو پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ هێرلیند کاسنەری دایکی هەبووە کە مامۆستای زمانی ئینگلیزی و لاتینی بوو "چونکە باوکم بەردەوام خەریکی لاهوت و سیمینارگێڕان بوو". وەکوو لە دیمانەکانی ئانگێلا مێرکڵدا دەردەکەوێت، باوکیان زۆر وشک بووە و بەردەوام داوای پاراستنی دیسیپلینی لە ئەو و مارکۆسی برای و ئێرنێی خوشکی کردبوو. مێرکڵ نەیدەزانی ئەو پێشینە مەزهەبییەی خێزانەکەی یارمەتیدەری دەبێت لە سیاسەتدا.

## ئافرەتە سادەکە

هەرچەندە مێرکڵ وەکوو یادەوەرییەکی خۆش باسی باوکی ناکات، بەڵام کورد گوتەنی لە هەڵسوکەوتدا "کچی باوکی خۆیەتی". مێرکڵ، تویت نانووسێت. دەنگۆی سەیر و سەمەرەی بەدواوە نییە. هەڵچوونی لەخۆڕای نییە. وێنەی سەیر و سەمەرە ناگرێ. سادەپۆشە. یەک مۆدێلی جلی هەیە بە 50 رەنگی جیاواز و دوگمەی چاکەتەکەشی هەتا بینەقاقا دادەخات. ئەمە لە رواڵەتدا بۆ ئافرەتێک کە بیەوێت لەناو دونیای پیاوانەی سیاسەتدا جێی خۆی بکاتەوە ناوازەیە.

پێش سیاسەت، مێرکڵ لەناو دونیای زانستدا دەژیا. لە سەرەتای هەشتاکاندا لە زانکۆی لایپتسیگ دەستی بە خوێندنی فیزیا کرد، هەر لەو کاتەدا لەگەڵ ئولریخ مێرکڵ زەماوەندی کرد و لە 1982 لەیەک جیابوونەوە. پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی، رووی لە بەرلین کرد و دەستی بە خوێندنی کیمیای کوانتۆم کرد. مێرکڵ زانایەکی تیۆری بووە نەک ئەزموونگەرا، واتە بڕوای بە پێشبینیی ریسکەکان و سیناریۆ جیاوازەکان بەپێی لێکدانەوەی تیۆری هەبووە پێش ئەوەی جێبەجێ بکرێن. ئەمە ئەو مۆرکەیە کە دواتر لە مێرکڵی سیاسەتکاریشدا دەبینرێ.

سەرەتای ئاشنابوونی مێرکڵ لەگەڵ جیهانی سیاسەت هاوکات بوو لەگەڵ رووخانی کۆمۆنیزم. یەکەم ئەزموونی سیاسیشی لە بزووتنەوەی بەخەبەرهاتنی دیموکراتی بوو کە هەر زوو بووە بەشێک لە هاوپەیمانێتیی ئەڵمانیا و بە باڵێکی یەکێتیی مەسیحییە دیموکراتەکانی ئەڵمانیای رۆژئاوا لەقەڵەم دەدرا. ئەو کات هێلمۆت کۆڵ، راوێژکاری کۆچکردووی ئەڵمانیا، قۆڵی لە یەکخستنەوەی دوو ئەڵمانیاکە هەڵکردبوو. لە یەکەم هەڵبژاردنی ئەڵمانیای یەکگرتوودا لە 1990، میرکڵ توانی کورسییەک لە بوندستاگ (پەرلەمانی ئەڵمانیا) بۆخۆی بگرێ.

مێرکڵ کچێکی بەتوانای سەر بە خێزانێکی مەزهەبیی ئاڵمانیای رۆژهەڵات بوو کە هیچ مەلەفێکی هاوکاریی لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەو بەشەی ئەڵمانیا نەبوو، بۆیەش کۆڵ هەرزوو هەستی کرد کە جێگەی مێرکڵ لەسەر کورسییەکانی کابینەی حکومەتە، نەک پەرلەمان، بۆیە مێرکڵی تەمەن 36 ساڵی کرد بە وەزیری لاوان، بەمەش بووە یەکەم ئافرەتی ئەڵمانیای رۆژهەڵات کە لە کابینەی حکومەتی ئەڵمانیای یەکگرتوودا پۆستی هەبێت.

کۆڵ زۆربەی جاران بە "کچی خۆم" بانگی مێرکڵی دەکرد، ساڵی 1994 پۆستی وەزارەتی ژینگەی بە مێرکڵ دا. مێرکڵ، وەکوو شارەزایەکی زانستە سروشتییەکان، لەو پۆستەدا درەوشایەوە. لە ساڵی 1995 یەکەم کۆنفرانسی گۆڕانی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکانی لە بەرلین سازدا، دوو ساڵ دواتر رۆڵی سەرەکی لە پەسندکردنی پەیماننامەی کیۆتۆدا هەبوو کە تاوەکوو ئێستاش تاکە پەیماننامەی کەشوهەوایە رێککەوتنێکی جیهانی لەسەر بێت.

ساڵی 1998 کۆڵ لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا شکستی هێنا، 14 مانگ دواتر سکاندالی دارایی یەکێتیی مەسیحییە دیموکراتەکان (CDU) ئاشکرا بوو. مێرکڵ لەو کەسە دەگمەنانە بوو کە هێرشی توندی کردە سەر کۆڵ. لە نیسانی 2000 مێرکڵ بوو بە یەکەم سەرۆکی ئافرەتی پارتی (CDU). هێلمۆت کۆڵ هیچی پێنەمابوو جگە لەوەی بڵێت "من بکوژەکەی خۆمم لە خۆم نزیک کردەوە، خۆم مارەکەم خستە سەر قۆڵم".

لە هەڵبژاردنی ساڵی 2005 دا پارتی (CDU) سەرکەوتنی بەدەستهێنا و مێرکڵ وەکوو یەکەم ئافرەتی راوێژکاری ئەڵمانیا متمانەی پێ بەخشرا، لەو کاتەشەوە دووجاری دیکە متمانەی پێبەخشرا و ئێستاش چاوەڕێی دەرفەتی چوارەم دەکات.

## مێرکڵی سەرکردە

بە دەرکەوتنی پوتین، ترەمپ و ئەردۆغان جیهانی نوێی سیاسەت هێندەی دیکە رووخسارێکی پیاوانەی وەرگرتووە، بەڵام لە نێو هەموویان مێرکڵ بە سەرکردەی جیهانی ئازاد لەقەڵەم دەدرێت و رووبەڕووبوونەوەی توندیشی لەگەڵ هەر سێ سەرکردەکە هەبووە.

بە پێچەوانەی راوێژکارەکانی پێشتری ئەڵمانیا، مێرکڵ (بەو پێیەی لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات گەورە بووە) هیچ هەستێکی تایبەتی بۆ یەکێتیی ئەورووپا نییە، بۆیەش مامەڵەی راوێژکارە ئافرەتەکە مامەڵەیەکی واقیعگەرانە بووە کە تێیدا بەهێزبوونی یۆرۆ و ئاشتی رۆڵی بەرچاوی لە پێشکەوتنی ئابووری ئەڵمانیا دەبێت.

بەڵام 2015 ساڵی تاقیکردنەوە سەختەکەی مێرکڵ بوو. شکستی بەهاری عەرەبی و قووڵبوونەوەی شەڕی نێوخۆیی سووریا، زیاتر لە یەک ملیۆن کۆچبەری پەلکێشی ئەورووپا کرد. مێرکڵ دەرگای وڵاتەکەی بۆ کۆچبەران کردەوە و هەتا کۆتایی ئەو ساڵە زیاتر لە 800 هەزار کۆچبەر روویان لەو وڵاتە کرد. چاودێران پێیانوابوو مێرکڵ بەو هەنگاوە پەڵەی رەشی نازییەت لەسەر ئەڵمانیا لابدات، لە کاتێکدا دەشیزانی بازاری کاری ئەڵمانیا توانای هەزمی ئەو ژمارە خەڵکەی هەیە.

بەڵام پێش لێشاوی کۆچبەران، مێرکڵ لەگەڵ بڕیارێکی قورستردا بەرەوڕوو بووەوە کە لەڕووی مێژووییەوە رێچکەشکێنی بوو. لە رۆژی یەکی ئەیلوولی 2014، مێرکڵ لە گوتارێک بۆ پەرلەمانی ئەڵمانیا رایگەیاند حکومەتەکەی بەنیازە چەکی قورس و راهێنەری سەربازیی بۆ پێشمەرگە بنێرێ. بە گوێرەی وەزارەتی بەرگریی ئەڵمانیا هەتا ئابی 2016 ئەڵمانیا 70 تۆن چەکی بۆ هەرێمی کوردستان ناردبوو. چەکەکانی ئەڵمانیا نەک هەر لەڕووی قەبارەوە بەڵکو لەڕووی جۆریشەوە پاش هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا زیاترین کاریگەرییان لە یارمەتیدانی پێشمەرگە بۆ تێکشکاندنی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکانی داعش هەبووە.

لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەمەوە ئەڵمانیا هەوڵی دابوو خۆی لە بەشداری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە شەڕەکانی دەرەوەی سنووری دووربگرێت، بۆیەش هاوکارییەکانی حکومەتی ئەڵمانیا بۆ پێشمەرگە رەچەشکێنی بوو.

### راوێژکاری نەوەیەک

زیاتر لە 10%ی دانیشتووانی ئەڵمانیا ئەو مێردمنداڵانەن، بیریان نییە کەی بۆ دواییجار پیاوێک راوێژکاری وڵاتەکەیان بووە. ئەو توێژە لە کۆمەڵگای ئەڵمانیا یەکەم هەڵبژاردنی ژیانیان کە بیریان بێت هەڵبژاردنی 2005ە کە تێیدا ئانگێلا مێرکڵ بۆ یەکەمجار بووە راوێژکاری ئەڵمانیا و ماوەی 12 ساڵە لەو پۆستە ماوەتەوە. بە نیازە لە هەڵبژاردنەکەی ٢٤ی ئەیلوولدا ماوەی دەسەڵاتی خۆی بۆ چوار ساڵی دیکەش درێژ بکاتەوە.

# پێشنیازێکی نوێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەدرێتە ترەمپ

**ڕووداو- هەولێر**

ژمارەیەک لە رەخنەگرانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران پێشنیازێکیان ئامادەکردووە، داوا دەکەن ئیدارەی ئەمریکا رابگەیەنێت کە ئێران نەیتوانیوە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە جێبەجێ بکات و هەڕەشەی سزایەکی دارایی بێ وێنەش لە تاران بکرێت. ئەم پێشنیازە لە کاتێکدا بە ناو کۆنگرێسی ئەمریکادا دەستاودەست دەکرێت کە بڕیارە هەفتەی داهاتوو وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا و ئێران بۆ یەکەمجار کۆببنەوە.

وێنەیەک لە پێشنیازەکە دەست گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی کەوتووە کە تێیدا داوا دەکرێت "مانگی داهاتوو (واتە تشرینی یەکەم) سەرۆک بە کۆنگرێسی رابگەیەنێت ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە چیدی لە خزمەتی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکادا نییە، پاشان سەرۆک ئامادەیی ئیدارەکەی دەرببڕێت بۆ سەپاندنی کۆمەڵێک سزای ئابووری، ئەگەرهاتوو ئێران لە 90 رۆژی دواتردا کۆمەڵێک لە مەرجەکانی واشتنی جێبەجێ نەکرد".

لە بەشێک لە دۆکۆمێنتەکەدا هاتووە ئەو پێشنیازە هاوشێوەی ئەو سزا قورسانەیە کە جۆن کێنێدی، سەرۆکی ئەمریکا لە شەستەکان، بەسەر کوبایدا سەپاند. ئەو پێشنیازە لە لایەن ریچارد گۆڵدبێرگ، راوێژکاریی کۆماریی پێشووی کۆنگرێس، نووسراوە و رادەستی کۆشکی سپی و کۆنگرێسمانەکان کۆمارییەکانی ئەمریکا کراوە و یەکێک لە سزا قورسەکانیش سنووردارکردنی بازرگانیکردنی نەوتە لەگەڵ ئێران کە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئابووریی ئەو وڵاتەیە.

ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای ئیدارەی ترەمپ هەتا ئێستاش جەخت لەوە دەکەنەوە پێویستە ڕێککەوتنەکە بپارێزرێت. رێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و جەیمز مەتیس، وەزیری



هەندێ لە بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپ هێشتا لەگەڵ مانەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێرانن (فۆتۆ: AFP)

بەرگریی ئەمریکا، هەوڵێکی زۆریان داوە ترەمپ رازی بکەن ڕێککەوتنەکەی نێوان ئێران و گرووپی 1+5 هەڵنەوەشێنێتەوە. هەوڵەکانی ئەو دوو بەرپرسەش لە کاتێکدایە کە ژمارەیەک لە دژبەرە توندەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لە کۆشکی سپی لادراون، لەوانەش ستیڤ بەنۆن، داڕێژەری ستراتیژی کۆشکی سپی.

ترەمپ هەتا ئێستا سێ جار متمانەی بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران داوە، بەڵام ژمارەیەک سەرچاوە رایانگەیاندووە سەرۆکی ئەمریکا لەو راپۆرتانە رازی نەبووە کە وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە ئامادەی کردبوون، چونکە هیچ بژارەیەکی دیکەیان بۆ ترەمپ نەهێشتبووەوە، جگە لەوەی راپۆرتەکە پەسند و واژۆ بکات. ترەمپ داوای کردبوو ئەلتەرناتیڤی دیکەی بخرێتە بەردەست، یەکێک لەوانەش قەبووڵنەکردنی راپۆرتەکەیە.

هەفتەی رابردوو تیلەرسن رایگەیاند ئیدارەی کۆشکی سپی تاوەکوو ئێستا هیچ بڕیارێکیان نەداوە، جەختی لەوەش کردەوە کە "سەرۆک ترەمپ روونیکردووەتەوە دەبێ بیر لە کۆی هەڕەشەکانی ئێران بکرێنەوە، نەک ئەوەی تەنیا فۆکەس بخرێتە توانا ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتە. لە روانگەی ئێمەوە ئێران هەتا ئێستا نەیتوانیوە ئەو چاوەڕوانییانە جێبەجێ بکات (کە ئەمریکا هەیەتی)". هەر هەفتەی پێشوو، سەرۆکی ئەمریکاش جارێکی دیکە رەخنەی توندی لە ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا گرت و گوتی "ئەمە ڕێککەوتنێکە کە ئەسڵەن نەدەبووایە بکرێت. ئێران روحی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی پێشێلکردووە".

نیک هاڵی، باڵیۆزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێک لە دژبەرە توندەکانی ڕێککەوتنەکەیە و پێیوایە "ڕێککەوتنەکە بەجۆرێک داڕێژراوە کە هەڵوەشاندنەوەکەی سەرنجڕاکێشترە لە پاراستنەکەی. ئەو ڕێککەوتنە هەموو ئەو شتانەی بە ئێران داوە کە داوایان کردووە و لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێک بەڵێنی کاتی بە ئێمە داوە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە مشتومڕەکانی نێو کۆشکی سپی بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە "ستافی ئیدارەی ئەمریکی هەتا ئێستا نەیانتوانیوە کۆمەڵێک بژارە بخەنە بەردەستی سەرۆک بۆ ئەوەی گوشارەکان لەسەر ئێران زۆر بکرێن". بەرپرسانی کۆشکی سپی و پێنتاگۆن نیگەرانی ئەوەن هەر چەشنە گوشارێکی قورس لە ئێران و ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەشێت گیانی هەزاران سەربازی ئەمریکی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بخاتە مەترسییەوە.

## تیلەرسن لەگەڵ زەریف کۆدەبێتەوە

ژمارەیەک سەرچاوە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە (فۆرین پۆڵسی)یان راگەیاندووە ئەم هەفتەیە محەممەد جواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران لەگەڵ هاوتا ئەمریکییەکەی کۆدەبێتەوە، ئەوەش یەکەمجارە بەرپرسێکی باڵای ئیدارەی ئێستای ئەمریکی لەگەڵ بەرپرسێکی باڵای ئێران کۆببێتەوە. کۆبوونەوەکە لە کاتێکدایە کە مانگی داهاتوو کۆشکی سپی راپۆرتی خۆی لەسەر ڕێککەوتنەکەی 2015 بۆ کۆنگرێس دەنێرێت.

کۆبوونەوەکە لە رۆژی چوارشەممە و لە پەراوێزی دانیشتنی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک بەڕێوەدەچێت و بڕیارە تێیدا ژمارەیەک دیپلۆماتی باڵای چین، رووسیا، فەرەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیاش تێیدا بەشدار دەبن. کۆبوونەوەکە بە دەستپێشخەری فێدریکا مۆگیرینی، بەرپرسی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا، رێکدەخرێت. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئامادەنەبووە ئەو کۆبوونەوەیە پشتڕاست بکاتەوە، بەڵام ژمارەیەک سەرچاوەی دیپلۆماتیکی ئەورووپی جەختیان لەسەر کۆبوونەوەکە کردووەتەوە.

چاوەڕێ ناکرێت زەریف و تیلەرسن هیچ کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵییان هەبێت، بەڵام دیپلۆماتە ئەورووپییەکان پێیانوایە ئامادەبوونی ئیدارەی ئەمریکی بۆ دانیشتن لەگەڵ بەرپرسانی تاران ئاماژەیەکە بەوەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکاش خوازیاری دانوستاندنە لەسەر ڕێککەوتنەکە و مەرج نییە یەکسەر هەڵیوەشێنێتەوە.

جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا، لە ساڵانی 2014 هەتا 2015 ژمارەیەکی زۆر دانیشتنی دوو قۆڵی لەگەڵ زەریف هەبوو. وەزیری دەرەوەی ئێستای ئەمریکاش لە مانگی ئایاردا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئامادەیە لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی دانیشێ، بەڵام چاوەڕێی کاتی گونجاو بۆ ئەو دانیشتنە دەکات.

هەرچەندە بڕیارە کۆبوونەوەکەی چوارشەممە لەسەر ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران بێت، بەڵام چاوەڕێ دەکرێت هەوڵەکانی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سیستەمی مووشەکیی ئەو وڵاتە تەوەرێکی سەرەکی کۆبوونەوەکە بن، ئیدارەی ترەمپ پێیوایە ئەو دوو خاڵە روحی ڕێککەوتنەکە پێکدەهێنن، بەڵام ئێران نەیتوانیوە بیپارێزێ.




عارف قوربانی

arifqurbany@yahoo.com


# سیناریۆکەی سلێمانی لە کەرکووک دەبینینەوە؟

کاتێک هەرێمی کوردستان بڕیاری دا گشتپرسی لە چوار پارێزگاکەی هەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بکرێت بۆ سەربەخۆیی، لە ئاستی ناوخۆ و تەنانەت لە ناوەندە عەرەبی و جیهانییەکانیشدا سەرەتا وەک جۆرێک لە موزایەدەی سیاسی تەماشا دەکرا، بەشێک لە هێزە سیاسییەکان و کارەکتەری سیاسی و میدیایی ئەمەیان بەو جۆرە وێنا کرد کە تەنها بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکانی ناوخۆ و داپۆشینی نارێکییەکانی حوکمڕانیی کوردییە. بۆیە نە بەغدا و نە لەئاستی دەرەوەش زۆر بە بایەخەوە پرسەکەیان وەرنەگرت.

بەڵام کە بینییان ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە گیراونەتەبەر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاریان لەسەر دەکرێت و میکانیزمەکانی ئەنجامدانی گشتپرسییەکە قۆناغ بەقۆناغ دەچەسپێنرێن، بەتایبەتیش دوای ئەوەی بینییان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە ئاستی ئەنجوومەنی قەزا و پارێزگاکاندا وەک نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵکی ئەو ناوچانە دەچنە پاڵ پرۆسەکە، ئەوکات دڵنیابوون لەوەی مەسەلەکە موزایەدەی سیاسی نییە و کوردستان بەرەو سەربەخۆیی دەڕوات. بۆیە لەیەک کاتدا لە ئاستی ناوخۆ و دونیای دەرەوەش گوشارێکی زۆر خرایە سەر هەرێم کە پرۆسەکە رابگرێت، ڕۆژانە چەندین وەفد و نێردەی جیاجیای عێراقی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دێنە کوردستان و داوای دواخستنی دەکەن.

هەموو ئەوانەی نارازین بە ئەنجامدانی ریفراندۆم و دەیانەوێ کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا نەگاتە لێکترازان و داوا دەکەن بە گفتوگۆ چارەسەر بۆ ناکۆکییەکان بدۆزنەوە، تەئکید لەوەش دەکەنەوە کە کوردستان مافی خۆیەتی سەربەخۆ بێت. ئەی کەواتا نهێنیی ئەوە چییە کە نایانەوێ کوردستان پراکتیزەی ئەم مافەی بکات؟ ئەسڵی مەسەلەکە کەرکووکە، بەبێ کەرکووک هیچکام لەوانەی ئێستا نارازین، نارەزایەتیان نامێنێ وەک چۆن کاتی خۆی سەدام حوسێنیش رازی بوو دان بە دەوڵەتی کوردستاندا بنێت بە سنووری ئەوکاتی هەرێمی کوردستانەوە.

ئێستا گوشارەکان لەسەر کوردستان زۆرن، پێداگری و سازشنەکردنی هەرێمیش ئەوەی لێکەوتووەتەوە کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا جۆرێک لە دڵنیایی دەستەبەر بکرێت بۆ کورد تا بەجۆرێکی تر پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا ڕێکبخرێتەوە و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی زامنی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کورد و عێراق بکات. بێگومان ئەگەر ئەمە دەستەبەر بێت، دەستکەوتێکی گرنگە، یەک جار ئەنجوومەنی ئاسایش دۆزی کوردی بردووەتە کۆبوونەوەکانی، ئەویش لە دوای کۆڕەوی ساڵی 1991 بوو کە بڕیاری ژمارە 688ی لێکەوتەوە. بۆیە ئەگەر ئەو زانیاریانەی میدیا ڕاست بن کە لەوبارەیەوە دەگوترێن، کوردستان دەچێتە قۆناغێکی ترەوە کە جۆرێک دڵنیایی و سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی و ئابووری دەستەبەر دەکات.

لێرەدا ئەوەی بۆ ئێستا دەبێتە مەترسی و لە داهاتووشدا لێکەوتەی جۆراوجۆری دەبێت، هەر مەسەلەی کەرکووکە. بەتایبەتیش دوای لێسەندنەوەی متمانە لە پارێزگاری شارەکە و دوور نییە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاش بە هەمان ڕێکاری یاسایی لە پەرلەمانەوە لە کارەکەی لابدرێت. ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو هەموویان مەترسیدارن، هێرشی گرووپێکی حەشدی شەعبی بۆ مەندەلی و یەکگرتنی عەرەبی سوننە و شیعە لە بەغدا بۆ ڕەتکردنەوەی ریفراندۆم لە کوردستان و لێسەندنەوەی متمانە لە پارێزگاری کەرکووک، ئەندازیاری هەموو ئەمانەش ئێرانە کە پێشتر ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆی بە لایەنی کوردی ڕاگەیاندووە.

بەشێک لە یەکێتی ماوەیەکی زۆرە لە پارێزگارەکەیان لە کەرکووک نارازین بەهۆی هەڵوێستەکانی بەرامبەر پارتی و ئەو ڕێککەوتنە نەوتیانەی لەگەڵ هەولێر و تورکیا کردوونی و سیناریۆی جۆراوجۆریان هەبوو بۆ لەسەرکارلابردنی، بەڵام کۆسپی گەورە ئەوە بوو کە لابردن و دانانی پارێزگار پێویستی بەوەیە بە فیلتەری ئەنجوومەنی پارێزگادا بڕوات، ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش یەکێتی تیایدا کەمینەیە و زۆرینەی ئەندامەکانی پارتین. پارتی ڕازی نەدەبوو بەلادانی نەجمەدین کەریم و لەهەر حاڵەتێکی دەست پێ لەکارکێشانەوەشیدا هەر دەبوو بەدیلەکەی کەسێک بێت دڵخوازی پارتی. بۆیە پێدەچێت خەڵکانێک لەناو یەکێتی پێشوەختە ئاگاداری ئەو سیناریۆیەی بەغدا بووبن لەبارەی لەکارلابردنی نەجمەدین کەریم.

ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە، ئەوەیە کە دوای لابردنی پارێزگار چی دەکرێت بۆ بەڕێوەبردنی کەرکووک لە کاتێکدا جێگرەکەی عەرەبە و کورد نایەوێ کەرکووک لەلایەن عەرەبێکی ناوچەی حەویجەوە بەڕێوە ببرێت؟ یەکێتیش بیەوێ هەر کەس بکات بە پارێزگار پێویستە ئەنجوومەنی پارێزگا متمانەی بداتێ و ئەوەش بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی دەستەبەر نابێت. پێناچێت یەکێتیش ئەوەی بوێت و ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەیە کە پارێزگاری داهاتووی کەرکووک کەسێک بێت ڕووی لە هەولێر نەبێت. بۆیە دوور نییە سیناریۆی تر بگیرێتە بەر کە یەکێکیان دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سلێمانییە لەدوای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان. ئەوکاتیش یەکێتی دەیویست کەسێکی دیکە لە شوێنی دانا ئەحمەد مەجید بکاتە پارێزگار و زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاش گۆڕان بوون، بۆیە لە دەرەوەی بڕیاری ئەنجوومەن بە وەکالەت پارێزگارێکی بۆ سلێمانی دانا تا وادەی هەڵبژاردن. دوور نییە بۆ کەرکووکیش هەمان سیناریۆ دووبارە بکرێتەوە و یەکێتی لە بەغداوە فەرمان بۆ دەستبەکاربوونی پارێزگارێکی بەوەکالەت دەربکات.

مەترسی هەرە گەورە ئەوەیە کەرکووک بەرەو ئاقارێک ببرێت پێچەوانەی قۆناغی یەکەمی دوای ڕووخانی سەدام کە کەرکووک خاڵی پێکەوە بەستنەوەی جوگرافیای کوردستان و یەکگرتنەوەی ئیدارە و لێکنزیکخستنەوەی پارتی و یەکێتی بوو، ترسەکە لەوەیە لێرە بەدواوە کەرکووک ببێتە هۆکار بۆ لێکترازان و قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکان. ئێستا لەکاتێکدا کوردستان لە گفتوگۆدایە لەگەڵ وڵاتانی زلهێز و ئەگەری ئەوە هەیە لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتنی نوێ بکرێ بۆ چارەسەری کێشەکان، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو پێشهات و مەترسیانە نەبینەوە کە دوور نییە بەهۆی کەرکووکەوە بێتە ڕێمان، پێویستە عاقڵمەندانی کورد بیر لەوە بکەنەوە مەرجی هەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا ببەستنە بڕیاری پێشوەختەی چارەسەری کێشەکانی کەرکووکەوە. یاخود لە بڕیاری ریفراندۆم لە کەرکووک پاشەکشە نەکرێت و دواتر وەک ئەمری واقیع مامەڵە لەگەڵ ئەنجامەکە بکرێت.




ڕێبوار کەریمی

rebwar.karimi@hotmail.com


# سەربەخۆیی بە کەڵکی چی دێت؟

کاتێک دوای شکستی سوپای سەدام حسێن لە ساڵی 2003 دا، شاری کەرکووک کەوتەوە دەست کورد، ڕۆژنامەی "ئیلتا سانۆمات"ی فینلاندی وتووێژێکی لەگەڵ من کرد. لەو ڕۆژانەدا دیسان مقۆمقۆی سەربەخۆیی کوردستان کەوتبووە سەر زاران. یەکێک لە پرسیارەکانی ڕۆژنامەوانە فینلاندییەکە باسی پرسی سەربەخۆیی کوردستان بوو. من بە ئاوەزی ئەوسامەوە، گوتم "بۆ من سەربەخۆیی مرۆڤی کورد لە سەربەخۆیی کوردستان گرینگترە". گوتم؛ "مرۆڤی سەربەخۆ دەتوانێ نیشتمانی سەربەخۆش بنیات بنێ، بەڵام پێچەوانەکەی ئەستەمیش نەبێ، بێسوودە". ئێستا کە بەو بۆچوونەمدا دەچمەوە، هەست دەکەم ڕوانینی ئەوسام پڕاوپڕی دۆخی تایبەتی کۆمەڵگەی ئێمە نەبووە. من ئێستاش پێموایە کە پێشمەرج و ئامانجی سەرەکیی ڕزگاریخوازە ڕاستەقینەکانی کوردستان دەبێ هەر خەملاندنی چەکەرەی ئادەمیزادی سەربەست بێت لە نیشتمانی ئێمەدا. هەڵبەت، ئەوەی من ئەوسا سەرنجم پێ نەدابوو، ئەوەی ئەزموونی هەموو چارەکە سەدەی ڕابردووی حوکمڕانیی کوردی پێی سەلماندووین، ئەو ڕاستییەیە کە مرۆڤی سەربەخۆی کورد و نیشتمانی سەربەخۆ، تەنیا لە پێوەندییەکی دیالێکتیکیدا دەتوانن فراژۆ ببن و بێنە دی. بێگومان مەرج نییە کیانی سەربەخۆ ڕاستەوخۆ مرۆڤی سەربەخۆی پێ لەدایک ببێ، بەڵام بەبێ کیانی سەربەخۆش ئەستەمە مرۆڤی سەربەخۆی کوردی پێ بنێتە دنیاوە.

با سەرەتا ئەوە بڵێم ڕوانگەی من لێرەدا پێوەندیی بەوەوە نییە کە ئاخۆ گەلی ئێمە خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینێ یان نا؛ گرێی ژێردەستەیی هەیە یان نا، یان ئەوەی کە مافی ڕەوای خۆیەتی وەک گەلانی تر سەربەخۆ ببێت. تەنانەت مەبەستی من ئەوەش نییە کە سەربەخۆیی و بەدووی ویشدا دابینبوونی سەروەریی سیاسی، ترسی دووپاتبوونەوەی جینۆسایدەکانی ڕابردوو لەسەر گەلی ئێمە دەڕەوێنێتەوە. مەسەلەی سەربەخۆیی لە ڕوانگەی منەوە پێویستییەکی تەواو پراگماتیکیانەیە بۆ ئەوەی مرۆڤی سەربەخۆی کورد پێ بنێتە دنیاوە. با مەبەستی خۆم لێرەدا بە کورتی و پوختی دەرببڕم.

ئەگەر واز لە تەعبیر و ڕاڤە ئەبستراکتەکان بهێنین، "مرۆڤی سەربەخۆ" لەچوارچێوەی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرندا، دواجار هیچ نییە "شارەوار- citizen" یان هاووڵاتێکی وشیار و ڕێزدار نەبێ کە لە چوارچێوەی سیستمێکی سیاسیی ئازاد، دێمۆکراتیک و دادپەروەردا، بەشێوەی دەستوورمەند پڕۆڤەی ماف و ئەرکی شارەوارێتی citizenship —ی خۆی دەکا و، بەشداریی یەکسانانە لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگەکەیدا دەکات. لەم ڕوانگەیەوە، ئەزموونی پاش ڕاپەڕینی کوردستان سەلماندوویەتی کە لەدایکبوونی کەسایەتییەکی ئەوتۆ لەناو ژینگەی سیاسیی تا ئێستای ئێمەدا یەکجار ئەستەمە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی ساختاریی سیستمی سیاسی کوردستان کە ڕێگە بە لەدایکبوونی مرۆڤێکی سەربەخۆی ئەوتۆ نادا.

وەک دەزانین، سیستمی سیاسی لە کوردستانی دوای ڕاپەڕینەوە لە پاوانی چەند حیزبێکی دیاریکراودا بووە. سروشتی ئەم حیزبانە و فەلسەفەی سیاسیی دامەزران و مانەوەیان — تەنانەت ئەگەر هەر ئەوانیش کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن! — هێشتاش هەرلەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤی سەربەخۆی کوردیدا ناکۆکە. ئەمە گرفتە جەوهەرییەکەیە. ئەم حیزبانە لە باری مێژووییەوە میراتگری کولتووری سەردەمانێکی پێشمۆدێرنی کۆمەڵگەی کوردین. بەدەربڕینێکی تر، پێکهاتە و نەزمی خێڵایەتیی کۆمەڵگەی دێرینی کوردی لەناو ئەم حیزبانەدا خۆی ژیاندووەتەوە و لە ژێرخانێکی کۆمەڵایەتییەوە هەڵکشاوە بۆ سەرخانی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگەش. بەرهەمهێنانەوەی باوکسالاریی سیاسی، بڕۆکراسیی دیوەخانی و ئابووریی خزم-تەوەرانە لە تەک پابەندیخوازییەکی تاک-خەسێنەرانە لە ئاست ئەندامانی کۆمەڵگە، بەشێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم خێڵە هاوچەرخانەی کوردستان پێکدەهێنێ کە لە فۆرمی حیزبدا دەستیان بەسەر کایەی سیاسیی وڵاتدا گرتووە.

تایبەتمەندییەکی تری ئەم چەشنە حیزبانە کە ڕیشەی لە مێژووی شاخ و شۆڕشگێڕیی ئەواندا هەیە، ڕۆحی پاوانخوازییانە. ئەمان هەریەکەیان پێیوایە لە ڕوانگەی مێژووییەوە، لە بواری خۆیدا حیزبی یەکەم و تاقانە و ڕچەشکێن بووە، بۆیە تا ئەو جێیەی بۆیان بلوێ، بە گیانێکی تۆتالیتاریستیانەوە مامەڵە لەگەڵ هەر دەنگێکی جیاواز لە هی خۆیان دەکەن. مامەڵەی هیچ یەک لەم هێزانە لەگەڵ مرۆڤی ناو کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمە، وەک مامەڵەی حیزبێکی مۆدێرن لەگەڵ هاووڵات و شارەوارێکی خودموختار نییە.

ئەو حیزبانەی ئێمە حیزبی سەردەمی ژێردەستەیین بە تەواوی مانای وشە. خەباتی ئەوان دژی ژێردەستەیی ئەو ڕاستییە تاڵەی پێ داناشاردرێ کە ئەوان لە جەوهەردا ژێردەستەپەروەرن. چەمکی هاودژنوێنی "ژێردەستەپەروەری" ئەو شاکۆدەیە کە دەشێ بمانگەیەنێتە سەرچاوەی قەیرانی سیاسەت لە ئەزموونی چارەکە سەدەی ڕابردووی حوکمڕانیی هەرێمدا. کێشەی ئەم حیزبانە و ئەو نەهامەتییانەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردییاندا هێناوە، شتێک نییە بە ئیرادەی ئەم سەرکردە و ئەو بەرپرس چارەسەر ببێت. کێشەکە لە جەوهەر و ساختاری ئەم حیزبانەدایە.

حیزب، پێکهاتەیەکی مێژووییە و بەرهەمی پێوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ساتەوەختی لەدایکبوونیەتی. حیزب وەک پێکهاتەیەکی مێژووکرد، ساتی لەدایکبوونی هەیە و ساتی ژاکان و پووکانەوەشی هەیە. گرفتی ئەم حیزبانەی ئێمە ئەوەیە بەتەما نین قەت ئێکسپایەر ببن. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی پاساو بۆ نابەوەختی و ناسازگارییان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریان بهێننەوە، هەوڵی گونجاندنی دەوروبەر لەگەڵ ئێستانداردەکانی خۆیان دەدەن. ئەمەش لەڕێی هەوڵی دیفۆڕمیزەکردنی کایەکانی کۆمەڵگە و گێڕانەوەی بۆ دواوە، بۆ سەروەختی بوونی نابەوەختی خۆیان (وەک نموونە؛ هەڵمەتی فراوانی ژیاندنەوەی عەشیرەتە نیوە مردووەکانی دوای ڕاپەڕین، پڕۆژەی فراوانی مزگەوتسازی لەسەر ناوی سەرۆکحیزبەکان، بەحیزبیکردنی هەموو دامودەزگاکانی حکومەت و، لە شەڕی ناوخۆوەردانی شارەکانی دوای ڕاپەڕین و تاد.) بەو چارەکە سەدەیەی ڕابردوو، ئەم حیزبانە ئەگەر هیچ فێرنەبووبن، ئەوە فێر بوون چۆن ژینگەی دەوروبەر وا لێ بکەن کە بوونایەتیی ئەمان تیایدا وەک پێویستییەک بێتە بەرچاو.

ئێستا ئیتر کەم کەس هەیە لە نەخشی زیانباری ئەو حیزبانە و، دژەکارکردی dysfunction ئەو جۆرە حیزبایەتییەی میراتی ئەو حیزبانەیە ئاگادار نەبێت. کوردستان تەنیا کاتێک دەتوانێ بچێتە فازێکی نوێی ژیانی سیاسییەوە کە زەمینەی خۆبەرهەمهێنانەوەی گوتاری (دیسکورسیڤی) ئەم پارتە هەنووکەییانە بچێتە ژێر پرسیار. لەو چرکەساتەوەیە کە بەستێنی خەملاندنی جۆرێکی تر لە کارەکتەری سیاسی دەخەملێ. سەربەخۆیی لە درێژخایەندا کارتێکی گەورە لە دەستی ئەو حیزبانە دەردەهێنێ! "زۆنگاوی ژێردەستەیی" ژینگەی خۆبەرهەمهێنانەوەی ئەو گوتارە خێڵەکی و پێشمۆدێڕنەیە کە بەستێنی خۆسەپێنی و پاوانخوازیی حیزبە کلاسیکەکانی ئێمەی پێکهێناوە.

مرۆڤی کورد لە نێوان بەرداشی ئەو حیزبانە و ئەو تایبەتمەندییانەیان کە شقلی خۆی لە سیستمی سیاسی وڵات داوە، هیچ شانسێکی بۆ پڕۆڤەی ئازادیی تاکەکەسی، وەک شارەوار و هاووڵاتێکی پڕاوپڕی کۆمەڵگەیەکی مۆدێڕن نییە. ئەو حیزبانە بەرهەمی ژێردەستەیین. ژێردەستەیی بە هەموو تەبەعاتە ئەخلاقی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیەوە. تا زۆنگاوی ژێردەستی وشک نەکرێ، مرۆڤی کورد لە بازنەی داخراوی ژێردەستەیی دەرەکی و ژێردەستەیی ناوخۆیی ڕزگاری نابێت. دەمەوێ بڵێم؛ تەنیا سەربەخۆیی دەتوانێ زەمینەی پووکانەوەی سیستماتیکی حیزبایەتیی کلاسیک لە کوردستاندا بەدی بهێنێ. کەواتە، کیانێکی سەربەخۆ مەرجی پێویستە بۆ سەربەخۆبوونی ڕاستەقینەی مرۆڤی کورد، گریمان تاکە مەرجیش نەبێت.




ڕابەر تەڵعەت


# من باوەڕم بە سەربەخۆیی هەیە، نەک بە دەوڵەت

کورد کە خۆی دەوڵەتی نەبووە، گەورەترین قوربانیی دەستی دەوڵەتیش بووە. ئاشنایەتی مێژووی ئێمە، تێگەیشتن و خەیاڵدانمان سەبارەت بە دەوڵەت، شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەیەکی ئازادیخوازانەیە لە دژی دەوڵەت. کوردبوون لە ژێر چەتری سەروەریی تورک و عەرەب و فارسدا، ئەنجامەکەی بە تەنها بەرگریکردن و قوربانیدان نییە، شکستی پێکەوە ژیان و ئاشتی نییە، بەڵکو نیشاندەری هەزاران بەڵگە و ڕێگاچارەیە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی.

هیچ هێز و لایەنێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیش ناتوانن گەرەنتی دامەزراندنی دەوڵەت و سەربەخۆیی و خۆشگوزەرانی بە کورد بدەن، ئەگەر کورد خۆی شایەنی ئەوە نەبێت کە بۆ جارێکیش بێت شکست لە ڕێگای سەربەخۆییدا تاقی بکاتەوە. ئەوەی خەونی سەربەخۆیی لەناودەبات، دژایەتی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی نییە، بەڵکو ترس و فۆبیای ئێمەیە لە شکست و دۆڕاندن، تێکەڵکردنی دوو چەمکی جیاواز و دوو خوێندنەوەی هەڵەیە بۆ مێژوو، چونکە سەربەخۆیی جەوهەری کوردایەتییە و ناسنامەی مرۆڤی ئازاد و خاوەن سەروەرییە، بەڵام دەوڵەت پرۆسەیە، ئامراز یان دەرئەنجام یان باشتر وایە بڵێین یەکێکە لە باشترین فۆرمەکانی پاراستن و بەرجەستەکردنی ئەو سەربەخۆییە. بۆیە تێکەڵکردنی سەربەخۆیی بە پرسی دەوڵەت وەک ئەوەی لە خەیاڵدانی کورددا ئامادەیە، دەتوانێت وامان لێ بکات لە داهاتووی ئەو دەوڵەتە نیگەران بین، یان هەوڵ بدەین ڕێکاری باشتری بۆ بگرینە بەر، بەڵام نابێت ڕێگر بێت لەبەردەم سەربەخۆیی وەک حەتمیەتێکی مێژوویی.

ئێستا کە هەرێمی کوردستان خۆی بۆ ریفراندۆم ئامادە دەکات، لایەنگران و کەمپینی بەڵێ پێویستە پێداگیری لەسەر ئەو خاڵە بکەن کە هەمووان بەرەو سەربەخۆیی دەبات نەک دروستکردنی دەوڵەت، خەڵک دەبێت لەوە تێبگەن کە سەربەخۆیی ئامانجی سەرەکییە، دەوڵەتیش ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە کە هەمووان دوای جاڕدانی سەربەخۆیی لەسەر شێوە و ناوەڕۆکی ڕێکدەکەوین.

ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، مانای ئەوە نییە هەمووان باوەشت بۆ دەکەنەوە و بە چەپڵەڕێزان پێشوازیت لێ دەکەن، دامەزراندنی دەوڵەتیش مانای ئەوە نییە کە هەموو پێگەکانی ئەو دەوڵەتە ئامادەیە و دەتوانین شانازی بە مەزنایەتی خۆمانەوە بکەین، چونکە هیچ پرۆسەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەبێ کەموکوڕیی نییە و نابێت چاوەڕوانی کەماڵ بین. شانازیش دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دانپێدانان و مەزنی هیچ مانایەکی نییە، چونکە دەبێت بە شانازیکردن ئەوە بەدەست بهێنین، نەک دوای بەدەستهێنانی شانازیی پێوە بکەین.

بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکانیش، چوار هەنگاو گرنگن بۆ ئەوەی ببی بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئامادەیی بۆ سەربەخۆیی بە پلەی یەکەم دێت، بۆ ئەمەش پێویستە خاوەنی خاک و جوگرافیایەکی دیار و خەڵک و حکومەت بێت. هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە ئامادەیە، بەڵام بێ کەموکوڕیی نییە. هەنگاوی دووەم کە ئێمە ئێستا لە دەروازەکەیدا وەستاوین، ڕاگەیاندنی سەربەخۆییە. ئەمەش پرۆسەیەکی ئاسان نییە و مەرج نییە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە بایەخەوە وەرتبگرێت و پێشوازیت لێ بکات، بەڵام بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەموو قەوارەیەکی سیاسی دیفاکتۆ تەنانەت ئەگەر دانپێدانراویش نەبێت، پێویستە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە پارێزگاریی لێ بکرێت و لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسیدا بەهانایەوە بچن. هەرێمی کوردستان دەمێک ساڵە وەک دیفاکتۆ ئەم پارێزبەندییەی لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە هەیە، ڕاگەیاندنی سەربەخۆییش ئەوەندەی دیکە لەڕووی یاساییەوە ئەو پارێزبەندییەی بۆ زیاد دەکات و ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش لە ئاست پاراستنی ئەم هەرێمە زیاتر و بایەخدارتر دەکات. هەنگاوی دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بریتییە لە دانپێدانان، ئەمەش پرۆسەیەکی ئاڵۆزە چونکە پەیوەندی بە سیاسەت و یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە، چەند نموونەیەکی وڵاتی دانپێدانەنراویش هەیە وەک فەلەستین، باکووری قوبرس و تایوان و تا ڕادەیەکیش کۆسۆڤۆ. دوا قۆناغیش بە ئەندامبوونە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بە پرۆسەیەکی درێژی یاسایی و سیاسیدا تێپەڕ دەبێت، بەڵام مافێکی دەستەبەرکراوە و هەموو دەوڵەتێکی ڕاگەیەنراو تەنانەت ئەگەر دانپێدانراویش نەبێت، دەتوانێت بەدەستی بهێنێت، نموونەی کۆسۆڤۆ و فەلەستین.

ئەنجام، هەڕەشەکان هەرچییەک بن و بە هەر قورساییەک بن، لەسەر کورد پێویستە لەبەرچاویان بگرێت، بەڵام نابێت بیترسێنێت. لەم قۆناغەدا گوتاری سەربەخۆیی دەبێت زاڵ بێت بەسەر گوتاری دروستکردنی دەوڵەتدا، چونکە هەزار ڕێگا و هۆکار هەیە بۆ ترس و دڵەڕاوکێ و دڕدۆنگی لە دەوڵەت، ئەوەندەش بۆ ئەوەی پێمان بڵێت ئێمە ئامادە نین، بەڵام هیچ پاساوێک نییە بۆ ڕەتکردنەوەی سەربەخۆیی، کورد دەبێت لەسەر سەربەخۆیی یەکدەنگ بێت و لە گفتوگۆی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی داهاتووی کوردستانیشدا فرەڕەنگ و فرەدەنگ.


ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# تورکیا لەگەڵ کوردستاندا چی پێ دەکرێت؟

1

لەسەر داوای ئێران، تورکیا کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی ئاسایشی خۆی کە هەموو دوو مانگ جارێک و لەمانگە تاکەکانی ساڵ بەڕێوە دەچێت و بڕیار بوو لە 27ی ئەم مانگە بکرێت، بۆ 22ی مانگ پێشخست و بڕیار وایە ئەردۆغانیش لە رۆژانی 23 و 24ی مانگ، واتا راستەوخۆ دوای کۆبوونەوەکە، بگاتە تاران.

بژارەکانی تورکیا و ئەو رێکارانەی کە بۆ گوناه لەخۆدەرکردن لە تۆمەتی پارچەپارچەبوونی وڵاتی بەناو عێراق لەبەردەمیدان، سنووردارن و بە زیانی تورکیا تەواو دەبن، لەسەرەتای راگەیاندنی ئەنجامدانی گشتپرسیدا لە کوردستان، تورکیا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، نیگەرانی و دژبوونی خۆی راگەیاند، بەڵام زمانە نەرمەکەشی لەگەڵ کوردستاندا هێشتەوە. دوای سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ بەغدا و هەولێر، سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند کە ئەنجامدانی گشتپرسی لە کوردستان، مانای راگەیاندنی شەڕ نییە، ئەوەش بە ئاماژەیەکی ئەرێنی سەیر دەکرێت لەلایەک و، لەلایەکی دیکەشەوە تورکیا بژارەی لەشکرکێشیی بۆ سەر کوردستان نە لەتوانادایە و نە رێگەپێدراویشە. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە تورکیا گەمارۆی ئابووری و هاتوچۆ بەسەر کوردستاندا بسەپێنێت. ئەم بژارەیە پتر لەوەی تەمبێکردنی کوردستان بێت، تاکە پێگەی تورکیا لەناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داهاتوودا لەنێو دەبات و، کوردستان لە هاوپەیمانێکی ستراتیژییەوە دەکاتە سەرچاوەی ئاژاوە و نائارامییەکی یەکجار قووڵ بۆ تورکیا. داخستنی تاکە دەروازەی سنووری کە دەروازەکە لەگەڵ وڵاتی بەناو عێراقیشە، بەڵام بەناو کوردستاندا تێپەڕ دەبێت، داخستنی سنوورە بەسەر بەغدادا نەک هەولێر و، خیلافی هەموو بانگەشە ئیسلامییەکانی خۆیانە کە ئابڵوقە بخەنە سەر گەلێکی موسوڵمانی هاومەزهەبی خۆیان (ئەوەیان تەنانەت لەگەڵ دەوڵەتی تیرۆریستی داعشیشدا نەکرد!). ئەوەی دەمێنێتەوە، کەمکردنەوە یان راگرتنی هەندێک لە گەشتە ئاسمانییەکان دەبێ لەگەڵ کوردستان و راگرتنی فرۆشتنی نەوت. لەوەشیاندا تورک کە رێککەوتنی 50 ساڵەیان لەگەڵ کوردستاندا ئیمزا کردووە، دەبێ زانیبێتیان کە ئەو رێڕەوە ستراتیژییە لە داهاتوویەکی نزیکدا (کە کوردستان هەر دەبێتە دەوڵەتی سەربەخۆ) چ خێروبێرێکی بۆ ئەوان تێدایە. بۆیە تورکیا بە کەمێک ئازارەوە ئەو واقیعە تازەیەش قەبوڵ دەکات.

## کڵاوەکەی ئێران دەچێتە سەری تورکیاوە؟

2

ئێران بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات تورکیا راکێشێتە نێو بەرەی دژایەتیکردنی گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان. بە هەموو پێوەرێک ئەو جوگرافیایەی لە 26 ساڵی رابردوودا کەمترین زیانی بۆ ئاسایشی تورکیا هەبووە و زیاتر سوودی هەبووە، کوردستانی باشوور بووە. ئێران دەیەوێ بە بەڵێنی ئەوەی کە لەگەڵ تورکیادا ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی سەربازی لە دژی پەکەکە ئەنجام دەدەن، دەمی تورکیا چەور بکات و بە حیسابی خۆی ئیمتیازی بداتێ. ئەوەش لەکاتێکدایە کە بنکە و بارەگاکانی پەکەکە و پاسدارانی ئێران لەسەر سنووری کوردستانی باشوور و رۆژهەڵات تێکەڵی یەکترن! ئامانجی ئێران قەت ئەوە نەبووە پەکەکە لەناوبچێت، بگرە ئەگەر ئۆپەراسیۆنیشیان لە دژ بکات، مەبەستیەتی پەکەکە چاوترسێن بکات و بیخاتەوە ژێر رکێفی سەلەتی خۆی (چونکە ئێستا لە رۆژئاوا پتر لەگەڵ ئەمریکادان تا ئێران).

ئێران تا دوێنێ تورکیای بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاوانخوازی دەزانی و بەردەوام بە پشتگیریکردنی داعش (کە دەستکردی ئێران بوو) تۆمەتباری دەکرد، ئێستا لە بەرامبەر پێدانی داگیرکردنی عەفرین لە رۆژئاوا و لێدانی پەکەکە لە باشوور، دەیەوێ رێ لە لەناوچوونی هەژموونی شیعەی شۆڤینی لە ناوچەکەدا بگرێت و تورکیا هەم لەبەرەی ئەمریکا دەربێنێ و هەمیش شەڕێکی بە وەکالەتی دژ بە خواستەکانی گەلی کورد پێ بکات. ئێران بەرپرسیاری یەکەمە لە شکستی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و، بەشێکی کاریگەری پەکەکەی بۆ تێکدانی ئەو پرۆسەیە سەفەربەر کرد و ئامانجەکەشی پێکا. ئێستا هەمان ئەو بالۆرەیەی کە چەندین ساڵە میدیای ئێران لێی دەدات، لە رێگەی خەڵکانی کۆنە داعشی راسپێردراوی ئێرانەوە گوزراوەتەوە بۆ نێو رای گشتیی تورکیاش بۆ وروژاندنی هەستی خەڵکی موحافەزەکار و نەتەوەپەرستی تورکیا، هەموو دەقەیەک باس لە دروستبوونی ئیسرائیلی دووەم دەکەن لەسەر دەستی ئیسرائیل، بارزانی و پەکەکە.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە تورکیا دەیان ساڵە پەیوەندییەکی بەرفراوانی لە هەموو بوارەکاندا لەگەڵ ئیسرائیل هەیە. بۆیە هەق نییە تورکیا لەوەیاندا فریوی ئێران بخوات و ئەردۆغان دەبێ باش بزانێ ئەگەر دەنگی کورد و کاریگەریی بارزانی نەبووایە، ریفراندۆم و خەونەکانیشی دەدۆڕاند.

## سلێمانی نەخێرە یان بەڵێ؟

3

راستە بەرەی نەخێر لە سلێمانی هەر ئەوەندە خەڵکەی پێ خڕکرایەوە کە لە رۆژی 9ی ئەم مانگە لە یاریگای سلێمانی خڕی کردبوونەوە، بەڵام ئەگەر هەموو پێمانوابێ ئەوە شکستێک بووە بۆ بەرەی نەخێر، راستییەکیش هەیە کە تا ئێستا بەرەی بەڵێ نیو ئەوەندە خەڵکەشی پێ کۆنەکراوەتەوە! جۆش و خرۆشی گشتپرسی و سەربەخۆیی تەنها لەو ناوچانە و ئەو میدیایانەدا بەدی دەکرێ کە هی پارتین و لە دەرەوەی ئەوانەدا ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەکان هیچ بایەخێکی خەبەرییشیان نییە، تەنانەت میدیای حیزبەکانی ناو کۆمیتەی گشتپرسی کەوکوژی بۆ ئەو لێدوانانە دانیشتوون کە لە دژی پرۆسەکە دەدرێن و تەنیا ریکلامە بەپارەکانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بڵاودەکەنەوە! ئەگەر بەڕاستی سلێمانی بەڵێ بێت، دەبێ پێش ئەوەی دەنگ بدات، دەنگی بێت!



بەهرۆز شوجاعی

# دەوڵەتی عێراق گشتپرسیی کوردستانی ڕەوا کرد!

حکومەتی عێراق و لایەنەکانی پەیوەندیداری لە ماوەی ئەم چەند هەفتەیەدا دژایەتی خۆیان بە گوتار و کردار لەمەڕ گشتپرسیی باشووری کوردستان راگەیاندووە. لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا هەڵمەتی گشتپرسی رووبەڕووی دژایەتی هێزە ناوچەییەکانی وەکوو ئێران، تورکیا و سووریا بووەتەوە. ئەمریکاش نارەزایەتیی خۆی لەمەڕ گشتپرسیی کوردستان بە شێوازی جۆرواجۆر دەربڕیوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە، شێوازی دژایەتیی ئاکتۆرە هەرێمییەکان و نێودەوڵەتییەکانە. وڵاتانی رۆژئاوا بۆچوونێکی راستەوخۆیان لەسەر شەرعییەت و رەوابوونی گشتپرسی دەرنەبڕیوە، تەنها بەوەیان ئیکتیفا کردووە کە ئێستا کاتی گشتپرسی نییە. لەسەر یاساییبوون یان نەبوونی گشتپرسی ئەوە حکومەتی عێراق و هێزە ناوچەییەکانن کە بە ئاشکرا باسی نایاساییبوونی ریفراندۆم دەکەن. لەم وتارەدا هەوڵێک دەدەین بۆ تاوتوێکردنی رادەی شەرعیەتی گشتپرسی لە کوردستان کە ئامانجی سەرەکی لێی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە.

## گشتپرسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس

زۆر لە وڵاتانی جیهان بە رێگەی گشتپرسی و جیابوونەوە لە وڵاتێکی دیکە گەیشتوونەتە سەربەخۆیی. مەبەست لە سەربەخۆیی لە هەموو حاڵەتەکاندا دابینکردنی سەروەری لەناو چوارچێوەیەکی دیاریکراودایە. کەواتە لەو وڵاتانە کە کێشەی جیابوونەوە پەیدا بووە، گرێی سەروەری نەکراوەتەوە و هاووڵاتیانی بەشێک لەو وڵاتە لە پرۆسەی بڕیاردانی ئەو وڵاتەدا هەستیان بە بەشداری نەکردووە. بەپێی چەمکی مۆدێرنی دەوڵەت و بەڕێوەبەری، سەرچاوەی سەروەریی خەڵک، واتە هاووڵاتیان. ئەوەی کە گۆڕانکاری لە قەوارەی تەریتواری سەروەریدا دەکات هەر هاووڵاتییە. وەکو جۆن ستیوارت میل دەڵێت: "لە کوێ کۆی هەستێکی نەتەوایەتیی یەکدەست هەبێت، هەلێکی گونجاوە بۆ یەکخستنی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە لەبن سێبەری یەک حکومەتدا"، واتە خەڵک، یان هاووڵاتی تەریتوارێکی دەستنیشانکراو، دەبێت خاوەن مافی دیاریکردنی قەوارەی بڕیارەکانی سیاسەتی ئەو تەریتوارەی هەبێت. بە هەمان شێوە لە قەوارەی ئەو تەریتوارەدا ببێتە هاووڵاتیی راستەقینە. لێرەدایە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە قاڵبی ریفراندۆمدا دێتە ئاراوە. ئاواتی بەدیهێنانی ئەم مافە نە کردار یان خواستێکی ئایدیاڵیستە، بەڵکو تابعی لۆژیکێکی عەقڵانی و خۆ-بەرژەوەندییە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە ریفراندۆم کردارێکی عەقڵانییە.

شۆڕشی فەرەنسا پرەنسیپێکی خولقاندووە کە ئێمە وەکوو مافی دیاریکردنی چارەنووس پێناسەی دەکەین. بەپێی ئەم پرەنسیپە خەڵک دەوڵەت و دەوڵەتیش نەتەوەیە، واتە سەروەرەکە خەڵک بۆخۆیەتی. ئەگەر خەڵک سەروەر بێت، دەبێت مافی بڕیاردانی وەکوو مەرجەعی کۆتایی هەبێت و لە چوارچێوەی دەنگدانی زۆرینە لە هەموو بوارێکدا بڕیار بدات. ئەو خەڵکەی کە بە زەبر و لە دەرەوەی خواستی خۆی لەناو سنووری دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریدا راگیرابێت، لە واقیعدا بەشێک لەو دەوڵەتە نییە! واتە ئەگەر کورد مافی سەروەری هەبێت و بتوانێت لەسەر دەستنیشانکردنی ئیرادەی سیاسی خاوەن بڕیار بێت، ناتوانێ ببێتە بەشێک لە عێراق، چونکە بە زەبر و دژی خواستی خۆی بە عێراقەوە بەستراوە. بۆیە لە ئاکامدا مافی ئەوەی هەیە لەژێر هەژموونی دەوڵەتێک کە هی خۆی نییە، بێتە دەرەوە.

### زۆربەی تیۆریسیەنەکان لەسەر جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر دوو پرەنسیپی سەرەکی کۆکن:

1- ئازادیی هەڵبژاردنی ئەو دەوڵەتەی کە تاک یا گرووپ دەیەوێت تێیدا بژیت. چۆن تاک و گرووپ مافی دروستکردنی پێکهاتی سیاسی/ حیزبیان هەیە، بە هەمان شێوەش مافی خۆیانە بەپێی هەڵبژاردنی خۆیان فۆرمی دەوڵەتیش دەستنیشان بکەن.

2- مافی ژیان لە دەوڵەتێکی بە کارکرد و پارێزمەند. بۆ ئەوەی دەوڵەتێک ببێتە خاوەنی شەرعیەت، دەبێت کارکردی سەرەتایی هەبێت. ئەگەر ئەو دەوڵەتە (بۆنموونە عێراق) نە تەنیا کارکردی بۆ گرووپێکی تەرکیز کراو لەسەر تەریتوارێک (بۆ نموونە کورد) نەبێت و نەیانپارێزێ، ئەوا گرووپەکە مافی خۆیەتی دەوڵەتێک دامەزرێنێ بۆ دابینکردنی کارکرد و پاراستنی خۆی.

لە باری یاسای نێودەوڵەتیشەوە، بەتایبەت بەپێی راگەیەندراوی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەو مافە بە کورد دراوە کە ئەو مافانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن بەدەست بهێنێ. راگەیەندراوی ساڵی 1970 ی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر پەیوەندییە دۆستانەکان مافی دیاریکردنی چارەنووس وا تەفسیر دەکات کە ئەگەر بەشداری لە بڕیاردان یان نوێنەرایەتی لە حکومەتدا بۆ گرووپێکی دەستنیشانکراو لەناو دەوڵەتدا ئینکار بکرێت، ئەوکاتە یەکپارچەیی ئەو دەوڵەتە لەلایەن چارتەرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ناپارێزرێت و لێجیابوونەوەی موجازە. بەپێی ئەم چارتەرە، حکومەتی عێراق بە دەرکردنی وەزیرە کوردەکان لە پرۆسەی بڕیار، بە لادانی پارێزگاری کەرکووک و نەهێشتنی شەراکەتی کورد لە حکومەتی مەرکەزیدا، هەر جۆرە شەرعیەتێکی بۆ جودابوونەوەی کورد لە عێراق دابین کردووە.

ئەگەر دەوڵەت بۆ هاوڕەنگکردنی کەمینە (کورد) لەگەڵ زۆرینە (عەرەب) زەبر و زەنگ بەکاربێنێ (تەعریب) و نەتوانێ بەرژەوەندییە شەرعییەکانی کەمینە دابین بکات، هەوڵی ئەو گرووپە بۆ جودابوونەوە شەرعی دەبێت. بەرژەوەندییە شەرعییەکان بریتین لە مافە مرۆڤییەکان و هەمیش مافی سیاسی و ئابووریی ئەو گرووپە و ئەندامانی. دەوڵەتی عێراق بە پێشێلکردنی زیاتر لە 50 ماددەی دەستووری، هەم مافە سیاسییەکانی لە کورد سەندووە و هەمیش بە بڕینی مووچە و قووتی خەڵکی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئینکار کردوون. بۆیە کورد لەم رووەشەوە شەرعیەتی هەیە کە لە دەوڵەتێکی فاشیل جودابێتەوە. لەڕووی دابینکردنی مافی مرۆڤەوە، ئەگەر دەوڵەتێک لەدژی گرووپێکی دیاریکراو هێز بەکاربێنێ — داگیرکردن و جینۆساید (یانیش گەفی جینۆساید) — مافی شەرعیی خۆی بۆ کۆنترۆڵی ئەو تەریتوارە و خەڵکەکەی لەدەست دەدات. دەوڵەتی عێراق لە رۆژی دامەزراندنییەوە تا ئێستا وەکوو هێزێکی داگیرکار لە کوردستان رەفتاری کردووە و تەنانەت سیاسەتی جینۆسایدی پەیڕەو کردووە و ئێستاش گەفی داگیرکردن و جینۆساید لە کوردستان دەکات.

## کۆتایی

حکومەتی بەغدا جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات، لە کاتێکدا یەکپارچەیی خاک لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کارکردی هەیە و هیچ پەیوەندی بە کێشەی ناوسنووری ئەو وڵاتەوە نییە. لە پراکتیکی عێراقدا پێش سەدام و پاش سەدام دەرکەوتووە کە ئەم دەوڵەتە هیچ کاتێک نەبووە و نابێتە دەوڵەتی کوردانیش. بۆیە شەرعیەتی گشتپرسیی کوردستان دەبێت لە روانگەی ماف و ئازادییەکانی کوردەوە ببینرێت، نە لە بۆچوونەکانی دەوڵەتی مەرکەزیی عێراق. دەوڵەتی عێراق بە کردەوە و بە عەقڵیەت هەموو شەرعییەتێکی داوە بۆ جیابوونەوەی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی.



مەجید نیزامەدین گلی*

دیپلۆماسی

* بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی رووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

# بەدیلی گشتپرسی

گوێ لە برێت ماکگۆرکی ئەمریکا و یان کۆبشی نەتەوەیەکگرتووەکان مەگرن. ئەوان دیپلۆماتکاری کارامەن و ئەوەندەی بیاننامسم کەسی باشن و هەڵوێستەکانیان شەخسی نین و پێویست بەو هەڵچوونە ناکات لە دژیان، بەڵام ئەو بەدیلانەی کە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان داوە پێشنیازی خۆیانە و هیچ بەڵگەیەک نییە کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆشکی سپی و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وردەکاریەکانیان دارشتبێ. ئامانجی گشتیی ئەمریکا و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هێشتنەوەی دۆخی ئێستای جیهانە و پاراستنی "ئاشتی و سەقامگیریی نێودەوڵەتیە". ئەمەش تەنها دروشم نییە. هۆکاری زۆر هەیە کە زلهێزەکان لە دژی گۆڕانی رادیکالین لە جیهاندا، بەڵام بە کورتی: براوە دەیەوێت هەردەم بباتەوە و دۆخەکە نەگۆڕێت. کەسێکی دەوڵەمەنت بینیوە پشتگیری لە سووتاندنی بازاڕ بکات؟
بۆ ئەوان دابەشکردنی وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە شەڕ لە دژی داعش دەکات، پێچەوانەی ئەو ئامانجە دەردەکەوێت. لەبەرئەوە دیپلۆماتکارانیان لە عێراق هەرچی پەیمان هەیە، هەرچی پێشنیاز هەیە بە دەم دەیڵێن، تەنیا بۆ ئەوەی قەناعەت بە بارزانی بێنن گشتپرسییەکە دوابخات.
ئەوان کاری خۆیان دەکەن. دیپلۆماتکاری باش پایتەختەکەی ئامانجەکانی بۆ روونەکاتەوە و ئەویش هەموو رێگەیەک دەگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی.
من لێرە لەگەڵ دیپلۆماتکارانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی قسەم کردووە و دەتوانم بە متمانەی تەواوەوە بڵێم ئەنجوومەنی ئاسایش لە دوور و نزیک ئاگاداری وردەکاریی هیچ پێشنیازێک نییە بۆ دواخستنی گشتپرسی. لە راستیدا پێچەوانەکەیم پێ گوتراوە. دەرچوونی بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایش کە رێگەخۆشکەر بێت بۆ دابەشبوونی عێراق یان شەرعیەت بە گشتپرسی بدات، ئێستا مەحاڵە. بۆ ئەو کارە، دەبێت لای کەمی بەغدا و ئانکەرە و واشنتن پێکەوە رازی بن و هەموومان دەزانین بێ تارانیش جێبەجێ نابێت.
هەر دیپلۆماتکارێک یان بەرپرسێکی نێودەوڵەتی هاتە هەولێر پەیمانی ئەوەی دا کە لە بەرامبەر دواخستنی گشتپرسی ئەنجوومەنی ئاسایش ئامادەیە تەنانەت گفتوگۆش لەسەر شەرعیەتدان بە گشتپرسی بکات، ئەوە راست ناڵێت. لە یەک حاڵەتدا نەبێت ئەویش ئەگەر ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پرۆژە بڕیارێک دەربکات کە بۆ کورد دڵخۆشکەر بێت، بەڵام ئەم وردەکاریانەی تێدا نەبێت:

1- باسی هێزی ئاشتیپارێزی تێدا نەبێت:

با بڵێین کورد رازی دەبێت لەسەرئەوەی دوو ساڵ گشتپرسی دوابخات. لەبەرامبەردا دەبێت گەرەنتی دەستبکەوێت کە لەماوەی ئەو دوو ساڵە هێزە عێراقی و ئێرانییەکان هەوڵی دەرکردنی پێشمەرگە نەدەن لە کەرکووک و ناوچەکانی ماددەی 140 . تاکە گەرەنتیی نێودەوڵەتی بۆ ئەو کارە بڵاوکردنەوەی هێزی ئاشتیپارێزی نەتەوەیەکگرتووەکانە. کورد لەو حاڵەتەدا دەبێت مەرجێکی دیکەی هەبێت و بڵێت هەموو ئەو سەربازانەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان دەیاننێرێت، دەبێت لە وڵاتی زۆرینە موسوڵمان و عەرەبییەوە نەیەن. زۆرجار لە یوئێن دەبینم کە چۆن سۆزی سەربازانی ئاشتیپارێز وا دەکات لایەنێکی دیاریکراو لە شەڕدا زەرەر بکات. وردەکاری هەموو شتێکە.

2- قەڵەمهەڵگری مەلەفی عێراق لە ئەمریکاوە بگۆڕێت بۆ فەرەنسا

هەر وڵاتێک کە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی فایلی هەبێت و پرۆژە بڕیاری لەسەر هەبێت یان جێگای مشتومڕ بێت "قەڵەمگرێک " Penholderی هەیە. ئەمە تێرمێکی نیمچە فەرمییە. بۆ نموونە کەنەدا قەڵەمهەڵگری هاییتییە. واتا زۆربەی ئەو پرۆژە بڕیارانەی کە لەسەر هاییتی دەردەچن، دیپلۆماتکارانی کەنەدا زۆربەی رەشنووسی پرۆژە بڕیارەکە دەنووسنەوە و بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی دانوستاندنەکان دەکەن. گرنگ ئەوەیە کە وردەکاری هەر پرۆژە بڕیارێک لە دەست کەنەدایە، چونکە بە کورتی هاییتی ئەوەندە بۆ کەنەدا گرنگە کە دیپلۆماتکارانی کەنەدا خۆیان هیلاک دەکەن و دەچنە ناو وردەکارییەکانەوە. ئەمەش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەسەڵاتێکی زۆر دەداتە کەنەدا لەسەر مەلەفی هاییتی.

نموونەی دیکەش نەرویج و فەرەنسایە لەسەر ئەفریقای ناوەڕاست و ئەڵمانیایە لەسەر جۆرجیا و لەهەمووی گرنگتر ئەمریکا قەڵەمهەڵگری عێراقە.
کورد کێشەی لەگەڵ ئەمریکا نییە و بە بۆچوونی من گرنگترین پەیوەندی دەرەکدی کوردستان لەگەڵ ئەمریکایە، بەڵام کە دێتە سەر مەسەلەی ئەنجوومەنی ئاسایش، لە حاڵێکدا باس دێتە سەر پرۆژە بڕیارێک لەسەر گشتپرسی، لە بەرژەوەندیی کورد نییە کە ئەمریکا قەڵەمهەڵگری مەلەفی عێراق بێت، چونکە دیپلۆماتکارانی ئەمریکی لە کاتی نووسینەوە و دانوستاندن وردەکارییەکانی ئەو رەشنووسەدا، زۆر ئاگادار دەبن لەوەی تورکیا نیگەران نەکەن. بەڵام فەرەنسا وا نییە.

3- بە ئاشکرا لە پرۆژە بڕیارەکەدا باسی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان نەکرێت.
ئەمە لەو باوەڕەدام پێویست بە روونکردنەوە ناکات کە بۆچی گرنگە.

4- پێناسەی ناوچەکانی ماددەی 140ی تێدا نەبێت.

ئەگەر ئەو پێناسەیەی تێدا نەبێت، هەولێر و بەغدا بەکەیفی خۆیان پێناسەی دەکەن. باسی دەقی ماددەی 140م بۆ مەکە، بەغدا و هەولێریش بە کەیفی خۆیان دەستوور تەفسیر دەکەن. لەبەر ئەوە دیاریکردنی ئەو ناوچانە لە هەر پرۆژە بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشدا زۆر گرنگە.

5- نەخشەی جوگرافیی بوونی هێزەکانی پێشمەرگە بە پرۆژە بڕیارەکەوە هەڵنەپەسێرابێت.

6- رێگە نەدرێت نوێنەرانی کورد باجی دیپلۆماسییان هەبێت و بێنە ناو بارەگای یوئێن:

لای کەمی چوار بەرپرسی کورد دەبێت باجی بەردەوامی نەتەوەیەکگرتووەکانیان هەبێت لەژێر ناوی عێراق، بەڵام ئەو باجانە پێویستیان بە رەزامەندیی بەغدا نەبێت. ئەمە وردەکارییەکە کە لەوانەیە بۆ تۆی خوێنەر گرنگ نەبێت، بەڵام لە جیهانی دیپلۆماسیدا زۆر جار تەنها ئامادەبوونت لە هۆڵێکی کۆبوونەوەکاندا رێگە لە زۆر شت دەگرێت.

7- کۆبوونەوەی دەوری نەبێت

با بڵێین پرۆژە بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایش دەرچوو لەسەر گشتپرسی و پرۆژە بڕیارەکە بڵێت بۆ نموونە: "گشتپرسی ئەنجام نادرێت تاوەکو بەغدا و هەولێر لەسەر دیاریکردنی سنوور رێکنەکەون" . ئەگەر کۆبوونەوەی دەوریی دوو یان سێ مانگ جارێکی ئەنجوومەنی ئاسایش نەبێت، کێ بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی دەکات؟ لە راستیدا ژمارەیەکی زۆری پرۆژە بڕیارەکان کۆبوونەوەی دەوری بەدواداچوونی هەیە و کەس جێبەجێیان ناکات، بەڵام بوونی کۆبوونەوەی دەوری، هیچ هیوایەک ناهێڵێت بۆ جێبەجێکردنی هەر پرۆژە بڕیارێک دەربارەی گشتپرسی.

دەبێت ئەو خاڵانە و خاڵی زۆری دیکەش کە لەم گۆشەیەدا دەرفەت نییە هەمووی بنووسم، لە هەر پرۆژە بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشدا دەربارەی گشتپرسی هەبێت بۆ ئەوەی بە ئاشتیانە کورد بگەیەنێتە سەربەخۆیی. بەڵام وەکو لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، ئێستا دەرچوونی پرۆژە بڕیاری لەوشێوەیە مەحاڵە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more

## زیان

# کچان فێری زومبا دەکات



« 12

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96

rudaw@rudaw.net

لەهەموو شوێنێکین




RUDAW.NET

Reklam

